**خانمێک گوڵە هێرۆی**

**کەرکووک بوو...**

**ژنێک دڵی گەرمیان و**

**چاوی ڕەشەڕێحانەی**

**هەورامان بوو...**

خانمە کەرکوویەکەی من!

بابەت: پەخشان
نووسەر: ئاسۆ بیارەیی (ئارام هەورامی)
چاپخانەی کارۆ، سلێمانی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٢١
تیراژ ٥٠٠ دانە
چێکردنی بەرگ: کوردۆ قەشانی
لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە
لەبەڕیوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی()ی ساڵی ٢٠٢١ پێدراوە
ژمارەی سپاردنی کتێبخانەکانی سوێد ISBN: 978-91-984076-5-5

سوپاسی پێ پایانم بۆ:

- بۆ هاوڕێ ڕێکار ئەحمەد کە ئەرکی پێداچوونەوەی زمـانەوانی گـرتە ئەستۆ و لە نزیکەوە بەردەوام، بە وشەی ڕازاوە بەردەوام ئەم نـامەی جوانتر دەکرد و لەگەڵ ئازارەکانم بوو!
- مامۆستا پشکۆ نەجمەدین، کە پتر ئەرکی هەڵەبڕی و گرامای کێشا و فرەیەک سەرنجی جوان و نایابی خستە ڕوو!
- بۆ هەموو خوێنەرانی ئازیز کە بە جۆشەوە ئەم نامانەیان دەخوێندەوە!

## ئەڤین لە وێنەی ئەڵماسی ڕژانە[1]

ئەڤینی ڕاستین فێرگەی سۆز و دلۆڤانییە، ئەو شۆڕەسوارە باردەهێنێ کە باکی بەگڵان نەبێ و لە کەوتندا پشتی بەزەوی نەکەوێ، خوێنەریش کاتێک ئەم بەرهەمەی هاوڕێ ئاسۆ بیارەیی دەخوێنێتەوە، ئەو شۆڕەسوارە دەناسێتەوە کە لەو فێرگەیەدا بارهێنراوە و پەروەردە کراوە؛ بەهۆی ئەو دێڕانەوە، پەی بە پیرۆزی ئەڤینی پاک و بێگەرد دەبات و مەندەهۆش دەبێ؛ پەیڤ و ڕستەکان ئاخ و حەسرەتی لە شیلە هەڵکێشراون، خوێنەر بەدوای خۆیانەوە پەلکێش دەکەن، لەلایەکەوە ئەو برینە پرسۆیانەی پێدەناسێنن کە قەتماغەکانیان لادەچێ و دەکولێنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەناو مێرگ و گوڵزاری ئەڤیندا دەیگێڕین تا چرۆی ئەو نەمامانەی درەختی خۆشەویستی ببینن کە باوەشیان بۆ سپێدە گرتۆتەوە و بەدەم شنەبای ڕاستگۆییەوە دەشنێنەوە.

هاوڕێ ئاسۆ لەڕێی ئەم وشانەوە دەیەوێ ڕازە داکراوەکانی خۆی ئاشکرا بکات و بەڵێن بۆ گراوەکەی نوێ بکاتەوە، ئەڤیندارەکەی دەلاوێنێتەوە، هەست و سۆز، ڕاستگۆیی و وەفاداری بۆ دووپات دەکاتەوە. ئەم لاواندنەوەیە خۆی لە خۆیدا بوێری و ئازایەتی پیاوێکی ڕاستگۆ بەرجەستە دەکات، هەرچەندە کە پێشتر هۆزانڤان و نووسەرانی کورد، ڕازی دڵیان بەیانکردووە و لەنێو هۆنراوەکانیاندا، خۆشەویست و گراوی خۆیان لاواندۆتەوە ، بە گوڵ و پەری و فریشتە وێنایان کردوون، ئاخ و حەسرەتیان هەڵکیشاوە، ئارەزووی ژوان و بەیەکگەیشتنیان خواستووە، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە پیاوێکی کورد بۆ هاوسەرە لەدەستچووەکەی خۆی، بەردەوام شین دەگرێ و دەیلاوێنێتەوە. لەوانەیە بۆ پیاوێکی گەورەبووی نێو کۆمەڵی کوردەواری کارێکی ئاسان نەبێ و نەتوانێ بە ئاشکرا فرمێسک بۆ مەرگی هاوسەرەکەی بڕێژێ، پەسنی بکات و ماتەم

[1] – ئەڵماسی ڕژان ناوی ئەو ئەڵماسە نایاب و بێهاوتاییە کە ناوبانگی سەرتاسەری جیهانی داپۆشیوە.

بگێـڕێ؛ کەچـی هـاوڕێ ئاسـۆ لەنێـو کۆشـکی ئەڤینـدا جێـوارە، دەروازەیەکـی نــوێی بەڕووی ڕاســتیدا کــردۆتەوە و چرایەکــی گەشــی داگیرســاندووە، ئیـدی شـینگێڕی بـۆ مەرگـی ژن پانتـایی دادەپۆشـی و دیتـران ئەو ڕێچـکەیە هەڵدەگرنەوە.
خــوێنەر لەنێــو دێڕەکــانی ئەم بەرهەمەدا ڕەنــگە جیاوازەکــانی خۆشەویســتی دەبینــێ، ئەڤینــی دەمکــی و هەمیشــەیی دەناســێ و لەیەکتــری جیایــان دەکــاتەوە، تێــدەگات کە ئەگەر مــرۆڤ ئەڤینــدار نەبــێ، لە دوا وێســتگەدا دەدۆڕێ؛ ئــاخر خۆشەویســتی خــۆی لەخۆیــدا درەختــی تەمەنە، چەنــدە هەڵبکشــێ، گەورەتــر و پیرۆزتــر دەبــێ، بەڵام ئەو کــاتەی کە پێــدەگا و بەر دەگــرێ، تــام و چێــژە خــۆش و واتــادارەکەی خــۆی ڕادەســت دەکــات؛ ڕاســتییەکەی، ئەوانەی بــێ ئەڤــین دەژیــن، تەنیــا لە ســەرژمێریدا زینــدوون، دەنــا مــردووی ســەر دونیــان، پەی بە ڕاســتی و جوانییەکــانی ژیــان نــابەن،؛ ژیــانی بــێ خۆشەویســتی ڕووبــارێکی لێــڵ و قــوڕاوییە، نە ئــاوەکەی دەخــورێتەوە، نە بــۆ مەلەکــردن دەشــێ. مرۆڤــی ڕاســتەقینەش ئەو کەســەیە کە بەهـای خۆشەویسـتی دەزانـێ و هەگـبەی تەمەن لە یـادەوەری ڕەنگـاو ڕەنـگ دادەگرێ و تژی دەکات.

ئەڤــین لە وێــنەی ئەڵماســی ڕژانە[2]، لە شــەوەزەنگی تاریکیشــدا هەر دەدرەوشــێتەوە؛ بــۆیە ئەوانەی پشــتی تێــدەکەن، مەرگ بە دەرد و ڕەنجــی ژیــان وێنــا دەکەن، ناکــام دەبــن و دادەچــۆڕێن. بە کــورتیەکەی، مەرگ و ژیــن دوو ڕاســتی و دوو دیــوی یەک دراون، ژیــن دیــوە شــیرینەکە و مەرگــیش دیــوە تــاڵەکەیەتی، واتە مەرگ ئەو ڕاســتییە تــاڵەیە کە جەســتەی مـرۆڤ دەرفێنـێ و لەبەرچـاوان بـزری دەکـات؛ مەرگ بـۆ ڕفانـدنی جەسـتەکان ســواری پشــتی هەورێکــی ڕەش دەبــێ و خەم دەبــارێنێ، بەڵام هــاوڕێ ئاســۆ لەم بەرهەمەدا ئاشــکرای کــردووە کە مەرگ نــاتوانێ هەمــوو

[2]- ئەڵماسی ڕژان ناوی ئەو ئەڵماسە نایاب و بێهاوتاییە کە ناوبانگی سەرتاسەری جیهانی داپۆشیوە.

جوانیەکانی ژیان بشارێتەوە و یادەوەریەکان بسڕێتەوە. مرۆڤ دەتوانێ لەنێو پەیڤ و ڕستە خەمناکەکانیشدا دیمەنە جوانەکانی ڕابردوو نۆژەن بکاتەوە؛ ئەڤیندارێ ڕاستین دەکارێ کە بزە و خەندە ڕژاوەکان کۆبکاتەوەو ملوانکەیەکی ڕەنگینیان لێدروست بکات، دەشێ لە یادگاری و بیرەوەریە داکراوەکانیدا پەلکەزێرینەی بەهاری چێبکات و لە ئاسمانی ژیندا بینەخشێنێ و فێنکایی بۆ دڵ و دەروون بگێڕێتەوە.

خوێنەری بەڕێز! من لەم سۆنگەیەوە ئەم بەرهەمەم خوێندۆتەوە، هیوادارم ئێوەش سوودی لێوەربگرن و ڕاستیەکانی ژیانی تێدا بدۆزنەوە.

گیانی نەرمین خان شاد بێ، سڵاو بۆ کاک ئاسۆ کە بوێرانە بیرەوەرییەکانی تۆمار کردووە و لە هەگبەی وێژەی کوردی جێی بۆ کردۆتەوە.

ڕێکار ئەحمەد

٢ی نیسانی ٢٠٢١

## پێشوشە

ئەمەی کە نووسیومە، دڵۆپێکە لە دەریایی ئەو ساتانەی کە ژیانی هاوسەرگیری تا ڕادەیەک فراوان و بەختەوەر بوو. من، لە یەکی حەوتی ١٩٩٣ یەکەم جار بـابەتی هاوسـەرگیریم لە گەڵ 'نەرمـین'ی هاوژینمـدا کـردەوە، بـۆ پرۆژەیەکـی وا، بە جۆرێک بیرمکردەوە کە بتوانم کەنیلەیەکی کورد لە ئازار و ستەمی ژیان بگەێنمە شوێنێکی ئارام و ئەویش بتوانێ داهاتوویەکی پـڕ هوشـیاری بۆخـۆی دروسـت بکات.

مـن بـڕوام بە تواناکـانی مـرۆڤ هەیە، ئەویـش بەهـۆی ژیـنگەکەی و ئامـادەیی خۆیی(خودی) مرۆڤەکان و  هەژموونی خۆیان و لەسەر ئینسانەکانی دی. لای من مرۆڤەکان وەک یەکن، گرنگ ئەو کەرەسە و ئامرازی کارکردنـانەیە کە دەخـرێنە بەردەمیان، ئیدی لە شوێنکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێن.

زۆرێک لە مرۆڤەکان خاوەن هێزێکی تایبەتین و بەپێی ئەو ژینگە کـۆمەڵایەتییەی کە تێیدا پەروەردە دەبن، دەتوانن خۆیان بسەلمێنن، سەرکەوتنیان بەو ژیـنگەیە و سەرمایە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە گرێدراوە کە بۆیان دەڕخسێ.

من ژیانی هاوسەرگیریی وەک سەرچاوەیەکی فێربوون و داهێنـان  پێناسـەدەکەم، گەر هاوسەرەکان تێیدا ئاسودەبن، دەبنە خاوەن وزەیەکی  ئەو هاوسـەرگیرییە بە یەکسانانە ڕابگـرن و تەواشـای بـکەن. دواتـر بەرهەیـوانێکە ڕیحـانە و گـوڵ و لاولاوەکەی بەرامەی خۆش، بۆ ڕێبوارانی خۆشەویستی دەپژێنێ..

ئێمە، من و خانمە کەرکووکییەکەم( نەرمین)، توانیمان ژیانێکی فرە یەکسـان  بـۆ یەکتر مسۆگەر بکەین، هەستێک لە یەکتردا بـڕوێنین کە هەردووکمـان مـرۆڤێن و یەکسانین، لە هەمان کاتیشدا سەربەخۆین و لەو پێناوەشدا بێ دوودڵـی، بەرگـری لە کەسێتی و مافی هەردوو لا بکەین، کەسمان سەردەست و بندەست نەبێ.

بەڵێ!

هاوژینی و پێکەوژیانی لەو جۆرەی مە، بزوتێکـی دیـالەکتیکییە و بەردەوام نـوێ دەبێــتەوە، ســاتەکانی وەک شــانەکانی لەش، تــۆوی بەخــتەوەری دەڕوێــنن، کە چرۆکانیشی دەم دەکەنەوە، ئیدی ئەو ماڵە، یەک پارچە دەبێتە تەلارێکی ڕازاوە . ئەو ئاسودەییەی نێوان من و وی(نەرمین)، لە فرە بواردا ڕەنگـی دەدایەوە، لەوانە، مافی بڕیاردان لەسەر خـود و شـێوازی داڕشـتنی نەخشـەکانی ژیـان و ئامـانجە کورت و درێژخایەنەکانمان، لەسەر پەروەردە و بەرکەوتنـی کۆمەڵایەتیمـان لەگەڵ خزم و دۆستەکانماندا.

بەداخەوە مەرگ بواری نەدا، لەو ژیانە هاوسەرییەدا بەردەوامبین و وێنەی جوانتر پێشکەشی ژیان بکەین!

زێڕینترین گزنگـی ئـازادی، پێشـکەش بە گیـانی پـاکی خـانمە کەرکـووکییەکەم (نەرمین) بێ، یاد و بیرەوەرییەکانی بەخێر بێ!

کەم ژیا، بەڵام خەرمانێک لەساتی هەنگوینی بۆ من و لالۆی کوڕم جێ هێشت...

٢٠ ئەوگوستی ٢٠٢٠

## چرکەیەکی چارەنووساز

**کاتژمێر ٩,٣٠ ی ٢٧ی** چواری ٢٠٢٠

تەنها ئەوەم گوێ لێبوو:

ئاسۆ! ئیدی من تەواو...

تا ڕۆژی مەرگ ٣٠ چوار ٢٠٢٠ تەنها ترپەی دڵی و ئاونگی هەناسەیم دەبیست.

**دوای ئەوەیە:**

**ئەم ئێوارەیە**

ئەم ئێوارەیە ٣٠ی چوار ، کاتژمێر شەش و پێنج خولەک،
پەپوولە باڵڕەنگینەکەی هاوژینم، باخەوانە کارامەکەی ژینم(نەرمین)، کۆچی دوایی کرد؛ بەداخەو پزیشکەکان نەیانتوانی ڕزگاری بکەن...

**بەڵێ!**

من و شارەکەی باباگوڕگوڕ، گوڵەباخێکمان ژاکا...
هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی!
بە ناوی خۆم و لالۆ کوڕمەوە، سەرەخۆشی لە خۆمان و کەسوکار دەکەین....
سوپاس بۆ سەرەخۆشیتان لە ڕێگەی تەلەفۆن و نامە!....

ئاسۆ و لالۆ بیارەیی

٣٠ی نیسان ٢٠٢٠ ئێوارەیەک و سۆنامییەک لە خەم

**خانمە کەرکوکییەکەم!**

-١-

ئەمە چەند شەو و ڕۆژە، من و لالۆی کوڕمان، دیارییە بەنرخەکەی تۆ، هێندەی سەدەیەک بێتۆییمان پێوە دیارە و ساتەکانمان پڕی یادکردنەوەی یادگارە هەنگوینییەکانی تۆیە.

هێنــدە ڕووتــین، بــڕوابکە خەنــدەکانی تــۆ نەبــن، کە هەمــوو کــونجێکی مــاڵە چکۆلەکەمانی لە وەنەوشەی چاوەکانــت پۆشــیوە ، بەرگەی نەرمەبــایەیکی وڵاتــی شەختە ناگرین.

ئەمشەو وەک منداڵێکی ساوا ، کونجێک نەمـا، چـرپەیەک نەمـا، وشـەیەک نەمـا، چرکەیەک نەما، منەی تۆی تیانەکەین...

ئەمە هەوارێکە لە بێتۆیی...

هەی هاوار لە بێتۆیی تۆ!

هاوار لە کەرکوکە بێ نازەکەت!

بنوو بنوو خانمە گەرمیانییەکەم!

ئــێمە ســـەرتاپا ڕەنگـــی تۆمـــان گرتـــووە و هەر بـــۆ تـــۆش دەژیـــن... تۆ بنارێکی لە پشت و هیوا...

٤ی مای ٢٠٢٠ وڵاتی شەختە

**نەمەکەی من وابوو، ناهەقم مەگرن!**

-٢-

سنووری نێوان مەرگ و ژین، وەک ئاگرە نەمرەکەی باباگوڕگوڕ بۆنی هەناسەی مردنی خانمەکەی (گەڕەگی ئیمام قاسم)ی ئەو شارەی دا.. خانمی ئەو شارە داگیرکراوە، خانمی من بوو، خانمێک ساتەکانی سەرڕێژبوون لە هەنگووینی ژین و ئاسودەیی.

ئای لەو ستەمەی کە بەزەیی، نە بە منی ئاوارە و بە نە دڵی دنیادا هاتەوە!

بانی مەقامم لێ دیارە و فەرشی گوڵزاری، لە زێواترین گوڵی بۆ ئەم بەهارە تاساوە بێ خانمەی من، تێکەڵ بۆی شەوبۆی بنباخەلەی کەمەری کۆساران کردوە ومن بۆ سەر بەردەکەی کەمەرسەلارەی* ئاشقانی بیارە دەباتەوە...

نیگاکانی کەنیلەیەکی ڕوح ئەرخوانی، ئێوارانی ئاوارەییم لێ ونە، پێشتر تەنێ ناوم ئاوارەبوو. ئەمێستا دەبارە نامۆی شاران و گەستەی مارانی بێ ئەوی بوومەتەوە. تا ئەم دنیایە بەجێ دێڵم بێ ئەویم پێوە دیارە...

خانمە شۆخەکەی پاسەوانی باخچەی ژیانم!

ناسۆرت هێندە ئێسکی خاش کردووم، هاکا جەستەم تێکەڵ ئەو ئارامگەیەت ببێ، کە هێشتا زوو بوو بیێتە دوا هەواری ژیانت...

لە تونێلێکدا من و لالۆی کوڕت جێ هێشتووە، بە نیگای چاوەکانی تۆی شۆخ نەبێ، دەرچوونمان لێ دیار نییە...

کوا تۆ گوناحت هەبوو؟ تاکو یەزدان لێت ببورێ، تو ئەنبارێک بووی لە ئەڤین و سۆز، چەمەنێک لە نێرگزەجاڕی نێوان گوندە ئەنفالکراوەکان، چاوگی فرمێسکی

منداڵانی عەفرین و گەرمیان و قەرەداغەکەم بووی، ئەو کیژە قەندیلییە بووی کە لە قەتارەی ئەستێرە، گۆرانی عەشقت بۆم دەهۆنییەوە...

ئەمە وشەگریانی ئەم شەوی منە ،گریەی وشەی دیش بەرێوەیە.

٣ی مای ٢٠٢٠

----------------------------------------

کەمەر سەلارە: کەمەرێکە لە نـاوچەی بیـارە و بەردەێکـی تەختەپـانی گەورەیە بە جێژوانی ئاشاقان ناوبانگی دەرکردوە..

**خانمە کەرکوکییەکەم!**

-٣-

ڕوحت مێرگێ لە گوڵەخەندەیە، گوڵاوی بەسەر هەوارەکەی من و لالـۆی کوڕمانـدا دەپرژێنێ، ئای لەو مێرگە چەند جوانە، تژییە لە نێرگز، لاولاو، گوڵەمینا و سەدان گـوڵچینیی ڕازاوە! جـارێ بـۆنی گـوڵەبەرزەلنگی کۆسـارەکانی هەورامـان دەدا، تاوێکی دیش، وەک گوڵاڵەسوورەکانی قەندیل ڕاخەری لاپاڵەکـانی دۆنـدەکانیان ئارایشت کردووە، ئەرێ ئەوە گوڵاوی خۆشی هەناسە سازگارەکەتە یان چـی، بەم نیوەشەوە دیسان منی تاساندووە، تۆ بڵێـی کەوتبێـتمەوە نێـو ئەڤینێـک کە دنیـا ئیرەییمان پێ ببا؟

ئەرێ ئەوە کراسە سەوزە کاڵەکەت نییە کە پارساڵ، لە شـاییی نەورۆزدا قریـوەت پێوە دەکـرد و سـەرچۆپیت بەرنەدەدا؟ یـان گـوڵە مـێخەکەکەی گەردنـی گەرمـتە، هاڵاوی ئەوینی لێ هەڵدەسـتێ، ئـای لەو ئەشـقە، چـۆن ئەنگۆسـتەی شـەوەزەنگ دەرەقەتی نایێ!

بە بەرزی کێوێک پرسیارم هەیە، کە پێشـتر چـارەنووس لە هەردووکمـانی زەوت کـردن، چەنـد هەنگوێنـاوی دەتنوانـدا، کە ئەبـرۆت دەکـردە کەوانـی و بـرژانگە ڕەشەکانت، هێندە درێژبـوون، چـاوت بـۆ مـن دەتروکانـد، ئەو برژانگـانەی کە دەهاتنە سەر کەمەری کانەی دیدەنی شادت! ئەدی پرچە درێژەکەت نەمە گیان! کە وەک نمەبارنێ بەسەر کەژی دڵی مندا داتدەباراند...

کۆیاری من!

تۆ ماسکەرە و نازانم چیترت نەدەویست، من پێموایە ئەوە جوانی قوبەی ساماڵی تۆ بوو، ئیرەیی خستبووە سروشت و دار و دەونی، هاناوێ بووی لە داهێنان، بۆ من لە بوونمدا ناوی دەیان گوندی خاپورکراومت پێ تۆمارکردەوە..

ئەمشەویش وەک شەوانی دی، خوێنبەربوونی وشەم لافاوێکی پێیە، کە ڕەنگە بێ کۆتایی بێ...

ئەمشەویش، بۆ چرپەکانت، چەند مۆمێکم داگیرساندوە، تا ئەو ئەوینەی من و تۆ، ژیان کۆتا نەوێ...
بنوو خانمە کەرکوکییەکەم!
دڵی من وەک ئاگرەکەی باباگوڕ لەوپەڕی کڵپەدایە....بووەتە پاسەوانی گەڕەک و کۆڵانە تەسکەکانی بن قەڵات...

٥ی مەی ٢٠٢٠

## ژوانی ئەمڕۆی خانمە کەرکوکییەم
## نازانم کەی و بۆ کێ گریابووی!

-٤-

ئەمڕۆ سەردانی خانمە کەرکوکییەکەمم کرد، دوو وشکەجۆگەی فرمێسک بە هەردوو گونایەوە نەخشابوون، دوو ملوانکە جۆگەلە، لە هی کانییەکی سوتاوی نیشتیمان دەچوون... ئاخۆ ئەو گریانەت بۆچی بووبێ!

بینیم، لێوەکانی وەکی جاران ژیانیان شادیپیژێن دەکرد، دەتوت بەیانیانە و تەنێ بە ماچی من نەبێ، ناخوازێ پێلوەکانی هەڵبڕێ.

خانمم خەوتووە و وێ دەچێ، ساتەکانی وا وەک دڵی ڕاوەستانبێ ، تا منی هاوژینی نەیێتە ژوانی، ڕۆژێکی نوێ ڕەوشن ناکاتەوە، پەپولەیەک لە سەر تەیمانی باخەکەم نیشتوەتەوە و نابزوێ...کێ پەپوولەی وای هەیە بێجگە لە من؟

خانمەکەی گەرمەسێری چاوئاگری باباگوڕ!

من هێشتا لە گریەی هەزارەها ژنە کوردی ئەنفالکراو نەبوومەتەوە، کەی بەردارە مەرگ خانمێکی وەک تۆشم، هاوژێنێکی بیرئەرخەوانیم لێ بڕفێنێ؟

من هێشتا ڕوخسارم خەمەخوێنی کچۆڵەکانی شەنگالی پێوەیە، چۆن مەرگی تۆشی هاتەسەر.

من هشتا برینی جەباری و گرێ سپیم کراوەیە، لمی بیابانی عروبە وەک چارشێوی کیژێکی نازدار دیدەمی سیاکردوە، باری وشترە دووشاخەکانی ئەتاتورک دەبینم، دەیان کیژی وەک سەبایا فڕاندوە، کەچی تۆش لە من چووی!

ئای لە چوونی تۆ و دڵە بێ هێزەکەی من! ئای لە ئاسمانی ژینی من چۆن بارانی شەستە بەسەر دامێنی ڕۆژەکانمدا دەبارێنێ!

من ئیدی لەمەولا، چی وشەم، هەیە ناوی تۆی لێ دەنێم؛ بۆم بکرێ چی کناچەی* چاوشینی دەشتی کۆیە هەیە، ئەوانەی ئەنفالکران، لە ئەلبوومی هەمان وەرزی مەرگی تۆدا پۆلێنیان دەکەم، مێرگێک لە وەنەوشەی دیدەی ئەوان، بە درێژایی جەستەی زێ، بۆ تۆ و ئەوان دەرازێنمەوە...

٦ مەی ٢٠٢٠

--------------------

کناچە: کچ بە هەورامی

**خانمه کەرکوکییەکەم!**

-٥-

ئەمرۆش، وەک ئەوەی بەڵێنم پێداویت، نامەیەکی نوێت بۆ دەڕازێـنمەوە، ورشـەی نـامەیەکی ناسـک، دەی کردمـان لە دەڤەری کوشـتتنی ئەڤینـین و سـێبەری دار زەیتـوونێکی عەفرینمـان بەدزیـیەوە کـردوەتە جێـی ژوان، نـامەیەک وەک مـووە ڕەشەکانی برژانەگە ماسکارە نەکراوەکانەت، دڵنەوایم بداتە ڕوحت، ئەویـش وەک هەزاران یادگاری ئەرخوانی لە دیواری دڵتا هەڵدەواسی.

نامەیەکی فێنک، بۆنی گوڵە چنوور و هەڵاڵە برمەی هەورامان بدات...
چ ژیانێکی پەمەییت بۆ هەوارە چۆڵەکەی من و لالۆ جێ هێشـتووە! لەو کەژاوەیە دەچێ کە من نەمتوانی بۆتی هەڵبەستم، هەمان ڕەنگ لەوەی گۆناکانت...گۆنایەک کە پێدەکەنییت، دەتوت یەکەم گزنگی بەیانیانە و لە کڵاورۆژنەی دڵی منەوە خـۆی دەکرد بە ژوورێدا...

چ کارەسـاتیکە! لە بابـاگوڕگوڕ چـاوت یەکەم دەزووە ڕۆشـنایی ببینـی و لە مەزارگەیەکی وڵاتی شەختە سەربنێیتەوە!
چ مەرگێکی سەخت بوو فریای دوا وشەیەکت نەکەوتم!
من چاوەڕێی ئەم کۆتاییە خوێناوییە نەبووم!
فرەیەک پێم دەڵێن:
ئیدی شینی من بۆ تۆ، کانیی هەناومی لە فرمێسک وشک کردووە، ئەدی نابینن چ خانمێکی خاس و سەلاری کەرکووکیم لە دەسـتداوە! چ ژنە سـالارێکی هەورامـی کڵاوزەڕلەسەرم لێ ون بووە!
مەزارگەی وڵاتی شەختەت پڕ ئاسودەیی و هەزارەها ماچی هەنگوینی بێ!...

٨ی مەی ٢٠٢٠ وڵاتی شەختە

**خانمه کەرکوکییەکەم**
**ئێستە ساڵی پڕکردەوە**

-٦-

چۆن هۆشم نییە، دەزانم ئەمڕۆ ساڵ پڕدەکەیتەوە، لە بیرمە یەکەم کەرەت کە هاتیتە لام، شکۆفەیەکی کەرکوک بوویت، تازە پێڵوی تەمەنت هەڵدەدایەوە، هێشتا ٢٢ بەهارت تێپەڕاندبوو، یەکەم جار بوو ئاهەنگی لە دایکبوونت بۆ بکرێ، ئای چەند بەختەوەربووی! کەنیلەکەی کۆسارانم!

مەیلت لە چرۆی گوڵێکی پشکوتووی لاپاڵێکی شاخی سووریین دەچوو، چۆن ماچبارانم کردیت و کەمێ شەرمێشت دەکرد، بە زار دەتوت بەسە، بەدڵ گەشکەت دەکرد...

گوڵەکەم!
هیشوە وشەم نەماوە بۆڵە ترێی ناوە جوانەکەی تۆ نەگرێ، جوانییەک کە بەنێو ئاوی خاسەدا، شارێک ڕەنگین دەکا. بەدزییەوە لە گەڕەکی ئازادیم و منەی نازدارێک دەکەم، ڕوحم لە نیشتیمانی شەختە هەڵفڕیوە، وچانێک دەدەم، هێشتا نەگەیشتوومە ڕەحیم ئاوا،

دایکێکی کورد لە کێوان، پێم دەڵێ:

دەنکەکەت، خانمە کەرکووکییەکەت، بەر لە ئێستا، تاوێ لێرەبوو، ئەویش منەی تۆی دەکرد. ئای کە خەندەکەی هەنگویناوی بوو! ئای لە تیشکی تێچاوەکانی! ئەدی قاقاکانی، هەموو ژنانی کۆلانەکەمانی داچڵەکاند، هەر جووتە ئاشقبوون و بۆ ئەڤین باڵیان دەگرتەوە، قوبەی ئاسمان پرتەقاڵی هەڵگەڕابوو و هەر ئەستێرە بوو کەژاوەیەکی وەک ئەوەی من و تۆی پێدا هەڵوسرابوو. کەنیلەیەکی چاوبادەمیی

گەڕەکی ئازادی، دەمێ دەیگۆ بەرەو شوان فڕیوی، جارێکیش شپرزانە، دەستی بۆ باخەکانی خاڵەبازیانی[3] رادەکێشا...

من دەگەڕێم و تاکو کانییەکەی سەر لوتکەی دالانی *[4] هەر بەدوی وێدا دەگەڕێم، کەنیلەیەکی زەردەشتی ڕوپان و چەمپیاڵەی باخەکانی هەورامانم لێ ونە، تـۆ بڵـێ کێڵێکی*[5]نەکردبێتە جێی ژوان و چاوشارکێ دیدەنیم لەگەڵ بکا؟

نازانم خەو دەبینم یان چی؟

خانمە خەپۆلەکەم، جارێ خۆی دەکاتە گوڵئەستێرەیەکی بناری شرام[6] و دەمگێنێتە کانییەکەی (هانە نەوە)[7]ی ئەم دیوی چیا، کانییەک کۆمەڵێکی دارگوێزی ڕەسەنی تیایە و وەک فریشتەیەکی خێری زیندە، پاسەوانیی گوندی (سەرگەت)[8] دەکات..

گوڵە هێرۆی ڕۆخ ئاوەسپی گەرمیانەکەم!

لێم مەگرە، بێجگە چەپکێ گوڵەژاڵەی کەندرەکان نەبێ، لەو گەرمەسێرە شتێکی دیم دەست ناکەوێ، بۆ ڕۆژی لە دایکبوونتی بێنم..

ئەمەی من دەیکەم شین نییە، نە وەلی دێوانەم و نە لاسم بۆ خەزال بدەمە کێوان!
من لە وڵاتی سەهۆڵبەندا و تەنیا گەرمایی جەستەی باباگوڕگوڕاویتم هەس، خۆمی پێ گەرم بکەمەوە، دەزوە تینکەکانی جەستەت هێشتا سەرتاپایان گرتووم.

---

[3]خاڵەبازیانی دەکەوێتە ناوچەی جەباری لە گەرمیان

[4]دالانی: لوتکەیەکی شاخی هەورامان دەنوارێ بەسەر شاری هەڵەبجە و شارەوزووردا

[5]کێڵ: خانوی ناو باخ بە هەورامی

[6]شرام: کێوێکە لە پشتی بیارە

[7]هانە نەوە: کانییەکە لە هەورامان

[8]سەرگەت: گوندێکی بناری هەورامان

چەنـد زمانـت شـیرن بـوو، کە کەرکووکییـانە دەتدووانـدم، معـین وتـن و دەهـا وشەگەزۆی دی باباگوڕگوڕانە، بۆنی هەردەکانی ناوچەی شوانیان دەدا، ئیدی بـۆ ناهەقم بێ، کەرکووکم خۆش بوێ، بـبمە دێـوانەی نێـو کەنـدڕو لەبەر تاوسـانیدا ڕەشهەڵگەڕێم، قەڵا بکەمە سـەکۆی ئاشـقان و گـۆرانی کـۆنە هەورانـی ئۆسـمان[9] کێمنەیی پێنج ژەمە، بۆ نوێژەئەوینی دڵداران بچڕم...

١٠ی مەی ٢٠٢١

[9] ئوسمان هەورامی: گۆرانیبێژی بەناوبانگی ناوچەی هەورامان

**خانمه کەرکوکییەکەم!**

-٧-

دڵەکەم!

ڕۆژی لە دایکبوونت پیرۆز!

ئەمڕۆ لە دڵی من و لالۆدا بوویتە ٤٨ ساڵ بەختەوەری... جوانترین چەپکە گوڵ لە من و لالۆ بۆ تۆی خاوەن خەندە! ئیدی ئەوینی من بۆ تۆی گوڵ وایە کە مەرگ لێمی زەوت کرد... من دەزانم فرەیەک فرمێسکەوشەکانی من دەچننەوە....

ئەمڕۆ هاتوین پێکەوە، من و لالۆی کورمان، پیرۆزباییت لێ بکەین، بارانێکی شێتیش کەمێکی دی دەبارێ، لەو بارانەی چەند جارێ لە ڕۆخ دەریاچەکانی وڵاتی شەختە هەمووومانی دەخوساند، ئیدی نازانم، ئەو بارانەش بە خرەی ئاهەنگی مەرگی تۆی دڵەکەم دەهۆنێتەوە، یان سەرمەزارەکەت، وەک بەردەم چادرگەی ماڵە ئاوارەکانی گرێ سپی[10] ئاو پرژێن دەکا.

لە بیرت دێت پرچە درێژەکەت هێندە لێزمە بارانی بەرکەوتبوو، خۆی تێکەڵ بە ئەشقمان دەکرد و پێدەکەنین، منیش لەبن دارسێوێکی پڕ خونچەدا خۆم پەنا دابوو!

ئەمڕۆ دە ڕۆژی ساڵتەمەنە، مەرگ تۆمی لێ ڕفاندووە، کەچی هێشتا وا دەزانم جارانە و لە سات ناساتێ لە قاپی دڵە کراوەکەم بۆ تۆ، دەدەیت هەمان پرسیارم لێ دەکەیت:

ئەرێ ئاسۆ جوانم؟

[10] گرێ سپی شارێکی ڕۆژئاوای کوردستان، تۆرانییەکان ساڵی ٢٠٢٠ داگیریان کرد

منیش لە باتی وشەوەڵام، لە ئامێزم دەگرتیت و چەند چرکەیەک هەردووکمان لە یەکدیدا بێ دەنگ دەبووین، تەنها دەنگی ترپەکانی دڵمان و بۆی هەناسەمان، بە ئاستەم ورشەیەکی نەرمی دەکرد.

هەموو ساڵێکت بە خۆشی!

١٠مەی ٢٠٢٠

**خانمە کەرکوکییەکەم!**

-٨-

دیسانەوە گیانت شاد، من و لالۆ باشین، بێخەم ئاسودە بە!

دەزانـی درەختەکـان بەرگـی سـەوزیان پۆشـیوە و ئەو دارمێـوەی تـۆ چانـدت خونچەکـانی چـوون چاوەگەشـەکانت، بەخـتەوەری دەنـوێنن! ئەدی هەڵاڵەی دارگیلاسـەکان! جلکێکـی کەژاوەیـی سـپییان وەخۆگرتـووە و ئێـژی چـاوەڕێی مـن و تـۆ دەکەن، سـاتەکانمان بە ماچـان و دەسـتلەمەلان بەرینەسـەر! شـەرمێ چـی بکەیـن؟ دەڵێـی لە دێـرە زەمـانەوە ئـاگری ئەوینێکـی بـێگەرد، هەردووکمـانی لە گێتـی ناسـاندوە، ئەوینێـک تەنهـا مـن و تـۆ شـارەزایی نهێنییەکانین...

دەزانـێ نامەکـانی مـن بۆتـۆ لە فەیسـبوک، خەریـکە دەبـنە بەردەکەی (کەمەر سـەلارەی) بیـارە و فـرەیەک لە ئاشـقان، ئەوینـی خۆیـانی تێـدا دەپـژێنن، بیرەوەری تەلیسماوی تێدا تۆمار دەکەن...

ئەمـڕۆ بە هەمـان ڕێـگەدا پیاسـەیەکم بە یـادی تـۆوە کـرد، ئـێ بـڕوابکە، کە نزیـک هەر دەوەنـێ، لاچڵـێ، هەورازێ، بـن بەردێ و نشـێوێ، نـزارێ، گـابەردێ، تاشـێک*، ئەی دەریـاچەی شـارەکەمان بـۆ نـا، ئەو سـاتانە تـابلۆی تۆم تێدا دەبینین.

ئـای لەو ئەڤینـەی مـن و تـۆ، چـۆن پەل و ڕیشـەی، وەک لاولاوەکەی چنـارە بەرزەکـانی هەورامـان خـۆی بە جـوانی دنیـا لوولـداوە و گـوڵە (تـۆی) جـوانی وەک زەنـگ گرتـووە! چـۆن دەیەوێ بگـاتە حەوت نهـۆمی ئاسـمان و چـوون پەلکەزێرینەی بەهارانی گەردنی شرامی بیارە، چەند ڕەنگ بچنێتەوە...!

لەسـەر دارە قـاژکراوەکەی سـەرەڕێ دادەنیشـم و هەسـتی بێتـۆیی پـڕ دەکەم لە تـۆ، هەمـان چێـژی کورسـییە بەردینـەکەی بـاخی گشـتی سـلێمانییەکەم دەدا، کە پـێکەوە، پێـرار تـاکو شـەقامی سـالم، زێـواترین یادگاریمـان لە هەنـاوی شـاردا چانـد. بـووینە نەمامەکـانی بەردەرکـی سـەرا و تێچـاوی کیـژووڵەی دڵگەشی شارەکەی مامەیارە...

ئــــای نەرمیـــــنەکەم، خـــانمە شـــازادەکەی کەرکـــووک، خەپە دەم بەخەنـــدەکە، مامییە بەنرخەکەی لالۆی کوڕمان!

چەند بیرت دەکەم! من و لالۆ چەند سۆی ئامێزتین!!!!

ئای لەو کۆستە بەهارینەی ئێمە، ئای لە بێ تۆیی!!!

١٢ی مەی ٢٠٢٠

کەمەرسەلارە: سەکۆ بەردەێکە لە بیارە و جێگەی ئاشقانە...

**خانمە کەرکوکییەکەم!**

-٩-

ئەمڕۆ سیانزە ڕۆژی ڕەبەقە، سیانزە ڕۆژگاری ڕەق و ساردە، یادگارییەکانی تۆ نەبانایە، هەناسەی بۆنگوڵزاری تۆ نەبوایە، لە مێژبوو من و لالۆی دیاریت، تەواو دەبووین، دەبووینە بەشێک لە بەستەڵەک و دوور نەبوو پوازگە خەنجەری سەهۆل نەیکوشتینایە. ئەدی تەواوبوون و کوژانەوەی ژیان چییە، گەر شاخانمێکی ئەوینت مەرگ مافی ژیانی پێ نەدا؟

خانمە کەرکوکییەکەم!

پێم سەیرە، فرەیەک دوای مەرگی ناوەختت، دەڵێن: خوا بتبورێ! مەگەر تۆ کۆترێکی ئاشتی نەبوویت و بە نێو گەواڵەی هەورەکاندا، پێش بارانیان، شادیت تێکەڵی دڵۆپە بارانەکان دەکرد، دەشت و هەرد و هەوراز و سەرەڕێگەکانت، لوتکەی کۆسارەکانت، ئەوینپڕێن دەکرد! ئەدی تۆ چ تاوانێکت کردوە، پتر لە دڵێکی کە شوورای ئەوین و سۆزی تیابێ؟

ئای لە قەڵاتی هەولێر ئەو ڕۆژە چەند جوانی دەنواند، کە پێکەوە، دەستم لە دەستت، پەی کوچەکانیمان دەکرد، دەتوت نەوەیەکی میرانی خانی لەپزێڕینی قەڵای دمدمی و سەردانی شارە دێرینەکەی منارە دەکەی!

دڵم لێزەمەی وشەی دەبارێنێ و بە تۆ نەبی ژیرنابێتەوە، تا دوای چلەشت، لەوەش پتر جوانترین وشەم هەبێ، ناوی بە گیانم بۆ تۆی ئاودەدەم...

ئای لەم ڕۆمانە سوورەی من تۆ، کۆتاییەکەی لە دوا گزنگی، سۆری پڕ ناسۆری ڕۆژئاوابوونی ئێوارەیەکی درەنگ دەچێ، هەروەک خۆی بۆ تریفەی مانگەشەوێکی بناری کیوی سورێن هەڵگرتبێ...! دەڵێی دوو ئاشقی جێ ماوین و شەوی تێکەڵ تریفە، تا بەیان بە ماچان دەبڕینەوە...

١٣ی مەی ٢٠٢٠

## خانمه کەرکوکییەکەم

-١٠-

ئیرۆش بە تیلەچاوی گەشت، ڕۆژم شاد دەکەم، دڵشادییەک کە بە تـابلۆی زێـوای تۆ ساتەکانمی پێ بڕازێنمەوە، هێندەی دی لالۆی پێ بەختەوەرکەم.

ئەمرۆش ئارایشتی ساتەکانم بە خەنـدەو قاقاکانـت وەنەوشـاوی دەکەم، ئـای لەو پێکەنینـانە، لە شـادی منـداڵانی دەم زێ دەچـوو، بـێ ئاگـا لە مەرگـی ئەنفـال و زۆحاکەی بەغدا، ئەدی نەرمەنـازەکەت، لە کچـانی چاوشـینی کـۆیە و کناچەکـانی کانی ژنـانی[11] بیـارە دەچـوو کە بـۆ ئەڤێنـێ، سـازگارترین چـۆڕاوە ئاویـان لە ڕومەتیان دەدا، بە چاوبازی گەنجانیان مەستدەکرد !

مــن ئەو کــوڕە هەورامیــیەم لە کە لە قەنــدیلەوە، دواتــر نیشــتم بە بلێســەکانی بابــاگوڕگوڕەوە، تــاکو کەنیلەیەکــی دووڕەگــی گەرمیــانی و هەورامیــی، تــابلۆی خانمێکی کەرکووکی لە دیواری دڵمدا هەڵکۆڵم، ئیدی ئەڤینی من وایە، لێوانلێـوەلە بوونی تۆ، تەنها بەشی تۆ دەکا...

لە دەشتی کاکی بەکاکیی گەرمەسێرم و کەندرِو بن تاوێر نییە، تۆی تیا نەبینم، گا بەرد و گوڵە وەنەوشە و هێرۆی (لەرێ)ی شاربازێر نییە بۆنی تۆم بـۆ پەخشـان نەکا!

ڕەزی لاپاڵان نییە، هێشوەوشەی تۆی نەگرتبێ، کراسێکی مێرگ ڕەنگت لەبەردایە و ساتێ ناساتێ بەبەردەممدا دەگوزەرێی و لاژانگێکم تێدەگرێ، مـن لە چەمەک و سپیار و زێنـێم و تـۆش لە بـارێی بنـاری سـورکێو[12]، منـیش بەدووتـدا، دووری ڕێگەکان بەرگەی هەنگاوە خێراکانم ناگرن، چی هەوای سازگاری دۆندی هەناسەتە سییەکانمی لێ پڕدەکەم...

سەیرە!

---

[11]کانی ژنان: کانییەکە لە گەڕەکی پەژۆی ناحیەی بیارە

[12]کۆمەڵێکی گوندی ناوچەی شاربازێڕ لە شاری سلێمانی

تۆ بۆ من لە هەموو شـوێنێکی، لە شـەقامی مەولەوی سـلێمانیت و خـۆت دەکەیـتە کۆپلە هۆنراوەیەکی ئەو هـۆنەرە بەرزە، دەبیـتە گـۆرانییەکەی ناسـراری رەزازی، چیمەن چیمەن کەرکوکیم بە گوێدا دەچرپێنیٚ! یـار هەیە بـۆ مـاچێکی دەنـکەکەی ئامادەیە بە بەرزترین لوتکەدا هەڵزنیٚ، کەچی کەنیلەکەی مـن بەردەوام ماچبـارانم دەکا...

ئای لە تۆ و من!

لەو ئەوینە تەمەن ٢٦ ساڵەی نێوان خانمێکی کەرکووکی و منی کـورە هەورامیـی، منی چیا نیشین و تۆش کەنیلەی گەرمەسێر، تژی لە تین و سۆز...!

١٤ مەی ٢٠٢٠

**خانمە کەرکوکییەکەم!**

ئەو کاتەی هاتی!

-١١-

من لە ڕیشەی ٢٦ ساڵ هاوسەرگیری خۆماندا، بەندی ژیان دەگێـرمەوە بـۆ یەکەم سات، بۆ یەکەم پەردەی شانۆی دیتنی تـۆ، بـۆ یەکەم چـرکە، کە لە فرۆکەخـانەی شاری ستۆکهۆڵم دابەزیت و یەکەم باوەشت دامێ، هەناوت پڕکردبـوو لە کێـوێکی ئەوین و شەختەی ئەو زستانەت بە تینیت دەتوانەوە و دەکردە فرمێسکی شادی.

ئاوێتەبووی لە بلێسەی باباگوڕگوڕ و چاوەکانـت بریسـکەی بەنـازترین گزنگـی باخەکانی هەورامانیان دەدایەوە، ئای چ کناچەیەکی شۆخ دەتنواند!

ئەو ئێوارەیە یەکەم جار بوو پێیەکانت وڵاتـی گەرمەسـێریان جێهێشـتبوو، تـاوێ بۆنی کەرکووکەکەمت دەدا، جارێکی دیش دڵۆپە ئاونگی کۆسارەکانی نیشتیمانت لێدەچۆرا، کراسێکی سوور، وێنەی سووراوە خەسـتەکەی لێوەکانـت و کەمـێ بـێ ڕەنگتر لە ئاڵیی گۆناکانت، تەنورەیەکی سەر ئەژنۆییت لەبەردابوو و بە جارێ کە تۆم بینی ئیدی چی بلێم؟

ئیدی لەو ساتەوە ناوم نای خانمە کەرکوکییەکەم و پێم دەوتی: ئۆخەیچ، وشەیەک، وزەی تا دوای داخستنی پەردەی شانۆی ژیانت، گەرماییم پێ دەبەخشیت...

ئازیزم!

بێخەم لەم هاوینەی خاکی ئاوارەییدا بنوو!

بنوو وا هەموو ساتەکانمان دەکەمە نامە و ملوانکەیەک لە ملی ئەوینی تۆدا هەڵیاندەواسم! تابلـۆیەکی ئەوین کە جوانی ئەشقەکەمان بداتەوە...

من دەزانم ئاشقانێکی فرە، چاوەڕێی ئەم نامانەن...

کاوانی ژیانم!

ئەمڕۆڕژەی هاوینیشت خۆش!

ئۆخەیچ کەنیلەکەی من!

چرۆی ئەرخەوانەکەی تافان* و دڵی بەڕوەکانی قەرەداغەکەم! شانی دیاری شـرام و زاگرۆسەکەم، گوڵاوەچۆڕاوگەی بن تاوێری دارقەیتەرانی تاقەکـانی قەنـدیلکەم، ئەگریچەبەڕەزای زنار و نزارەکەی هەناوم! هەناسەی گیانم هەر بە تۆوە ئـۆخەی دەکا! ئۆخەیچ، ئۆخەی مێرگی دڵم!

ئای لەم پـاییزە جەسـتە ڕووتە، بـێ بەرگ وەک دڵە تاقـانەکەی مـن! هەر دەڵێـی ئەویش وەک تۆ، بۆ من، تەختی سنگی بە ئالتونـاویترین گەڵا بـۆ ئەشـقەکەمان دەڕازێنێتەوە، دوا گوڵی ئەم وەرزە ڕادەموسێ و پێش ئەوەی گەڵامێـوە بەفرەکـان کراسێکی بوکێنێ بۆ خاک بدورن، دوا ڕۆژگارەکانی ئەم ساڵە نەهاتە بەڕێکەن...

ئەمڕۆش مۆمێکی دیم بۆ داگیرساندنی، تاکو هەناسەت زوقمی وڵاتی شەختە نەیرچێنێ...

١٧ی جون ٢٠٢٠

---

ئۆخەیچ: وشەیەکی هەورامییە بۆ نازپێدان بەکاردێت

کەنیلە: کچۆڵە، کیژ بە هەورامی

کناچە: کچ

خانمە کەرکوکییەکم دوای چوار مانگ لە وڵاتی سوریاوە گەیشتە لام...

**خانمە کەرکوکییەکەم!**

-١٢-

وەک چۆن مولوولەی خوێنبەرەکانی مێشکت پژان، وشەکانی منیش تووشی پژانێک بوون، ساتەکانمی ئاوێتەی خۆێنە ئاڵەکەت کردوە، ئەو خوێنەی هەمان ڕەنگی سووراوی لێوەکانتی دەچنییەوە..

چەند دڵشادم کەوا جوانترین چەپکێ یادگاری تۆم لایە، وا لە تەلانی ژیانی من و لالۆی کوڕمان، مێرگێ لە گوڵزاری بۆ ژینمان گرتووە!

ژیان بە بێ ئەشق باخێکێ بێ بەر و سووتاوە، کۆشکێکی چۆڵە و هەوارێکی وشکە. ئەمڕۆش هاتووم و خڕ ساتەکانم پڕن لە تۆ، دنیاش بەم ئەوینەی من و تۆی زانیوە، ، هەندێ شینمان بۆ دەگێڕن، بەشێکی دیش گوێیان لە چرپەی دڵداری هەردووکمانە. ئەی ئەوە نییە ئەشقی من بۆ تۆ، بە یاداشتەکاندا ئالاوە بە چناری ژیندا هەڵزنیوە!...

لە دامێنی دۆڵێکی ژیانم و وردە وردە، ڕێبوارێکی تاساوم و تەی ئەو ڕێگانە دەکەم کە پێکەوە، لە دارستانەکەی ئاوارەیی، جارێ بە هەناسەکەبڕکێ، کەرەتێکیش وەک ئاسک هەورازەکانمان دەبڕی .لە گوێ ئەو دەریاچەیە پشوێک دەدەم، کە تۆ پشوت لە ڕۆخی وەردەگرت، ئیدی دەمەوێ لە بوونی تۆدا تێربم.

دڵەکەم!

ئەو کانییە سازگارەت لە بیرە، کە ئاوەکەی هێندە ڕوون بوو، ئیرەیی بە چاوی تۆ دەبرد؟

ئەی ئەو دارسنوبەرەی کە تازە، وەک خەندەکانت فرەیەک خونچەی بەهاری گرتبوو؟

ئەمە حەڤدەیەمین ڕۆژی مەرگتە، گوڵاوی هەناسەکانت نەبێ، نە من نە لالۆی کوڕمان ژیان ئاسان نابینێ!

ئای له چاوی جوانی تۆ، له هەناسە هەنگوینی و ترپەی دڵە نازدارەکەت!
نەفرەت له مەرگ کەوا خانمێکی کەرکوکی بە سەلیقەی لێئەساندم!
خانمێک بلێسەکانی، کونجەکانی ژیانمی پڕکردبوو لە ڕۆشنایی..

خانمەکەم!
بێ سەردان و نامەت ناکەم!

لەمەودوا دنیا پڕدەکەم لە تۆ...وا دەکام بەردەوام بارانی تۆمم لێبباریێ...

١٧ مەی ٢٠٢٠

**خانمەکەی کەرکووکەم!**

-١٣-

چەند بەسۆیە ئەو زامەی ناوی نەبوونی تۆیە، لەدەستدانی تۆ و ئەڤینەکەت، جوانی تەلیسمی چاوی تۆ!

دوێنێ لە گەڵ تۆ و شەپۆلی دەریاچەکەی نزیکی ماڵمان، لە ڕۆخی ئەو بەردانە کە دەبریسکانەوە، بووبووم بە شەماڵ و پرچە درێژەکەتم بە هەناسەم دادەهێنا، لە شەپۆلەکان ڕادەمام و هاکا تۆیان لە ناودا بدۆزمەوە، پێکەنینکەکانتم دەبیست و ترسم لێ نیشتبوو کە سەرەڕۆ مەلەی قووڵایی دەریا بکەی، ئای چەند دەترسام لە دەستت بدەم و ببیتە خۆراکی ئاو...

خانمە خەپەکەم!

هێشتا باوەڕناکەم، کە دووریت لێم! هەندێ سات هێندە نزیکم لێت، وا دەزانم لە بری تۆ هەناسە دەدەم، نەخێر لێم تێکدەچێ، کەوا بە هەناسەی هەنگوینییەکانی تۆ دەژیم...

ئەم ئێوارەیەش، بە یادی تۆوە لە باخچەکەمان، بۆ خۆم تێرتەماشای ئەو گوڵانە دەکەم، کە تۆ، نە فریای بینی خۆنچەیان کەوتی، نە کردنەوەی لێویان...

وای چۆن گیانت تێکەڵی ڕەنگەکانی ئەوان و گیلاسەکانی تەیمانەکە دەکرد!

گیانت شاد هاوڕێی ژیانم!

١٩ی مەی ٢٠٢٠

## خانمە کەرکوکییەکم

-١٤-

هەناوت شاد، خەپەکەی ژیانم!

من نەمدەویست ببیتە هەوێنی ڕستە و وشەکانم یەکپارچە باسی بێتۆییان لێ بارێ و وەک یاداشت بتنووسمەوە ,نەمگەرەکبوو بوونت چوون گەڵای پاییز کاڵ بێتەوە، ئەوە ئەو مەرگە ناوەختەت بوو کۆڵەکەی ماڵەکەمانی داڕماند و منیشی لە دوا ڕۆژەکانی ژیاندا، بێ تۆ کرد.

بێتۆیی بەفرێکی ڕەقئەستورە و ساتەکانم تووشی ڕێبەندان دەکا، چۆڕاوگەی نێوان تلێشی خەمەکانمە و تەنیایم دەسمێ، لە ناخمدا ڕوودەچێتە قوڵایی و بڕبڕەت پشتم دەپسێنێ...

چی بلێم و ڕوو لە کوێ بکەم؟ کڵاوڕۆژنەیەکی تەنگەبەریش بەدی ناکەم تۆی تێدا بۆ چرکەیەکیش بێ ڕامۆسکەم و دواماچت بکەمە تابلۆی گێرانەوەکانم؛ یادگارییەکانیشم سیمای بێ تۆییان پێوە دیارە و تا ئەو دنیاش گەر هەبێ بەدووتدا وێڵم...

ئای لەو پرچەدرێژە هەنگوینرەنگەی تۆ، کە دەمێ دەبووە پاسەوانی جەستەی گەنمرەنگت و جارێکیش تێکەڵی شەماڵی نامۆیی وڵاتی ئەمپەڕی دنیا دەبوو، زیوایی هەر لە خۆت دەهات و خەندەت کازیوەیەک بوو بۆ خۆی...

ئەوە خواستی من نەبوو دەقەکانی ژیانت خوێنیان لێ بچۆڕێ و لە سەوزترین وەرزی ساڵ بێبەربی، بێبەربم لێت. لە گەرمترین ئەڤین یەک باڵ ببمەوە و نەتوانم لە ئاسمانی ئەشقتدا، بەسەر کێوی تەمەندا، پێکەوە لەگەڵ تۆ بفڕم! لە دۆڵێکی قووڵی سەختی ژیندا گیرم خواردوە. گیرێک مەگەر نوح خواردبێتی بۆ هەڵزنینی کێوی ئارارات..

ئێ کەی بەردارە، چاوڕەشێکی هەورامی و خانمێکی کەرکووکییم وا سانا، هەرەس بێنێ و لە دامێنێکی نساری خۆرنەکەوتوو، جێ بمێنم!

ئای بێ تۆ چەند تەنیاییم پێوە دیارە، گوڵەکەم! وەنەوشەی دەو کانییەکەی هەوارەبەرزە و ڕەوانیی جۆگەکەی ئاسەوە بەرزی کاواتی بیارە…

هەلاڵەکەی گوندی چیمەن و دڵی بانی مەقام! ژاڵە پەمەییەکانی گەرمەسیرە ئەنفالکراوەکەم! گوڵەجۆی قەرەداغەکەم!

ئێ کەی ڕەوایە وەرزی مێرگەکانی کۆساری ڕەنگینی* هەورامانەکەم بێ و منیش جوانترین سوورەهەراڵەی* دوندەکان لەدەست بدەم! بەڕەزای* قەتپالانم هەڵوەرێ! ناسکە ڕێواسی دالانیم* وشکبێ و زەقەی چاوم بێ!

دەبا لەمەولا ناوم بنرێ، ئاشقە دێوانەکەی دەڤەری ولاتی شەختە! من ئاشقی عەفرین و کەرکوک و یاڵەکانی نیشتیمان لە تۆدا دەبینمەوە، من خانمێکم لە دەستچووە هەناسەی قوبەی سامالی نیشتمان بوو، بریسەکی چاوانی، تریفەی مانگەشەوی قەندیل و سورێن* بوو، یەکەم گولاڵە سوورەی مامە یارە و ترۆپکی گۆیژە بوو..

هەراڵە خانمەکەی من، کە گریەی خۆشی دەکرد، بۆخوی تاڤگەی زەڵم و سازگارترین کانیوەکانی بیارە بوو.

کە دەدوا، چرپەکانی کۆگای دڵمیان فێنێک دەکردەوە…

ئیدی بۆ نەبمە دێوانەی ئەوینی ئەو خانمە نازدارەی هەورامانەکەم!

٢٠ی مەی ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکە**

-١٥-

من هەموو بەیانییەکی ڕۆژانی دووشەم، ساتی هەشت و نیوی بەیانی، دڵم دادەخورپێ، ئەو هاوارەی بۆ من و لالۆ و ژیان لێت هەستا، تارماییەکی ترسناکی لە ناخما دروست کردووە، شەپۆلێکی شێتە بەردەوام بەدوومدا دێ..

من ڕقم لە هەموو ٣٠ی مانگێکی دەبێتەوە، ئێوارەیەکی بەجێماو، هەواڵی مەرگی تۆم بۆ هات، کە تۆ ئیدی چاوەڕەشەکانت ناکەیتەوە و بێ بەر دەبم لە غەمزەی تیشکهاوێژی گەرمت.

ڕۆژان و ساتەکان دەچن و تۆ پتر لێم نزیک دەبیتەوە، لە پەنامای و گوێم لە هەناسەتە. منیش وەک تۆ دەکەم، گوێم بۆ ترپەی یادگارییەکانت شل دەکەم و سێرەی چاوم تەنها ئەو ڕێیەیان دەبینێ کە سێبەرەکانی تۆیان لە خودا چاندوە، لە پەنا ئەو تاشەبەردانە پشوو دەدەم کە هاڵاوی ئارەقی جەستەتی لێ هەڵدەستێ...

بەسەرگەردی ڕۆیشتن و هەنگاوەکانتم، ئای لە مەرگ و من و تۆ! لە ئەوین و ئاشنایی و چاوی تۆ! ئای لە بوونی تۆ و بیرەوەری ژینت، لەو کەسانی دڵیان دەشکاندیت و بە پێکەنینەوە بەرسڤت دەدانەوە!

بەهاری خۆت و من ولالۆ دەڤەری شەختەشت لەگەڵ خۆت برد، ئەدی کێ خوانی چلەی هاوین بڕازێنێتەوە...! کێ سواری شەپۆلەکانی دەریابێ و گەمەی ماسییەکان بکات؟

کێ لە تاوسانی لمی گەرمی دەم ئاوەکان ڕاکشێ و لەگەڵ خۆردا، ئاویتە بێ و جوانترین گوڵەگوارە بکاتە گوێی...؟

نەمەی گوڵم! بیست و پێنج ڕۆژ بۆ من بوونەتە سەدەیەک و چرکەکان دوژمنمن...خۆشم نازانم کۆتایی ئەم ڕۆمانە پڕگریانەی من بۆ تۆی گوڵ، کەیە؟

ڕۆژێکی دی لە تۆ شاد! ٢٢ی مەی ٢٠٢

**خانمه کەرکووکییەکەم**

-١٦-

بارگەی  ئەویـنم هەڵگرتـووە  و پڕمکـردووە لە هەناسـەی گـوڵاوی تـۆ، لە وزەی خۆنەویستی تۆ...

من بە چاوی تۆوە لە کەرکوک دەڕوانم و خەمی ناو هەگبەی ژینی تۆم، چۆڕاوگەی ئەو فرمێسکانەتم کە بۆ گـرێ سـپێ و دەمێکـی دیـش بـۆ عەفـرین و کەرکوکـت دەباراند، ئای چۆن مەرگ بواری نەدایـت چـاوی منـداڵە ئاوارەکـانی کۆبـانی و سەرجەم ڕۆژئاوا ماچ بکەیت، چۆن گریەت دەکرد بۆ دۆزخۆرماتوو و چەند ڕقـت لە چەتەکانی حەشد و تۆرانییەکان دەبووەوە، چۆن قێزت لەو کەسە پیاوسـالارانە دەهاتەوە، کەجەستەی ئافرەتیان تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووە چڵێسەکانیان بوو!

ئەوە تۆ بوویت و من بووم، هەردووکمان بووین، تۆ بوویت لە مندا و من بووم لە تۆدا، گیانێکی کۆک و یەک وێنە،  لە دوو جەستەدا، تۆیەکی نازدارە کەرکـوکی و منێکی هەورامی...

ئەمڕۆش خامەم دنیایەک وشەی بۆ تۆ لێ دەبارێ، لە ساتەکانی شەوەوە ئـۆقرەی لێبڕاوە و باسی تۆ دەنەخشێنێ...

ئیدی ئەوە جاخی[13] ئەوینی ٢٦ ساڵەی منە و تا لە ژینـدا مـابم، وەک مـامەیەکی گەرمیـانی و کـۆڵبەرێکی هەژار، سـنوورە خوێنـاوییە دروسـتکراوەکەی نێـوان پارچەکانی کوردستان، لە شانەکانمدا گیرکردگە!

[13] جاخ: هەگبە

ئای مەعین و تنی زمانە گەرمیانییەکەت، دەتوت کچێکی گوندیت و لە دەڤەری دڵی منداڵ دروێنەی گەنمی ژیان دەکەی! ئای کیژەکەی گەڕەکی ئیمام قاسمی ئەو شارە برینداره، چۆن تەنانەت جەستەت ئارامگەیەکیشی لە قەبرسانی ئەو شارە پێ نەبڕا!

ئەو دروشمە چەند جوانبوو بەدەستەوە( بژی کوردستان!)، ئەوەندەی مابوو باوەش بە قەندیلدا بکەیت و دڵی تۆرانییەکان بتەقێنیتەوە! دوێنێ کەرکوک و عەفرین و ئەمڕۆش گرێ سپی، تاگەیشتینە ماڵەوە، گەرووت ئەو وشانە بەجێ نەدەهێشت.

ئەمڕۆشت شاد، خانمە گەریلاکەم!

شۆخە پێشمەرگەکەی کەرکوکی بریندار!

٢٣ی مەی ٢٠٢٠

## خانمه کەرکووکییەکەم

-١٧-

سپێدەی بەیانیان تۆی!

سـمڵ و مێخەکـی بەر سـنگی کەنـیلەی باخـان تـۆی، ڕەزی بنـاری گونـدێکی دوورەشار تۆی، کەنیشکێکی کۆسارانی دەڤەری لهۆن و هەناسەی باباگوڕگوڕی.
تۆ بستە خاکی پاینی بەفراوی پیرمەگروونی، تینووی من لە ئەوینتـدا دەشـکێنیّ!
کێوی سارایت و هەمیشە لە سـارای دڵـی منـدا دیـاری! شـەماڵی سـورەبانیت و فینکی ئەشقم لە شەرای بیابان دەپارێزی...
تۆ نیانترین بەستەی سیاچەمانەی هەورامان و هۆرەی خێڵانی جافی، لە کوێسـان و گەرمەسێری دڵەشکاوەکەی مندا هیوریم پیّ دەبەخشی...!
ئای لە کەنیلە شۆخەکەی باباگوڕگوڕم، چۆن یادگارییەکانیم کردوەتە ملـونەکەیەک و لە گەردەنی ژیانم زەنگی شادی دەپژێنیّ...!
ئـای لە ئـاونگی هەناسـەی ئەم شـۆخە کەرکـوکییەم، دەلێـی شـەوێنی لە دەڤەری ئەشقی مندا کردووە..! من شوانێکی دێوانەی کێوان و ئەویش بێرڤانی ژیانم...

ئای لە ژوانی ژێر دارە ئەرخوانییەکەی ئەم ئەوینە!
ئەشـقێک وا دەبێـتە گـۆرانییەکی ڕۆژانەی ئەوینـدارانێک، کە هاوژینێکیـان لە دەستداوە...
ئەشقێک مێرگوزار و بنارێکی فرمێسکاوی...

هاوژینەکەم، وەک بەڵێنم داگە پێت
بی نامەت ناکەم!

٢٥ مەی ٢٠٢٠

## کۆڵێک لە بیرەوەری هەوارانە

-١٨-

کاڵێم باری کرد و هەورییەک لە یادگاری جوانی بۆ جێهێشتم، هەورییە کراسێک، تەختەکەی نەخشەی نیشتیمانێکی بێ ناسنامەی پێوە دیارە...

ئای لەو خانمە نێرگزە، چۆن یادگارییەکانیم پێ چەپکدەکا و تا ئاشقان لە ژوانەکانیان نێرگزباران کەم!
ئای لەو شەوگارانەی کە بێ تۆ تەواو دەبن!
ئای لەو ڕەنجە بێوەرەی من و تۆ، ڕەنجێک لە دوا خەزانی تاقەنەیەکی ئەنفال دەچێ!

لەبن تاوێرێکی گەرمابردەڵەی ژیان گیرم کردووە و فێری گۆرانیی (کەی دەگەڕێیتەوە) بووم، گەرووم وشکە و لە هەناسەت دوورم تاکو تینویەتیم بشکێنی! هاکا ئەو تاوێرە داڕما و جەستەی منیش لە مەزارگەیەکی بێناسنامە، بەخاک سپێرا..

وا هەست دەکەم، بوویێتمە سەر قافڵەی خەمی ئاشقان و کاروانسەرایەک نەدۆزمەوە، یادگارییە شیرینەکانی تۆی تێدا بخەم، دەترسم کەمشەرتبم و هێمنترین فێنکە شەماڵی ئەو هەوارە نەزانراوەم، پێ نەگا!...

چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکا، یان لە سایەی ئەشقی تۆدا خاکنیشینبووم و پێیەکانم جڵەویان نەماوە؟ زرەی گوارەکانی گوێت لە زنجیرێ دەچن و ئەوینی منیان هێندەی دی بە تۆوە گرێدابێ...! ئەی لەم گەردونە ئاشقانی تێدا دەژین، وێ دەچێ، چارەنووسی ئەویندارانا وەک قەیس مەجنون بێ!...

ئای لە شەوانی هەورانی ژیانی من و تۆ، چییان بەسەرهاتوە، لەو بەندانەی کە ئیستە تاڵەبارانی فرمێسک هەموویانی خوساندوە! تاتای زوڵفتی چوون یادگارییەکانت لە ڕۆژانمدا loولکردوە!...

ئیدی من ئەم ئەڤینەم بووەتە ئەفسانە پێم ناشاردرێتەوە، کام دۆند بەرزبێ دەیبەمە وێنـــــدەرێ تـــــاکو وەک بلێســــەی نەورۆزی پیرشــــیالیار دەرکەوێ! کام پانتایی بەرینە، دەیکەمە مێرگ و ڕێگوزەری ئاشقانی نوێ کە هێشتا شـەرمی دیتنی یەکدیان نەتکاوە.

دەیکەمە پەڵەی پاییزان و کام دڵدار تینوی ئەشقە، وانەی هـاوژین و هاوسـەری و ئەڤینداری پێ دەڵێمەوە...

کەنیلەکەی هەورامانم!
هێشتا سەرەتای لێزمە و تەرزەی وشە بارینمە، هەوری ئەشقم پڕ نمە بارانی تۆیە..
هەموو ڕۆژێ لەتەکتم...ئەم هەینەیەشت شیرنگەزۆبێ!

٢٩ی مەی ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-١٩-

ڕۆژی دایکانت پیرۆزبێ!
ئەوە کـام گـوڵە وا ئیرەیـی بە جـوانی تـۆ دەبـا، گوڵفرۆشـی باخچەکـانی ئاشـقانی پەشـێو و بێکـار کـردووە؟ ئەوە کـام چڵـی لاولاوە کە دەیەوێ بگـا بە پرچی خورمایی تۆ، خۆی بە باڵای ژیانمدا لوولکردوە؟

ئیـــدی مـــن وام لێهـــاتوە، وەک ئێڵـــی کـــۆچەران هەمیشـــە لە کوێســـانی هەوارەکانتــدا، رەشــماڵی ئەشــقم هەڵــدەدەم. ئیــدی مــن وام، کــام وشــە، بەســتە و هـۆنراوە ناسـک و زێـوا بـێ، دەیـکەمە بەشـێک لە ئـاوازی گـۆرانی تـۆ و شارەکەت...

ئـــای لەو لەنـــجەیەی کە پێـــتەوە بـــوو، لە کـــاکی بە کـــاکی هەردە بەرزەکـــانی پێکەنینەکانــت! مــن دەزانــم، هێنــدە شــیرنی، کوێســانی بــی یــان گەرمیــانیی هەر جوانی.

ئەندیشـاوی بـووم، یـان هێشـتا باوەڕنـاهێنم کە لام نیـت، دەڵێـی کەوتـووەتە بەینمــان حەو کەژ و حەوت کــۆ، بــای شــەماڵێکیش نەمــاوە بمگەێنێــتەوە بە تۆ[14].

ئەمـڕۆ ڕۆژانـی دایکـانە، چەپکـێ لەو گـوڵانەی خـۆت لە بـاخچەکەی ژینمانـدا، بۆ من و لالۆ چاندنت، پێشکەش بە ڕەوانی گەشت!

١ی جون ٢٠٢٠

[14] گۆرانییەکی میللییە

**خانمه کەرکووکییەکەم!**

-٢٠-

یەکەم نامەی هاوینیم

دەبوو زوو بمزانیبایە تۆم لە دەست دەچێ، ئێ هەموو جارێ دەتوت دنیا مردنە و با یەکدی لە خۆشی دنیا بێوەر نەکەین، دەمانتوانی دنیایەک بەختەوەری پێکەوە، هەزاران سـاتی شـادی، وەک ئەوانــی دی، خـڕکەین و لە ئەنبـاری ئەوینمـانی بئـاخەنین، بیکەیـنە ڕەزێ، کە ئاشـقانی دی، سـەرەتای هـاوژینیی خۆیـانی پـێ تامکەن؛ ئێ ئەوە نیە من بێ بەشبووم لە تـۆ و فێنکتـرین هەناسـەت، لە پڕێکـدا هەواری ژیانمت جێ هێشت!

ئای چۆن کەوتگمەتە نێو تۆنان و تۆنێکی ئەنگوستە و تەنیـام، کە گـوێم لە هەر ئاوازێک دەبێ ناوی تۆم پێی دەکۆلێنێتەوە! ناوێک لە نمەی بارانی بن دەوارانــی قەندیل دەچێ لە وازی کاریلەی ناو پەرچان دەچێ، لە گریەی ژینی منداڵێکی تازە لە دایک بوو، لە ناسکترین چرۆی هەلوژە و "بەی"ی سـەرە ڕێـی باخـان دەچـێ! ناوێک لێوانلێو زەردەی ئێـوارانی گونـدێکی هەورامـانە و پرسـەی لە دەسـتدانی تۆ...

خۆشم ئەوێی بە قەد ئەو هەموو سـاتانەی کە لە هەنـاوی مـن و لالـۆی کوڕمانـدا چاندووتە، خوشەویستییەک سـەرەتا و کۆتـایی نیـیە. هێنـدەی ئەو مـیلانەی کە پێکەوە دەمانبڕین.
هێندەی ئەو گەشتانەی کە دنیای تۆیان تژی لە پێکەنین دەکرد.
هێندە گوڵانی بەهار و ئەو گەڵا پاییزانەی وەک تۆ ژیانیان خەزا.
هێندەی خۆم و هەناسە و مانەوەم. هێندەی ئەوەی تۆ و لالۆ پێتان خۆشبوو..
ئاخۆ گوڵێک هەبێ هێندەی بۆی تۆ خۆشبێ؟

ئاخۆ خڕخانەیەکی ئەوین هەبێ، هێندەی ئەوەی تۆ، ئەشقی تیابێ؟
دەبوو پێشتر بزانم کە هەندێ جار بۆچی لە کورتە نامەکانتا، نـاوەکەت بە (نـار) دەنووسی، چ ئاگرێکی دێرینت، ڕێک لەوەی بابا گوڕگوڕ، کە سەدان ساڵە کڵـپەی دێت، لە کوانوی دڵی مندا داگیرساندوە!

پەیم پێ نەبردی و وامـن گـڕێکم گرتـووە، هەر دەڵێـی سـووتووی زێـڕی شـارە داگیرکراوەکەتم...
دەبوو ئیتر بزانم، کە من دەکەومە چ شینێکی ئەوینی لە دەستدانی تۆ!!
ئەمە یەکەم نامەی هاوینیمە  بۆتۆ، نەمەکەم!
ساتەکانی دیش بێ نامەت ناکەم
٢ی جون ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم**

-٢١-

بەستەرەکەی ڕوحی و من تۆ و کۆشکی ئەوینێکی بێگەرد.
لە قەتپاڵێکی پشت تاقگەی زەڵمدا * گیرساومەتەوە، چوون کەڵەکویسانی، لەو تاقە بڕناکەم بێمە خوارێ، ئێ چۆن هەڵبەزمە سەر بەردەقەدێکی دیٚ؟ شان و مل و باڵای تۆم لێدیارە و هەناسەت وەک هاژەی ئەو تاڤگە دێرینە، بەفراوی هەنسکتم پێدا دەپژێنیٚ.

بەڵێ! دوا هەنسکی هاواری مەرگت دەکرد! مەرگێک لە بناری ئەو شاخەی منی تیا عاسی بووە، سەختترە...

چ بەفراوێک لە گەروی ئەو کێوەی هەورامانەوە دێتە خواریٚ!
چ بەفراویٚ، بەفراوێک لە هی ساڵانی کۆی ئەوینەکەی تۆ دەچیٚ. پێیەکانیشم لە پێی خوێناوی گوندییەکی قەرەداغ دەچن، کە دڵی لە چەمی دیوانە تێکەڵی شەپۆلەکان بووە، من هەوسام ئیتر، هاژە و هەناسە و چرپەی تۆ بە خۆیەوە گرێی داوم...

ئاخۆ ستەم لەوە خویناویتر هەبیٚ، خانمێک فێری ئەوینت بکا و مەرگ بیباتەوە؟

ئەمڕۆشت خۆش چڵەرێحانەی هەورامانەکەم!

٤ی جون ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم**

-٢٢-

بارانێک لەمپەڕی دنیاوە، ئەندیشەکانی خوساندووم:
ئەو دەنکە بارانانەش لە ئاونگی ماچەکانی لێوی تۆ دەچن، کە پاییزانێ منیان پڕدەکرد لە وەشتی ئەوین، مەگەر تۆ هەموو پوشەڵە بەفری کۆسارانت بەسەر ساتەکانی من نەدەباراند؟

من ئەو بارانەی وڵاتی شەختەشم لەبیرە، کە زولفە خورماییەکەتی، لە کورت بەهاری ئەو دەڤەرەدا دەخوساند.
لەبیرتە هەردووکمان لە دوو ماسیی سەرەڕۆ دەچووین و پێکەنینمان بەو هەورانە دەهات، کە بروسکەیان بۆ ئەڤینی ئێمە بە ناخی بەزەویدا دەکوتا . دەتوت تەقەی خۆشی زەماوەندی دوو ئاشقی گوندێکی کوردستانە...
ئەو بەلقیسە کێیە لە ئاست جوانی تۆ خۆی دەنوێنێ؟ ئەو لەیلایە کێیە لە بیابانە دڵڕەقەکەی عارەب باسی نابڕێتەوە؟

من دەزانم فراوانێک ئیرەیی بە تۆ دەبن، کە دنکێکی جوانی منی، ئیدی بۆ خۆم بە پاشای ئەشقی تۆ نەزانم؟ ئەو ئەشقەی تژی بوو لە ڕازی پەمەیی و پرتەقاڵی، هەمان ڕەنگی کراسەکانت، تێکەڵ بە خۆرنیشینی ژینی من و تۆ، ژینێ گوڵەئەستیرەکانی چراخانی شەوانی ئەنگوستەمانی ئەستێرەباران دەکرد...
ئای لەو دنکەی من، دنکی هەناری (ساڵەخانی)* ژیانە، چۆن قەندانی ساتەکانی منی پڕکردووە لە شیرنی و هەموو ڕۆژانی بۆ کردوومەتە بەرات!.

کەنیلە کێویلیەکەم!

ئەو ڕۆژەش چەند جوان پێکدەنیت، چەند زێوا سـەیری ژیانـت دەکـرد، لە گـوڵە وەنەوشەیەک دەچووی کە لە نێو دەیان دڕکدا، خونچەی بەختەوەریت بـۆ ژوانـی ئاشقانی دەڤەری زیندانی ژن دەپشکو...

سەیری هەر وێنەیەکت دەکەم، باخێک لە خەندەی گرتووە، دنیایەک کانیی شادیی تێدا هەڵقوڵاوە، وێنەت هەیە تابلۆیەکی ژینە و دەیـان جـار دەیبیـنم و وا دەزانـم یەکەمجارمە...

کەوێی هەورامانەکەم!
دوێنێش هاتمە دیدەنیت، لە خۆشی تۆ، درەختەکانی سەرە ڕێی نزیک ئارامگەکەت، دوو دوو باوەشیان کردبوو بە یەکتردا و چڵەکانیان، وەک جارانی من تۆ، یەکتریان بۆ بەهاری وڵاتی شەختە، ماچ باران دەکرد...

٦ی جون ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٢٣-

ئەوینی تۆ و شارەکەت...

دەیان جار، لە نزیک شارەکەت لە ژوانی مەرگ نزیک بـوومەتەوە، مـن ئەوسـا، کە هێشتا گەمەی دڵبازی شۆخەکانم نەدەزانی، دیوێکی دڵم دابوو بە نیشـتیمان، ئەوە مەرگ بوو شەرمی لێ دەکردم، کە تۆش هاتیتە ژیانمەوە، ئەوەی هەمبوو، کەرتەکـی دیی دڵم بوو، ئێستە هەموو دڵم لای ئێوەیە و ڕیشەکانی بە تۆ و خاکەوە ڕۆچوون، دوو ئەوین لە یەک دەچن، ئێ زوو تاتەم گوتی:

ئەوەی نەتوانێ دڵی بدا بە کناچەیەک، ناتوانێ نیشتیمانیشی خۆش بـووێ. مـن خۆشـبارم لە هەردوو وانەکانـدا سـەرکەوتووم، وانەی شـارەکەی تـۆ و ئەوێنـی کەنیلەیەکی کەرکوکی هەورامی چاوەمەست و شەوەیی...

خانمەکەم بنوو!

با ئاونگی هاوینی ئەم وڵاتی شەختەیە، ئاوێزانی دوا تنۆکی فرمێسـکەکانت بـێ، ئەو مەزارەی تۆ هەوارت تێیدا هەڵداوە، لە هەوارە چـۆلەکەی دڵـی مـن دەچـێ، کە پاشماوەی دار و چۆی هەواری خێڵێکی چیانشینە. لە دارسماقی پـاڵێکی بەردەڵان دەچێ، کە هێشتا قریوەی کچانی ڕەشماڵانی لێ بەرزدەبێتەوە...

دە بنوو هێشتا سـەرەتای هـاوینێکی ڕارایە، دوودڵ وەک ڕۆژانـی سـاڵی ئەم دوا دەڤەرەی دنیا، کە هەر دووکمانی تێدا گیرسایەوە و بووە مەزاری تۆ...

٨ی جون ٢٠٢٠

-٢٤-

تۆی گوڵ!

ئەمڕۆ چلەمین ڕۆژە، لە نێـو گـوڵانی هـاوینێکی کـۆرپەدا، تـێکەڵاوی بـاخی گـوڵە بێبۆنەکانی وڵاتی شەختە بوویت، لە نێو مێرگی هەمـوو ئەو گـوڵانەدا، تەنهـا بـۆی تۆی گوڵ دێ، ئێ کێ بێ جوانی گوڵە کەرکوکییەکەی منی نەدی بێ؟

ئەمڕۆ چل ڕۆژی چرکە ئامێزە، وا ساتە زێڕینەکانمان دەبنە ڕۆمـانێکی ئەویـن و هەنگویناویترین یاداشتی ژیان، هی ئەشقێکی ئەفسانە ، هی هەواری ئاشقانی دوو دەڤەر، هی وڵاتێک نـاوی سـەهۆڵبەندانە و ئەوی دی، ئاقارێـک کە دڵبـازیی تێـدا تاوانە و ویناکردنی جوانی ئافرەت سزایەکی دۆزەخە.

ئەمە تابلۆی ئەشقێکە، کە پێشتر لە هیچ تەلانێکی ئاشقانی دی، گوڵزاری وای تێدا نەڕازابێتەوە، سەرکانییەکی سازگارە، کە ئاشقانی شۆخ و ڕێـگەی شـەنگە بێـری، پەیمانی بێگەردیان بۆ یەکدی نۆژەن بکەنەوە...

چل ڕۆژە، لێوانلێو، بوومەتە سۆفییەکی دەو پەرستگای تۆ و نزاکانم لە زێواترین ملوانکەی وشە، دەکەمە گەردنی ساتەکانت، یادگارییە هەتاوییەکانمـان، دەبـنە ئەو گۆرانییەی کە زرنگەی بازن و گوارەی گوێیەکانت ئـاوازیەتی. دەبـمە ئەو پەپـولە باڵنەخشینانەی، بە نەرمی لەسەر تەیمانی برژانگت، نەبا بژاکێن، دەنیشمەوە...

١٠ جون ٢٠٢٠

**خانمەکەرکووکییەکەم!**

-٢٥-

ژوانێکی دی لای تۆ، گوڵە کەرکوکییەکەم!
لە هەوارە نسـرمەکەی ئێستەشـم، دوای دارمـانی کۆشـکەکەمان، بە چێژتـرین گـۆرانی، لە گوێیەکـانم دەنگـی بـێ، تـرپەی دڵـی تـۆیە، کە ڕۆژانە گـوێی بـۆ هەڵدەخەم. سازگارترین هەناسە، هەناسـەی تـۆیە.. دڵ و هەناسـەیەک کە سـارای بەختەوەریم بوو، گەرمایيەک دەتوت هی تیشکی هەتاوەو لە زستانی سەختدا، لە بن تاوێرێکی سەرمابردەڵەدا، گەرمم دەکاتەوە.

گوڵە هێرۆکەی دەڤەری چیمەن!
تۆ لەوە دەترسای مەرگێکی ناوەخت منت لێبسێنیتەوە و لە ناکاو تەنیا بی، خەمـی ئەوەت بوو، کێ یادەوەرییە زێڕینەکانمان بنووسێتەوە، چۆن مردنی من دەربڕی.
ئای لەو مەرگەی تۆ، کە تۆی خستە پێش من!
ئای لەو کەلەوەرەی تۆی گەرمیانییەکەم، چۆن کەوتە کۆشکە جنجیلانەکەمانەوە!
ئای لە هامسەریی[15] تۆی شیرین، کە ژینی لێ دەباری!

ئێستا دەزانی ئەو دڵەی من بۆ ئۆقرەی ناگرێ و بیانکەی تۆیەتی ! لە بیرتە تەنها دوو ساڵ بوو گەیشـتبوویتە لام، کراسـێکی مـۆرت دەویسـت، دواتـر بـۆ شـایی نەورۆز کردتە بەرت، دەتوت گوڵێ نێوی تەیمانێکی ناوی ژیانی منی. مـن دڵنیـام بووم هەرچیت دەپۆشی، جوانیت لێ پەخشاند دەکرد...

ئای لەو جەوینەی تۆ، کە تیشکی دەهاویشت، کەنیلە شیرنەکەی هاناوی[16] دڵم!

---

[15]هامسەری: هاوسەری
[16] هاناو: کانیاو

سـەرچۆپی زەماوەنـدان هەر لە خـۆت دەهـات، مـن دڵکۆسـتی تۆشـم بـێ، ئەوە یادەوەرییەکانتە، واملێدەکەن گوێ بدەمە فراوانێـک لەو گۆرانیـانەی تۆیدەخسـتە سەما...

١٤ی جون ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم**

-٢٦-

تۆ و زەنگیالەوشە...

ئیستە دڵنیابووم، گەر نزار قەبانی* مەرگی تۆی لە دەمی منەوە ببیستایە، هاواری دەکرد:کە هەڵهاتنی خۆرەکەی منیش، لە بانی مەقامی کەرکووکەوە ئۆخژنی ڕۆشنایی دەبەخشێتە دنیا، نەک لە ڕۆژئاواوە، شەرمێی دەکرد کە نەتەوەکەی وی، شارەکەی ئەو خانمە گوڵەی منی داگیرکردوە و هەزارانی وەک تۆیان، سەدان ساڵە بۆ ڕفاندووە...

دەیگۆ:

کناچەیەک لەوێ، ئاگرەکەی بابەگوڕگوڕی کردوەتە مەشخەڵی دەستی و تینی ئەوین پەخشان دەکا، لەو خاکە پەپولەی ماچ و دەستەملانی ئاشقان ئازاد دەکا...

دەیگۆ:

ئەو کناچەیە هاتووە و مشتێ زەنگیالەی پێیە و کیژانی ئەو دەڤەرەی گوڵاڵە*، لە خۆر و روناکی ئاوێزان دەکا. کەنیلەیەک، ڕەفتەکەی ملی گەڵای ڕێواسی دالانییە* و کۆڵی بەڕەزای کۆساری هەزار ئەستونی* لە تۆی کەواکەی توندکردوە و منەی سارای سنگی مێرخاسەکەی دەکا تاکو چادری ئەشقی لێهەڵدا..

دەیگۆ:

بەهارە و لە ملەی شەروالدڕی پشتی ئاوایی گەچێنەیە* و بەدوی گوڵی هەڵابرمەوەیە و نزیک شرامی پشت بیارە بوەتەوە. دوا ڕێگەی کانی ژنانی گەڕەگی پەژۆیە* و تا دڵی یارەکەی نەئەنگاوێ، ناگەڕێتەوە.

که نیله کەرکووکییەکەم!
ئەمڕۆ گوڵە حاجیلەم بۆ مەزارەکەت هێناوە، گوڵێک قەراغە سپییەکانی سپێنەی چاوت دەنوێنن و ناوەڕاستەکەیان، لە تەختی کراسە هاوینەکەت دەچێ، زەردێک، لە هی خۆرئاوای مەرگی تۆ دەچێ...
خەریکە بەدەم گوڵچاندنەوە، وشەی ئەم نامەیەشم دەبنە گوڵ و لەسەر خاکی گڵکۆت جێ دەمێنن، ئەدی بۆ لەوێ نەڕوێن و نەبنە زەنگیالە وشەی ڕازەکانت...؟

ئەی ئەوە نییە کەنیلە کەرکووکییەکەم بووەتە بەنازێکی لاسار! دەیەوێ، جێپێ و ساتەکانی ون نەکەم، من دەگەڕێم و هەناسم سوارە، لەسوارێکی وێڵ دەچم و ڕێگەم بزر کردبێ..

ڕۆژێکی دی لە ژوانی تۆ

١٨ی جون ٢٠٢٠
---

نزار قەبانی: شاعیری سورییە
کەنیلە: کیژۆڵە بە هەورامی
گەچینە گوندێکی هەورامان
هەزار ئەستون و شرام: دوو کێوی هەورامانن
ناحیەی گوڵاڵەی کەرکوک
هەڵاڵە برمە: گوڵێکی کوێستانییە

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٢٧-

من و تۆ و زەماوەند

هیشتا مەستیی قەنـدیل بەری نەدابـووم، هێشـتا بـۆنی ژاڵە و مۆردەکـانی گـوێ خاسەت پێوەبوو، هەردکمان، تۆ گەرمێنی و ئەمنیش کوێستانی، نا ئەتۆش پتر لە نێوەت کۆسارانییە، ئەدی من تا ئێستەش هەرد هەردی گەرمیان لە دڵما نییە، هەر لە چوار ملانەوە* تـاکو دەگـاتە خـۆرنەوەزان و سـێ پـا* و پشـتی داوێـش لە سـیرەی چـاوی مـنەوە دیـار نیـیە؟من و تـۆ و زەماوەنـد، کەژاوەی ئەویـن و بەختەوەری، تەڵان و خاکی کاکی بە کاکی کەرکووکەکەمان، دنیـایەیەک بەسـتەی گەرمی سەلاح داودە، سـیاچەمانەی ئوسـمان کێمنەیـی* و چـی وشـەی ڕەسـەنی کوردی هەس، مەگەر بۆ ئەشقی ئێمە ئاویتە نەبووە؟

کە میهرەبان دەڕاونیتە دەرەوەی وێنەکە، دەڵێی خۆت یەکەم پەیامبەری بەختەوەری دایکــانی و چنــارێکی بڵنــدی کێــوێکی نیشــتیمانی، ئێــژی یەکەم هەوارگەی شارەستانیەتی سۆزی دایک خۆت هەڵتخستوە…

ئەمڕۆش خۆم نەگرت، هاتمە دیدەنیت، گوڵی سەر مەزارەکەت، چاویان بۆ هاوین، وەک دیدەنی تۆی گەش، ڕازابووەوە..

وا ئەمڕۆ بێ تۆ درێژترین ڕۆژ ی هاوین بەڕێدەکەم، وەک تۆ، چـون ئەو شـەوی پار، پێکەوە ماڵئاوایی لە کـاتژمێرە تەمەن کورتەکـانی تاریکیمـان کـرد. بێخەمـبە گوڵەکەم! گۆڵە مورەکەی تەلانـی بەر دەرگاکەشـمان، بـۆ سـاتە زێڕینەکانـت، ئەو تاشە بەردانە ماچدەکەن، کە جارێ لە جاران تلت پێدان…

تۆ بلێی یەزدانی ئاشقانیش، هێندەی من لە جوانیت تێبگا؟

هەر خۆشبی دایکە میهرەبانەکەی لالۆ!
خانمە کەرکووکییەکەم!

٢١ی جون ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٢٨-

بارانی چاوەکانت: ئیستە نیوەی هاوینی وڵاتی شەختەیە، خۆت دەزانی هاوینێکە، وەک مەرگی تۆ، بۆمن پڕفرمێسکبارانە، ئیدی بەدووری نازانم، ئەم دەڤەرەش وەکو ئەوەی من و تۆ، دوو ئاشق بووبن و یەکێکیان مەرگ ژیانی لێ سەندبێتەوە، ئەدی گەر وانەبووبێ، ئەو هەموو هەور و بارانە لە کوێوە دێت و دەبارێ، لێزمە بارانەکان لە فرمێسکی دڵێکی پەنگخواردووی تژی لە خەم دەچنەوە، بەسەر هەواری ئەم دنیا، وا دنیای من و تۆشدا دەبارێن.

گوڵە کەرکووکییەکەم!

من پێچەوانەی نزار قەبانی* هەر شتێ بۆنی تۆی لێبێ، گوڵاوی تۆی پێوە مابێ، هەر ڕاگوزەرێ، بن تاوێرێ، پرۆشە بەفرێ، سەرینێ، دڵۆپە بارانێ، دەنگۆی قاقایەک تۆی بداتەوە، لمی گوێ ئاوێ جێ گەردنی تۆی پێوە دیاربێ، خواردنێک، هاوڕێیەک، پردێک کە تۆ بەسەریدا بە نازەوە پەڕیبێتەوە، باخێک کە تۆ پشوت تێدا بێ، کانیاوێک کە هەناسەتی ئاوێزان بووبێ و لە کوێ بووبی، من بیخەمە سەر ئەنباری ژیانم و لە هەواری ئەشقمان، جوانترین تابلۆی بۆ ئاشقان لێ چێبکەم..

گوڵەکەی ئاوارەییم! دەڵێی خۆم بۆ کاروانێکی ون تاوداوە، وا لە سەیری هەموو وێنەو وێسگەیەکی ژیانت دەکەم...ئیدی من وام و تۆش وا ڕاتهێناوم، کە هەر بکەوم دەست بە تای زولفتەوە بگرم..

٢٥ی جون ٢٠٢

**خانمە کەرکووکییەکەم**

-٢٩-

ئای لەو ئەڤینە شیرینە، هەموو جارێ کە وشەکانم چەپک دەکەم و ساتەکانتی پـێ دەنووســـمەوە، هەر دەڵێـــی یەکەم ژوانـــی دیتنـــتە و خـــۆت دەهـــاویتە باوەشـــی چارەنووسمەوە، هانا دێنی بۆ قەدرێک کە هیچمان نەمانتوانی پەی بێ بەرین، بێ ئاگابووین لەوەی پێکەوە کۆشکێک لە ئەوین هەڵدەخەین و دوای ٢٦ ساڵ دار و بەردی ئەو کۆشکە، بە مەرگێکی ناوەخت دادەڕمێ...

لەم ڕۆژانەدا ئاشقێکی نوێ، وەشتێکی پاییز، فرمێسـکی بـۆ دڵـی هەر دووکمـان دەباراند، پرسیاری ئەوەی کرد:

کەرەسەی ئەو ئەشقتان چییە وا ساتەکانتان پڕکردوە لە یەکتر و دەها ئەویـنـداری دیتان بە خۆتانەوە تاساندووە؟ دەها جێژوانتان هەڵخستوە...؟

منیش گوتم:

تیلەی چاوەکانی نەمەکەم و هەناسەکانی، ڕەزی ڕازەکـانی، تینـی ئـاگرەکەی بابـا گوڕگوڕ و مانگە شـەوە نازدارەکـانی قەنـدیل، بەفـری کۆسـارەکانی هەورامـان و زیواترین گوڵی چەمەکان، قریوەی کەنیلەی دەوارەکـانی باڵیسـان و سـازگارترین کانییەکانی دەڤەری قەرەداغە!

پێم وت:

هەموو ڕۆژگارەکانی سـاڵمان کردوبـووە ڕۆژی ئەویـن و چـرکە نەبـوو ئـاونگی ئەشقی لێنەبارێ، ماچمان نەبوو شەونمی خۆی لەسەر هەنـاوی هەردووکمـان جـێ

نەهێڵێ، چرپە نەبوو نەبـووبێتە ئـاوازی گـۆرانییەکی بەخـتەوەری هەردووکمـان، ئامێز نەبوو تێیدا دڵی هەردووکمانی ئاوێتە نەکردبێ...

گوتم:

چشـــتێک مـــاوە بـــۆ تـــی باســـنەکەم؟ نـــا مـــن یەکەم ڕۆژی دیـــتن بە خـانمەکەرکووکییەکەمم وت: مـن دڵـێکم هەیە دەیـدەم تـۆ، فەرمـوو ئەوە کلیکـی گەنجینەی ژیانم!

٢٥ی جون ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم**

-٣٠-

گوڵاڵەی خەمەکانم تۆی!

وشەکانم بۆنی گوڵاوی تۆ دەدەن، نە خێر ئەوە ساتە زێواکانتە چرکەکانیان کردوومەتە پەپولە و لە جێی ژوانەکانمان هەواریان گرتووە.

چەند جوان بووین هەردووکمان پێکەوە، یەکترمان وشەبارانی ئەشق دەکرد! لە بیرت دێت؟ وشەکانی تۆ، تێکەڵبوون لە گوڵە نازنازەکانی حەوشەی ماڵە هەژارەکانی گەڕەکی ئیمام قاسم، گوڵە لاولاوی گەرەکی ئازادی و مینای تەپە! چەند بۆنیان خۆش بوو، هێندەی دی بۆنی تۆیان لە ئامێزم خۆشترکردبوو.

ئەدی گوڵە کوێسانییەکانی من؟ چنور و شەوبۆی کۆساڵان[17] و هەندێ جاریش چڵەڕێحانەیەک، لە هەناسەی تۆ بچێ، بۆتم دەکردە چەپک، دەموت ها گشت کەسم! ئای لەو مێخەبەندەی کە دواجار بۆتم هێنا، دەتوت پاسەوانی هەناسەکانتە، بۆنی نیشتمانی ئەشقی دەدا، کە کردتە ملت، ئاونگی سازگارترین تاڤگەی بە ڕوحی من و هاوینی پارساڵی پژاند.

چەند جوان بووی، دەتوت کچۆڵەیەکی دەواریت و ڕێگەی بێری ئەشقم گیانپڕژێن دەکەی. ئای ئەو کراسەت چەند جوان لێدەهات!

من کە یەکەم وشەی ئەشقم بە گوێتا چرپاند، وتم نیشتیمانم دزراوە و با کەنیلەکەی دڵیشم، گورگێکی خۆیی، بەدیاری وەک هەزارەها کچۆڵەی دیی گەرمیانیی، نەیفڕێنێ بۆ وشترەوانێکی بیابان...

---

[17] کۆساڵان کێوێکە لە هەورامان

سـەیرە! دەڵـێ ئەم دنیـایە کەسـی تیـا نەمـاگە و بایەقوشـانی مەرگ لەسـەر بەرزتـــرین ئەرخـــوانی ســـەیوانی ســـلێمانییەکەم* هێلانەیـــان کـــردوه...! شـــنرۆێ دەبیـــنم ســـەدان کەس دوا هەناســـەی ژەهـــراوی بنـــی جەهـــل، هەڵـــدەمژن، خـــانمەکەم دەبینـــیم و هانـــای بـــۆ تـــرپەی دڵـــم بـــردووە...لە کانییەکەی گوڵانە[18] و ماڵئاویی دەکا...

٢٧ جونی ٢٠٢٠

[18] مەبەست گوڵانی هەڵەبجەیە

-٣١-

**بەڕەزای* هەوارانم!**

هەندێ جار تەنیاییەکی وا ساتەکانم داگیردەکا، ڕۆژەکانیش خۆیانی لە بەردا ناگرن، ئیدی یادگارییەکانت تاوێکی توند زریانی تۆم پێدا دەکەن، خۆم بە پرچە ژاکاوەکەی دادەپۆشم ، ئەدی ناهەقمە؟ من مەرگی خودایی بەلقیسێکی کەرکـووکی، ڤینۆسێکی ڕاستەقینە نەک ئەفسانەیی، وەک نیشتیمانەکەم، نە خێر تۆ و نیشتیمان لەیەک دەچن، لێفڕاندووم، دوو نیشتیمانی جوانی لە نیشتیمانێکدا، لێ ئەستاندووم...

ئای لە تۆی کەنیلەی گەرمیانیی! سەیری هەر چشتێ دەکەم، وێنەی تابلۆی تۆی پێوە هەڵکۆڵراوە، قیبلەی کناچەیەکی گەرمەسێر ، لە کوێسانی کوڕە هەورامییەک هەواری هەڵداوە، دەوارێکیان کردوەتە کەژاوەی ئەشق و ئەستێرە و مانگەشەوی پیرەمەگرونیش هی ئەوانە، هی من و تۆیە دڵەکەم! لە هەرزالەکانی وەزەنێی* تەوێڵە دەچی...

لە نووسینی هەر نامەیەک، وا دەزانم یەکەم نامەیە و لە نزیک چاڵە هەنارێکی ساڵەخانیی مێخۆش، چاوەنواڕی خوێندنەوەی دێڕەکانی دەکەی! وا دەزانم هەورییەکی نوێی گوڵپخشانم پێ دەبەخشی..

لە نووسینی هەر نامەیەک دەبمەوە، دەیان وشەی دی، وێنەی تاڤگەی زەڵم، لە ناخما هاژەیان دێ، پاڵەپەستۆی ئەوەیانە، تاکو ساتەکانت پڕ گوڵاڵە زەنگیالەی ڕەنگاوڕەنگ بکەن، باخی ئەوینی منی پێ فێنککەنەوە. دا کەرکووکییانە، ئەشقی ڕێبوارانی دی، مەعین جۆشتر کەن...

نازانم زرێباری* وشەکانم بۆ نامەی داهـاتوو چ تافـان و خورەیـان دێ بەسـەر تاشی ساتەکانما، کو ئەشقپڕژێنی دەکا...

ئیدی من وا ڕاهاتووم تـۆم خۆشـبوێ، چنـووری کـاوانی هەورامـانەکەم! لاوک و حەیرانی شەوانی هەولێرەکەم! گوڵە لاولاوی گەڕەکی پشت جۆگەی بیارەکەم!

پێویستم نیـیە دەسـت بە وشـەوە بگـرم، سـیروانێک* ڕسـتەی بەفـراویم تـاکو بەنـداوی بـاوەنوور* شـەپۆل دەدەن و تینـویەتی خـاک و ئەو دەڤەرە و مـن دەشکێنن.

٢٩ی جون ٢٠٢٠

.......................

- وەزنێ، گەڕەکێکە لە شارۆچکەی تەوێڵە
- هەناری ساڵەخانی هەنارێکی مێخۆشە
- مەبەست ڕوباری سیروانە
- بەنداوی باوەنوور لەگەرمیانە

**خانمە کەرکووکییەکەم**

-٣٢-

**شەرمکردن لەئەشق!**

خانمەکەرکووکییەکەم!
ئەڤین گەنجینەیەکە لێوانلێوە لە ساتی هەنگوینی ڕوح، سەرڕێژە لە بەختەوەری، پێم سەیرە کەسانێک هەن بەشەرمەوە باسی دەکەن، بەخەوشێکی گەورەی دەزانن و دەیانەوێ، لە تەویلەیەکی ئەنگوستەدا وەک خۆیان کۆتی کەن!
ئەدی مەگەر ئەشقی تۆ سپێدەی بەیانیانمی ڕەنگپەخشان نەدەکرد، بەردەوام لە کلاوڕۆژنەی تەلارەکەمانەوە، نەدەرژایە ئەنباری دڵم و ڕەزێک بیرەوەری مۆر و پرتەقاڵی، چوون تابلۆی خۆرئاوای ژوانی دڵداران، گەنجینەکەی ئێمەی پڕ سورمەی خۆشەویستی نەدەکرد؟ نەدەپریسکایەوە؟ ئەی نەدەبووە گوڵەمینا و کوزەڵەی کانیە ڕوونەکانی مامۆستا گۆران* و شەوانمانی تریفاوی نە دەکرد، لە چریکەی کنالەیلی* دەستەملانی ناوباخان تژی نەدەبوو ؟ نەدەبووە مۆردی بانی مۆردی* سەنگاو و پەخشانی بۆ ئاشداخ* نە دەهۆنییەوە؟

ئای لەو کەسانەی کە دەیانەوێ ئەشقی مرۆڤ، لە کینی زیندانی ئیرەییان بچەپێنن، بیکەنە سووتوو و بە خەنجەری کۆنباوی بیری ژەنگاوییان سەری بڕن!
ئای لەو مرۆڤانەی خەجاڵەتن بە بوونی خۆیان، هەستەکانیان لابووەتە گەڕاو و خەریکە خۆشیان کاس دەبن!
لە دەستم بێ، لە سەر هەموو کانیێ، لەسەر هەموو بەردێک کە مرۆڤێک بۆ ئازادی گیانی کردبێتە قوربانی، لە دۆندی هەموو کۆسارێک، لە نێو گوڵزاری هەموو باخچەیەک، لە بان هەرد و شەقامە گشتییەکان، تابلۆیەک لە ئەشقی تۆ هەڵدەواسم، تا نەوەکانی داهاتوو بزانن کە کە نیلەیەکی کەرکووکی کۆشکێکی ئەشقی لەگەڵ کوڕە کوێستانییەکدا هەڵخستبوو و شوراکانی بووبوونە ژوانگە و گوڵی ئەوینیان، لێ شوڕدەبووەوە.

بکرێ وا دەکەم، تاکو کۆتری  ماچکردن و ئامێز، لەو گەوڕە تاریکانە، ئازاد بکەم.
ئەمڕۆ دوومانگم لە بێ تۆیی پڕکردەوە...

بم توانبیابە، زەردەی ئێوارانی دەڤەری ژوانی نهێنی ئاشقانم، لە خەنـدەکانت پـڕ دەکرد و سیاچەمانەی هەورامانم پێـدا دەپژانـد! سـێبەری هەرزاڵەی دڵـدارانم، بە چاوە مەستەکانت دەڕازاندەوە، دەبوومە باخەوانێـک و کـام گـوڵ جـوان بایـا، لە لیوانی ساتەکانی تۆدا، ئاوم دەدا. ئیدی ئەشـقێکی وا، لەوەی مـن و تـۆ، بـۆدەبێ مایەی شەرمەزاری بێ؟
ئەی لەو کەسە دڵڕەشانەی شەرم لە بوونی نیشتیمانی ئەشـقی مـن و تـۆ دەکەن! ڕقیـان لە بـۆنی وەنەوشـەیە و هێشـتا فێرنەبـوون گوێیـان بـۆ شـەیدای بـولبلی بەیانیانی بەهاران هەڵخەن ، نازانن سەیرانی سەوزەگیای کەمەری کێوی دڵخوازان چییە، قێزیان لە قاقای ساتی  دوو دڵدار دەبێتەوە کە بۆ خـۆر پێـدەکەنن، بێـز لە چرپەوشـەی سـەرکانی ئێـوارانی گونـدان دەکەنەوە، چاویـان بەرزی قەنـدیل و ئەستیرەی کیژانـی دەوار نابینێـت، بەردەوام لە نشـیوی ژیانـدا دۆش دامـاون و ناشزانن کە مرۆڤن؟

ئەو کەسانە چەند هێڕ و کـاڵ و کـرچن!  نـازانن ئیـدی مـن وا ڕاهـاتووم تـۆم خۆشبوێ، تۆ چنووری کاوانی هەورامانەکەمی و بە تەمەنمدا هەڵزنیوی!

خانمە گیانەکەی کەرکووکەکەم!
بابزانن:
پێویستم نیە دەست بەوشەوە بگرم.  گوێ بە سەرتوێژی سیای شەرمی ڕەشی دژە ئاشقان نادەم، سیروانێک ڕستەی بەفـراویم.  تـاکو بەنـداوی بـاوەنوور شـەپۆل دەدەن و تینویەتی خاک و ئەو دەڤەرە و دەهای ئاشقی وەکو من تۆدەشکینن.

٣٠ی جون ٢٠٢٠

## شەرمکردن لە ئەشق

-٣٣-

خانمە کەرکووکییەکەم!

ئای لەو ساتەی تۆ بووی بە ئەڤینی من ، من بە ئەڤین تۆ و دنیامان لە مورادی کۆشکێکی دەڤەری ئەشقێکدا هەڵخست، یەکەم گوارەی دیاری منت کردە گوێیەکانتان، بەستەرێک هەرزاڵە پردێکی سەرجۆگەی باخێکی کۆسارمان پێکەوە بەستەوە. کۆمەڵێک ساتمان، چرۆیان، گوڵی بەختەوەرییان دەگرت و بەرامەیان بۆ مە، کامەرانییان دەوەشاند.

ئەی خۆنچەی هەڵوەریوی من! ساڵانیش چەن بچن، تۆ هەر دۆسە کەرکووییەکەی منی، ڕەنگی مەخموری ئێوارانی منی. لاوک و حەیرانی شەوانی هەولێرەکەمی! گوڵە لاولاوی شین و سپی و پەمەیی گەڕەکی پشت جۆگەی بیارەکەمی! شەماڵی شەقامی کاوە و مەولەوی میرەکەی بابانمی! ئاوازی ئەفسانە دێرینەکانی قادرەکەی کۆیەی لاس و خەزالەکەمی...!

بەفری دانار داناری کێوەکانی (دزڵی) خان ئەحمەد خانی، چۆڕاوگەی ئەوین بەسەر دارقەیتەرانەکەی قەراغ تاڤگەی زەڵم دەبارێنی ..

ئیدی من و تۆ یەکترمان وا فێرکردوە و منیش بێ نامەت ناکەم، با ئەو کەسانەش، کە خۆیان لە گەوری کۆنباوی ئەو دنیادا مێشکیان پوچ بووە، هەر مۆرەو زەقی چاویان بێت و بێبەر بن لە ئەشقی ئەم دنیایە و ئەو دنیای بیابانەکەیان!

شەوەی شەوێنی شەوم!
نەمتوانی بێ تۆ بخەوم

٢ی جولای ٢٠٢٠

## خانمه کەرکووکییەکەم!

-٣٤-

من واز لەوانە دەهێنم کە هێشتا لەگەمەی ئەشـق نەگەیشـتوون، ئیرەیـی بە چـاوە ڕەشەکانت و باڵای تۆ دەبەن، ناتوانن نیگایان لە چارەکە سەدەیەکی ئەوینەکەمان تێپەڕێنن.

من بەردەوام دەبم، وەرزی هاوینیش پڕدەکەم لە قورینگی یادەکانت و بە ئاسمانی ئاوارەییمانەوە منەی پارچە زەوییەک دەکەم، بۆنی گوڵانی هەناسەکانتی لێبپژێ، لە بەرزترین تەڵانی ئاشقان لەنگەردەگـرم و هەنگوینـاوی ئەشـقی تۆیـان بەسـەردا دابارێنم.

لەسەر لێویکانی گونـدێکی سـووتاو، وێسـتانێک دەکەم و دوا دڵـۆپە فرمێسـکی سۆماکانتی ئاوێتە دەکەم، جوانترین گوارەی شاری ئامادە هەڵدەبژێرم و بەنەرمی گوێیەکانتیەوە هەڵدەواسم، ملوانەکەیەکی مەهابادیـانە دەکەمە ملـی هەناسـەکانت و زرەی بازنی بوکێکی نۆ ماڵت بە دیاری دەدەمێ.

ئەو ماڵە قوڕینەی کە ئاواتت بـوو، بیکەیـتە بە هـێلانەی دوا تەمەنمـان، دووبـارە لەگەڵ باخێکی بناری بەهەشتی هەوراماندا، پڕ گوڵزاردەکەم و دەیکەمە زیـواترین دیاری ڕۆژی لە دایکبوونت...

مـن دەفـڕم و تـا دەگەمە کەرکـووکەکەت و چـیمەن و گـوڵاڵە و شـاری دوزیشـم لێدیاربێ، چادرگەی سەدان جێماوی ئەشق و خاک دەکەمە بەشێک لە ئەفسـانەی ئەوینی دوو ئاشق، کە یەکێکیان مەرگ ژیانی فڕانـد و ئەو دیشـیان هێشـتا بـێ دەڤەرە ونیشتیمانەکەی خوێن سەرتاپای سۆرکردوە.

خانمەکەم بنوو! وا وەرزی هاوینیش تەنها شەرایەک هێزی ماوە و هاکـا پـاییزی تاریکیش بووە چەند مورووییەکی ئەشقەکەمان...

٤ی جوڵای ٢٠٢٠

## کەنیلەی ئەشقی ٢٧ ساڵ تەمەنم!

-٣٥-

لە دامێنێ ساتێکدام، تەمەنی ٢٧ ساڵە و مانگی خەرمانانی سلێمانییە، تۆ بارگەت لە کەرکووکەوە هێناوە و منیش ئەو کوڕە لاسار و هاجەی کێوانم، کانیاو و دوند و چەمان ئاوێزانی گیانم بووە، باوەشم بە ئەشکی خەرمانی ئەشقێکدا کردوە...

وا ڕاهاتووم، بە یانییان یەکەم وشەی هەنگوینـاویم پێشکەشی تۆ بکەم، ناسکترینیان بکەمە بەتامترین توێژی ماستی دەوارەکانی قەندیل و ڕستەکانیشم، بۆنی نانە گەرمەکانی ماڵە گەرمیانییەکانیان لێ بێ، نانێک، کە بۆ دەیان پێشمەرگەی وەک منیان، لە دیوخانێکی سادەدا دەخستە بەردەممان، کەمێ کونجی و چایەکی گەرمیش.

بەیانی باشێ کە بۆ یەکەم جار، ١١ی خەرمانان بوو لێم کردی، بەڵێ! ئەو ساتەی پێش ٢٧ ساڵ، لێوەکانت بەشەرمەوە گەرمیانیانە وشەی : (دا من هی تۆم) دەربڕی، وشەگەلێک بوونە یەکەم بەردی کۆشکێک، حەوتەوانەیەک وشەی بیرەوەری کوڵی نازاداریکی ناوباخان، چنگێ ئەستێرەی سەر شاخی گۆیژە و کەمەری کوێسانێکی هەواری خێڵی ئاشقان...

ئیستە بەیانییەکی زووە، نیشتیمان و تۆ، وەک ئەگریچەکانت، وا تێم ئالاون مەگەر منیش لە شوێنێ سەربنێمەوە.، نازانم کوێ بێ...

١٠جولای ٢٠٢٠

خانمه کەرکووکییەکەم!

-٣٦-

چاوەکەم، بە سیاچەمانەی موژگانە بێ ماسکەرەکراوەکانتا ببینە! بەیانییە و لەسەر سەکۆیەکی خنجیلانەی ماڵە جوتیارێکی گەرمیانییدا میوانێکی ناوەختی تۆم، شەوی پێشوو، هێندە تریفەی مانگەشەو بریسکەی ئەستێرەی لێیداوم، ئێژی لە هەسارەیەکی دییەوە دابەزیووم. داوەریوم و خۆشم نازانم، وەک شوانێکی دێوانە، لە نێو هەرد و کەورگی رۆژانتا، منەی کام دەڤەری ئەشق دەکەم. تۆ پاڵەوانی ئەو ئەشقەیت...

خانمەکەی من! بەلقیسە هەورامییەکەی من ، تەنها چاوی مەست نەبوو، دیدە چەم خومارێکی گەرمێنی بوو، لە هەواری بناری ئەوینی مندا، دەوارێکی وای هەڵدابوو، کانیلەیەک ئاوی سازگار و سیراج و چی هەبوو، ناوی بەختەوەری بێ، لەودا هەبوو.

چڵەڕێحانەی سەردەشتەکەم!
من لەوە دەترسم، ڕابردووی تۆ، من بەرم نەدا، لە ساتە شیریناوییەکانی تۆدا، ببمە خشەی ئەو گوارانەی ئەتو، کە بۆ داچڵەکینی ئەوینی من دەتکردە گوێ...!

وا من ڕۆژمێرێک لە تۆ دەنووسمەوە، گوێ بە خشتەی ڕۆژەکان نادەم و کام دەرە[19] بۆنی تۆ بدا، من لەوێڕا لا دەدەم و لە سێبەری ساتەکاندا پشوو دەدەم...

کام قولە[20] بەرزبێ، لە باڵای تۆ بچێ، ئاشقانی وەک مەی لێ دیاربێ، دەیکەمە پاسگای ساتەکانت..
کام وشە، بەرامەی هەناسەی تۆ بدا، دەیکەمە زەنگیالەی چرکەکانم...

---

[19] دەرە: چەم
[20] قولە: لوتکە بە هەورامی

ئای لەو خامەیەی من!
چۆن فێربووە تەنها ناوی تۆ ببارێنێ...
بووەتە شەماڵ و
جێژوانی ئاشقانی هەڵهاتوو، فێنک دەکاتەوە..

٨ی جولای ٢٠٢٠
-------------------

## ئەی گوڵە زافەرانییە بۆنخۆشەکەم!

-٣٧-

بە باڵای هەموو وشەیەکدا هەڵدزنم کە جوانی تۆی پێ وێنا بکرێ، کە خشپەی گوارەکانتی پێ بنووسرێتەوە، کە تامی ماچی لێوەکانت بدا و ببیتە مورووو و لە گەردنت بریسکەی دڵوازی بداتەوە، کە قریوەی سەرچۆپیگرتن بکاتە ڕۆمانێکی سوور کە بە مەرگی ناوادەی تۆ کۆتایی هات....

من منەی ناسکترین وشە دەکەم، کە ژنیەتیت وەک خۆی ڕەنگ بکا، کە دنیا بزانێ، خانمێکی کەرکووکی، پاڵەوانی چیرۆکی ئەوینێکی وڵاتێ شەختە و ئەوپەڕی گیتی بوو، تەنانەت ڕیحانە ڕەشەی باخانی هەورامانیش ئیرەیی بە چاوە مەستەکانت دەبرد، لێوی دەو کانییەکی سازگاری کۆساران بوو، بەفری دانارداناری هەواران بوو، گەردنی سارای کەمەری دۆندێکی قەندیل بوو، ئاوێزانی شینایی ئاسمان بوو بوو.
خۆشم نازانم، چۆن هەموو ڕۆژێ مشتێ لەو وشە زەنگیالانە، لە خامەکەم دپژێن و جوانی تۆی بێ بناسێنم!

١١ی جولای ٢٠٢٠

**بارانی وڵاتی شەختە ویکاڵەکەی من...**

-٣٨-

هەن لە بارانی وڵاتی شەختە بێزارن، لێ من گوێم هەڵدەخەم و تابلۆی ئەو ساتانە دەنەخشێنمەوە، کە پێکرا ئـاگردانەکەی ماڵمـان پـێ دەکـرد و بلێسـە و ئەشـق و وەرزمان ئاوێتەی یەکدی دەکرد. من هەموو هێڵەکانی ئەو تابلۆیەم لەبەر دیـدەیە و بوونی تۆی تیا چڕدەکەمەوە، بررژانگە ڕیحانەییەکانـت هینـدەی دی بە گیـانم ڕەش دەکەم، تا چوون وەنەوشەی کانییەکی مەنگ بنوێنن، ئیـدی مـن وام کەنـیلە کەرکووکییەکەی خۆمم وا خۆش ویستووە، گەرەکە!...

ئازیزەکەم! چ تابلۆیەکی ڕۆمانسی زێڕین بووین، !
لەیەکدی تێر نەدەبووین. وشـەی ئەشـق نەبـوو لە دەسـتمام بفـڕێ و دەسـتەمۆی نەکەین! چرکە نەبوو لە ماچدا نوقمی نەکەین...
هەندێ جار، ئیرەییمان بە دڵوازی خۆمان دەبرد. تیلەچاو نەمـابوو بە خۆمـانەوە، هۆگری نەکەین، نیگـا نەمـابوو کە کڕنـووش بـۆ سـاتەکانمان نەبـا و لە بەردەم جوانیتا دانەوەرێ...
لێـزمە نەمـابوو، خـڕەی ئـاوازەکەی نەکەیـنە گـۆرانی( ئـێمە گیـانێکن لەدوو جەستەدا)[21]، دڵۆپە بـاران نەمـابوو لە پەنـجەرەی ماڵەکەمـان نەیێـتە خـوارەوە و تێکەڵی ئاونگی هەناسەت نەوێ.
لە بیرتە!
دەتوت لە بن دەوارێکین و نمەگەلـی شـەوێکی خەرمانـانی کێـوانە، هەوارەکەمـان گوڵاوپڕژێنی گوڵزاران دەکرا! دەتـوت لە ئاویسـەری هەورامـانین و کەوتـوینەتە لاپاڵێک بە کەما و لۆ[22] داپۆشراوە و دنیای تەنێ خۆمانە.
١٣ی جولای ٢٠٢٠

---

[21] گۆرانییەکی ئیبراهیم خەیات
[22] دوو گیایی کێوەکانی هەورامان

**لەبیرتە، چڵە ڕێحانەکەم!**

-٣٩-

هەندێ جار نیگەرانی ئەوە بووین کات بەشمان نەکات و تابلۆی ژوانمـان فریـای ڕەنگە زێواکانی تۆ نەکەوێ، هەندێ جار وا ساتەکانمان کۆتکردبوو، دەتووت دنیا تەنـێ هـی خۆمـانە و بۆشـمان بکـرایە، لەنـگەری زەویمـان لەنێـوان کـازیوە و دەوبەیاندا، بۆ ئامیزگرتن ڕادەگرت، تاکو چی مۆردی سەرڕێی نۆلانەی ئاشقەکانە بە ئاونگی هەناسەمان ئاودێریان کەین، تا دەیـان بـاخی گشـتی و هەواری شـار، ئاوەدان کەینەوە، تاکو گـۆیژەش لە نـازی تـۆ و ئەوینمـان، سـەرڕێژبێ ، تـاکو کوڕەکاژاو هێندەی دی ترۆپی بۆمان سپیکا...

دەزانی، گوڵە کەرکووکییەکەم!
من لەو شەماڵە دەچم کە پرچی مێرگاوی دەشت، لە دوا تەمەنی بەهاران شانە دەکا، چیرۆکی ئەشقم بەسەر شان و ملی هەناسەکانتا دەپژێنم، باسکم دەکەمە کەنارێکی هێمن و لە ئاوایی دیتنێکتـدا، لەنـگەر دەگـرم. دەبـمە تنـۆکە پـرژی بەر تـاقگەی چرپەکانت و چەپکە چیرۆکی دڵت دەسکەنە دەکەم...

ئای لەم کاروانەی ئەشقی من، چـۆن لە سـەر ڕوخسـاری کێـویکی سـارا وێـنەدا، نایێتە خوارەوە و ڕکی تێچاوێکی تۆی لێمگرتووە...! چـۆن شـەونماوی بـووم و سیمام وەرزەکانی تۆی پێوەیە....

١٦ی جولای ٢٠٢٠

**خانمه کەرکووکییەکەم**
**گۆمەکەی ئاوارەیی**

-٤٠-

من ڕۆژانە لەگەڵ گەردی بەیانیاندا، بێ ئەوەی ئەشقی تۆم لا شوورەیی بێ، لام بێزاربێ، وا دەتلاوێنم، لاواندنەوەیەک بەرامەی یەکەم ژوان و دەستەملانی لێبێ؛ وا ساتەکانت لە ئامێز دەگرم، هەروەک خۆم بۆ ئەفسانەیەکی نوێت وەگەڕ بخەم...
ئیدی وا فێربووم:
ساتەکانم بەو گۆڕانیانە بڕازێنمەوە، کە ناخی تۆیان بەختەوەر دەکرد، هەموو سەرکێشییەک دەکەم تاکۆ ئەو وشەملوانکانە دەربڕم، کە بۆ سەرسنگی تۆ بشێن...
ئەمڕۆ:
چووم سەر ئەو گۆمەی کە یەکەم ساڵ لە ڕۆخی دادەنیشتیت و فرمێسکی ئاوارەییت ئاویتەی دەکرد، گومێک لە هەردووکمان و چەند سۆنەیەکی ئازاد پێکهاتبوو.
ئەها بیرم نەچێ! کۆمەڵێ ماسییش ، وا هەڵدەبەزینەوە، هەروەک لە گریانەکانت تێبگەن. ئەو گۆمە هێشتا دوای ئەو هەموو ساڵە، ڕوخساری تۆی لە ئاوێنەی خۆیدا، بەمن دەدایەوە، زەلەکانیش لە پەلەکە ڕەشەکانی تۆ دەچوون، بە نەرمترین هەناسەی شەماڵ لەنجەیان دەکرد...
ئای نەمەکەم!
سادەییت بۆ من دنیایەکی شیرینی چێکردبوو...هەرچیت دەکرد، لێدەهات؛ دەگریای هەر جوان بووی، پێدەکەنیت ئەوەندی دی؛ نازت دەکرد هەزار بارە، ئیدی چیدی!

١٨ی جولای
گۆمەکەی شاری تیبرۆ/ سوێد

**خەمڕەوینی و ساتەکانت**

**ویکاڵەکەی ژینم!**

-٤١-

ئەمڕۆ خەم دایگرتم کە نەتوانم نـامەت بـۆ بنووسـم، خەمێـک لەو پەڵە هەورانەی سەر کۆسارەکانی کێوەکانی هەورامان دەچوو، کە بەهاران بەری سـپێنەی بەفـری سەر ئەو لووتکانەی دەگرت و دنیای ماتمەم دەکرد، کۆمەڵێ پەڵە هەوری ڕەش کە بە لێزمەبارانێکی ڕەش کۆتاییان دەهات...

ئەمڕۆ لە ڕۆژەکانی دی پتر ترسام، ترسـام هـیچ نەتـوانم بنووسـم و خـامەم دوا فرمێسکی بە گۆناکانتا تکا بێ، نەتوانێ دوا نیگاکات وێنا بکات، سیمای هەنگاوە نەرمەکانت بۆ ناو ئەمپولانسەکەت و کورتە دیدەت لە مندا بسڕێتەوە!...

ئەوە من خەریکی چیم؟ چ مە؟

نەخێر !

بەدرێژایی ئەو کەنارەی، تۆ چەند جارێ وێسگەت بوو، دەوێسـیای، شـەپۆلەکانی باڵیان گرتبوو و منیان یادباران دەکرد، هەندێکیان دەتوت پرچـی تـۆن و بەدوی جەستەی تۆدا سەر ئاوکەوتوون، پیرێکی دیشیان هێندە لە گیانی تۆ دەچوون، کە هەناسەیان دەدا، هەر هێندەیان نەمابوو تیشکی خـۆر مـاچبکەن و مـن ژیانبـاران بکەن...

خانمە کەرکووکییەکەم!

هێندە ترسام، پێم وابوو، پێکەوە لە دەروازەی شـاری قەڵاتـین و لەبەر ئەوەی تـۆ خانمێکی کەرکووکیت و منیش ئاشقەکەی تـۆ، هەردووکمـان گیرمـان خـواردوە و حەشامەتێ لە پاسەوانی چیای شیرن گەڕمان پێدەکەن...

هەر زوو زانیم ڕۆژی ڕووناکە و خەوە و ئەو خەمەشم وەک ئەو هەورە ڕەشـانەی سەر کۆسارەکانی هەورامان دەڕەوێنەوە...

خانمێک نابینرێ و بوونیش لە هەموو دەڤەرێکە منە ...

لە پێکەنین و شادپژاندن تێرنابێ...

ئای چەند بەو چەپکە گوڵە سوورەم خۆشبار بووی !
بە گوێمدا چرپانت:
دڵەکەم!
تۆ یەکەم کەس بووی فێری چەپکە گوڵت کردم، ئەوە یەکەم دەسکەنە گوڵی ژیانم بوو، دەسەیەک کە بوونە جوانترین دیاری لانەکەمان...

٢٣ی جوڵای ٢٠٢٠

**خانمەکەم! بارانەکەی دوێ شەو**

-٤٢-

دەترسم، هەر چۆن ئەستێرەکان لە سەرمادا بەزریوەن، دەپریسێکێنەوە، ئاواش، تۆ بەم سێ مانگە لە ئارامگەی وڵاتی غەریبیدا ڕچابیت و نازانم چیتر...

دەڵێی پێش ئەو چرکەساتەیە، چاوترۆکانەیە کە هاوارت کرد:

ئاسۆ، من تەواو بووم!

ئیدی من لەو ساتەوە، مەستێکی بێدارم و بە دیـار تـۆی خواوەنـدنی جـوانییەوە، ناتۆانم گوێم لەو هاوارە نەبێ، هاوارێک کە لە چەند وشە تێنەپەڕی ئیـدی فریـای هیچ نەکەوتم، چەند پیتێکی پچڕپچڕی هەڵوەریویشم گوێ نەکەوت...

ئای لەو مەرگە ناوەختە!

مەرگێـک وا دوو وەرزی سـاڵی لە مـن و لالـۆی کوڕمـان، کـردە خەزانێکـی یەک وەرزی شان و مل ڕوت! ئای لەو مەرگە نەگریسەی کە تۆی لە لانەی من تـرازان! چی خەونـی پرتەقـاڵی نێـو ئـامێزی هـاوژینی بـوو، لە خـاکی وڵاتـی شـەختەدا هەڵوەراند!

ئای لە پێناسەی مەرگ چەند بەسۆ وئاگراوییە، مرۆڤەکان لە هەموو سـۆزێک بـێ بەرگ دەکات!

٢٥ جولای ٢٠٢٠

**سێ مانگ دوای تۆ**

-٤٣-

خانمۆڵە کەرکووکییەکەم !

ئەمڕۆ دەکاتە سێ مانگ، نەوەد ڕۆژ و هەزاران سات و چرکە، دنیایەک لەدەستدانی ئەوینمان، تۆ ڕۆیشتیت و بێ هاتنەوە...ئای لە سیلەی مەزاری تۆ !

من و تۆ ، ئەو جووتە بووین، کە نەماندەتوانی :

-گوڵەهەناری ئەشقمان بالاپۆشکەین و لە ژێر چادرێکی سیادا بیشارینەوە، ساتەکانمان بە ڕۆژ ڕوناک گوڵئامێز بکەین...

- دارگێلاسی ژوانمان ونکەین و ئاونگی ماچان لە ئەنگوستەدا بسڕینەوە..

- هێلانەمان تژی نەکەین لە گوڵە شەوبۆ و وەنەوشەی باخان...

تۆ بلێ من مەیلی تۆ بنێژم؟

مەیلی خانمێکی کەرکووکی کە لانەکەمی پڕکردبوو لە ئاسودەیی؟ئای لەو ئاورەی ڕۆشناییەکەی تا سیرەی چاوبڕکا دیارە، هەر دەڵێی لە کێوی گۆجارم و تا پشتی حەمرین و پانتایی گەرمەسێر و بابا گوڕگوڕەکەی تۆشم لێدەیارە!

من دەزانم، دەمزانی هەرکە نیگای من بەر ڕوخساری زەریفت دەکەوت، ئیدی خەندەبارانت دەکردم، نەتدەتوانی دڵی شادت بشاریتەوە، چاوەکانت هێندەی دی مەستیان دەکردم و لەبەردەم دەواری ڕەوانتا، شەماڵێکی پیرەمەگرون ئاسا، دنیات فێنک دەکردمەوە..

من دەزانم....

٣٠ جولای ٢٠٢٠

**خانمەکەی من!**

-٤٤-

گۆراڵەکەی* کەمەری کۆسارەکانی وەهار و ڕێحانە سیاوەی پاییزی تەیمانی ساتەکانی منە، زێواترین وشەدانی خامەم و هۆشمە، گۆنا هەردیانە گەرمیانییەکەم، تاوسانی ڕۆژانی وڵاتی شەختەمە، ناسکترین ئاوازی بلوێری شەوێنی چیانشینانی دڵمە...کانییەکی سازگارە و تریفەی مانگی تابان و سروەی بەیانیانی منە...

هەگبەیەکی ئەوینە.

٢٨ی جوڵای ٢٠٢٠

---

وشەدان: فەرهەنگی وشە (داهێنانی ڕۆماننوس کەریم کاکە)
گۆراڵە: گوڵاڵە بە هەورامی
وەهار: بەهار بە هەورامی

**پارچەیەک لە کەرکووکەکەم**

**ئیرەیی بە هەموو جەژنێ،**
**ئاهەنگەبۆنەیەکت  دەبەم!**

-٤٥-

کە دەموت ئاهەنگە، ئەوەندەی یەک و دوو، ئیدی یەکێ نەیزانیبایە پێی وابوو، تۆ خاوەن ئاهەنگی و مەکۆی شادیت !

بەڵێ! هەمووت جوانیی لێدەباری، بزوتن، بڕۆی کەوانیت، خەندەکانت، لێوی ڕەنگ گێلاسیت، بریسکەی سۆمای چاوەکانت، ئەدی لەرزانەی سەرچۆپییەکەت بۆنا؟

ئای خانمە کەرکووکییەکەم، جەژن و ئاهەنگ چەند ناشادن بێ تۆ!

لەنجەی گوڵی باخچەکەمان چەند بێنازیی تۆیان پێوەدیارە!

تەنانەت بارانی ئەم وڵاتی شەختەیەش بە نەرمی دەبارێ، نەبادا جەستەکەت زوو بڕاکێ! نەبادا ئەو وشانەی ڕوخساری تۆیان پێ وێنا دەکەم، وەک کلی چاوەکانت سەرگۆنای ژیانم ڕەشکەنەوە...

بووکە کەرکووکییەکەی من !

وا هاوینیش لیخەن لیخەن تەمەنی بەرەو کۆتا دەکێشرێ، چاوەڕێی ئاوازی خەزانی گەڵانی پایزدەکەم، پایزی کۆشکی سارد، دەترسم ساتەکانم چلوەری بێ تۆییان پێوە یەخبگرێ...

ئەو گوڵانەی ئاسودەپژێنیان دەکردی، لەسەر مەزارەکەت، هێمن هێمن بۆت پشکوتوون...لە ناوچاوی جوانی تۆ دەچن..

ئیدی نازانم، تیشکێکی زیڕینیش، کە ڕەنگی لە گوارەکانی گوێت دەچێ، لەوێ، لەو گۆڕستانە تا دڕەنگانێ، کاڵ نابێتەوە!...

٢ی ئەوگوست ٢٠٢٠

## چلەی تۆ

-٤٦-

چـل ڕۆژە، لێوانلێـو، بـوومەتە سـۆفییەکی دەو پەرسـتگای تـۆ و نزاکـانم لە زێواترین ملوانکەی وشە، وا دەکەمە گەردنی ساتەکانت.
چـل ڕۆژی مێـرگ بەهـارە، وا لە نـاو یادگـارییە هەتاوییەکانمـان، مـن بـوومەتە ئەو گــۆرانییەی کە زرنــگەی بــازن و گــوارەی گوێیەکانــت ئــاوازی گوزەریەتی.
چـل ڕۆژی هەواری کۆسـارانە، وا مـن وەکـی ئەو پەپـوولە باڵنەخشـینانەی، بە نەرمی لەسەر تەیمانی برژانگت، نەبا بژاکێن، دەنیشمەوە.
چـل ڕۆژی چـلەوەردە، وا مـن دەبـمە خـاکەوەردی بـن نەمـامی تەمەنـت و ئەوینت ئاو دەدەم...
چل ڕۆژە و نازانم کەنگێ دەگەمە دوا ئێستگەی ئەم چلەیەت!
چـل ڕۆژە، قـوبەی سـاماڵی چـاوی خـانمێکی کەرکـووکی، دەمـێ هەڵزنینـی هەردەکـانی حەمـرینم بـۆ دەکـاتە مەرجـی ئەشـق، جـارێکیش دەمکـاتە فەرهـادێکی ڕۆهەلات و بیـانکەی نێچیرکردنـی مەلـی ئـازادی ئەویـنم پێدەگرێ.
چـل ڕۆژە، خـۆی کـردوەتە بێـری و گـوزەرم نەمـاگە تیـری تێچـاوە ڕێحانییەکانی وێی پێوە نەبێ.
چـل ڕۆژی هەزاران ڕۆژگـارە، زێـڕی خۆرنیشـینی ژیـانم، لە دەریـای گیانیـدا، بەنـدکردوە. تـابلۆیەک، لە ئاسـمانێکی چەنـد پەپـولە هەور و بـاخێکی تـژی لە ژین و دەریاچەیەکی ئاڵتونی هێلانەکەی...
چـل ڕۆژی ژمـارە خوێنـاوییە، هەردەڵێـی کەنیشـکی دەوارێکـی شـوانم لێـونە و بە تای ئەگریچە وێ نەبێ، منیش تەواو دەبم.

٤ی ئەوگوستی ٢٠٢

**خانمەکەرکووکییەکەی من :**

-٤٧-

چاوێک، ڕەنگاڵەی ڕەشەڕێحانەی دەو کانیەکانی هەورامان دەداتەوە،

نیگایەک گەرمی بلێسەکانی بابا گوڕگوڕ دەپژێنێ...

گەردنێـک، بـۆنی گـوڵە مـێخەک و هەزبەی بەیـانی قۆپییەکـانی قەرەداغـی لـێ هەدەڵستێ...

خۆشم نازانم نێرگزە جاڕێ سێوسـێنانە، یـان دەنـگە گێلاسـی قەنـدیلە!!!! یـان جوانی کام دەڤەرە!...

ئەگەریچەی، لاولاوی باڵاترین چناری ئاوایی دەشتی کۆیەیە...

نازی، خۆشترین ئاوازی بلوێری شوانی خاڵاخاڵانە...

لێوی، گوڵە کنێری هەولێرە

خەندەی، تابلۆی ڕەشماڵی خێلانە، سنوور ناناسێ...

دیوارەکانی مۆزەخانەی ناخم، تژییە لەو...

کێ هێندەی من برِ دەکا لە کاروانی وێناکردن و پەخشـانکردنی جـوانی وی، مـن نەبێ؟

ئیدی خانمە کەرکووکییەکەی من وابوو

هەموو شتێکی نەخشین بوو.

٨ی ئەوگوستی ٢٠٢٠

## بێزاربوون

-٤٨-

من نازانم بۆ لە ئەفسانەی ئەشقت بێزاربم:
کەوا سەدان تابلۆی تۆ لە موزەخانەی دڵمدا هەڵکۆڵراون؟
کەوا هەزاران ئاواز لە چرپە کەژانیەکانی تۆ، لەسەر ڕێگەکانی ژیانم زرنگەیان دێ؟
کەوا دەیان بلێسەی ئاگراوی، لەوانەی باباگۆڕگوڕ، ئەنگوستەم دەتارێنن؟
کەوا دەریایەک لە ئاونگی ماچەکانت دنیایان شین کردوم؟
کەوا کەژاوەیەک لە ئەوین و مانگەشەو و تاڤگەی دەستەملانت بۆ هەڵبەستووم؟
من لە ڕابردوو چەقم نەبەستوە، لە بەهەشتی ئەشقێک گیرساومەتەوە، کە ٢٦ ساڵە، نوێژەئەوینم بۆ کردوە...

من باسی ئەشقێک دەکەم:
سومای چاوی کەرکووکەکەمە،
فێنکترین بناری گۆیژەی سلێمانییەکەمە،
شەماڵی کورەکاژاو و شینترین لوتکەی قەندیلەکەمە،
هەنسکی دڵی منالانی ئەفرینە و ڕۆنـدەکی دایکـانی کۆبـانی لێـدەبارێ، بـۆی گەردنی ماندویی کچە گەریلاکان دەدا...
ئای لەو ئەشقە گەریلاویەی من بۆ تۆ! کو تێکەڵی تۆ و نیشتیمان بووە،
ئیدی دڵوازی من بۆ تۆ واسە...

من ڕابردوونیم، من کوتی ئەشقێکم، گوڵە ژاڵەی کەورگەکانی گەرمیانە، تاوێرێکە، لە ژێـر تیشـکی چاوەکـانی تـۆدا سـوور هەڵـگەراوە، ئـاوی ئەو کەنـدڕانەیە، کە تینویەتی خاک دەشکێنن.

ئەشقێکە، هەڵاوی ئارەقی پێشـمەرگەی سـەر هەورازی لـێ بەرزدەبێـتەوە، کـورتە هەناسـەی گەریلایەکـی ڕۆژئـاوایە، بەدەسـتێ تیشـکێکی خـۆری گرتـووە و بە چنگێکیشی خوڵی نیشتیمانی لە مشتە...
من نازانم هەندێ بۆ لە باسکردنی ئەشقی من و تۆ بێزار دەبن؟

مەگەر ژن ئـــاوێتەی ڕەنـــگە جوانەکـــانی سروشـــت نیـــیە؟
من نە چرۆی گۆڕالانم[23] پێ هەلدەوەرێ، نە دەتوانم لە ئەوینێک خۆم بشـارمەوە، کە بۆی پونگە و ڕێحانی گەروی کانی ژیانبدا، هـانەیەک کە دڵـۆپە ئاوەکـانی لە شەونمی ماچی دڵدارانە...

١٣ ئەوگوستی ٢٠٢٠

[23] گۆراڵە: هەڵاڵە بە هەورامی

**زاری تۆ و تافان[24]**
**ئەمڕۆ نەمزانی چی بڵێم!**

-٤٩-

چـی بڵـێم بە بـاخی گشـتی سـلێمانییەکەم، کە گوڵەکـانی هێشـتا بـۆنی تـۆ بـۆ ئاشــقانی شــارەکەم دەپــژێنن؟ بە شــەقامی مەولەوی و بەردەرکــی ســەرا، کە ئێوارانی گەشتگوزەری تۆ بوون؟

ئەی چی بڵێم:
بەڕەشـــــــــە ڕیحـــــــــــانەی چەمەکـــــــــــانی هەورامـــــــــــانکەم، کە لە چاوە مەستە بێ ماسکەرەکانی تۆ دەچـوو؟ بەسـەکۆبەردەکەی کەمەر سـەلارەی ئاشـقانی دێ؟ بە کـانی ژنـان، کە ئاسـۆی ئەوینـداری ئەو بەهەشـتە بـوو؟ بەو بیارەیەی کە کوتێکی تۆ، ڕۆخساری زێوای تۆ، لەوێ چرۆی کردبوو؟ چی بڵێم بە نسـارەکانی ئەو دەڤەرە؟ بە قـوبەی سـامالّی لـوتکە بەفرینەکـانی لهـۆن و گـوڵە بەڕەزای لاپاڵەکــانی؟ بەو کەنــیلانەی کە چــاوەڕێی چەپکــی ســوورەهەراڵەی بەهاریان لە کورە بزێوەکان دەکرد؟ بە تـاڤگەی زەڵـم، کە کەفچرێنـی تافاکـانی، هێندە سپییەکی بێگەردبـوون، دەتـوت خـامی مردنـی ئاشـقانی قەدەغە ڕادەخـا و ڕەنگی کفنەکەی تۆیە؟

ئەی سماقەکانی قەندیل!
چی بڵێم بە شەونمی کوێستانەکانی قەندیل، کە تەڕایی ماچەکانی تۆیـان دەپژانـد و سـماقە دەوەنەکانیـان هێنـدەی دی گەش دەکـرد ؟ بەو دۆنـدە دێرینـانەی کە هەواری پێشمەرگە و گەریلان؟ چی بڵێم بەو خـاکەی مـن تـۆ، کە کەوتـوەتە نێـو کەڵبەی سێ گورگەوە؟

---

[24] تافان: تافانی ئاو، گەڕەکێکە لە بیارە

چی بڵێم گوڵخانمەکەم!

بە شەوێنی  بلوێری شوانەکانی گەرمیانەکەت، کە زرنگەی ئاوازی چرپەکەکانی تۆیان دەدایەوە؟ بە هۆرەی خەماوی مامە ئەنفالکراوەکانی، کە هەنسکی تۆ بە هەردەکانیدا دێتە گوێم؟ ئای لە دوا هەناسەی تۆ!
هەناسەیەک  نێرگزی ژیان و دنیام بوو...

چی بڵێم خانمە کەرکووکییەکەم؟

چی بڵێم بە وڵاتی  شەختە، کە زوقمەکەی بەرگەی تینی ئامێزێکی تۆی نەدەگرت؟ بەو شەپۆلانەی لە شادی پێکەنینەکانت  هەڵبەز و دابەزیان دەکرد؟
ئەمڕۆش وتم چی بڵێم:
بە مانگەشەوی کۆساری ڕەنگین، کە دەبووە بەشێک لە بریسکەی چاوەکانت، لەساتە ئەنگوستەکانمدا؟

چی بڵێم بەخۆم؟
بە بەرد، بەدار، بە ژاڵەکانی کەمەری خاسەی شادەماری کەرکووکی بریندار، ئەو خاسەیەی کە ساڵانێکە ژەهری عروبە، وشکی کردووە!
بە ساتە نەورۆزاویەکانی و شەوانی یەڵدا؟ بە ئەنگوستەی ئەمپەڕی دنیا، کە لە جوانی تۆ هەڵدەهات!

بە کچانی بێری دۆڵی سماقۆڵی، کە گوارەکانیان لەوانی تۆ دەچوون؟ کە سنگ و بەرۆکیان ئاوێزانی شەماڵ و گوڵزاری نێو بەردان دەچوون؟

ئیدی من چی بڵێم بە کانی وتمانی سەرەڕێت؟ بەزەردەی زیونی ئێوارانی بانی مەقام و حەمرین؟ بەو هەموو ئەنباری ئەشقە، کە خەریکە دەبێتە پەرستگایەک لە نێوان دەڤەرەکەی من و تۆ، نیوان کەرکووک و هەورامان؟

له دەوری چرپەی هەنگاویناویـت بـم، کە دنیـامی بە گـوڵە شـیلانەی کۆسـاران و مینای گەڕەکی ئیمام قاسمەکەت بۆ خۆشکردوە!

١٦ ئەگوستی ٢٠٢١

**فراوان تاسەی* تۆ دەکەم**

-٥٠-

تۆ چوویت و هێشتا خەندەی لێوە گێلاسییەکانت دەڵێ ئێستەن،
بەسەر هەردی ڕۆژانی مندا دەفڕن، دەڵێی کۆمەڵێ کەوی کۆسـارانن و لە کێڵـێ*
تەمەنی مندا، بۆ هەتا هەتا هێلانەیان کردوە!
تۆ چوویت و منت لە نێو دارستانی یادگەلێکی فراواندا جێهێشتوە...
تۆچوویت و هێشتا هەناوم گرێدراوی، نەرمترین موی تاڵە ئەگریچەی تۆیە...
تۆ چوویت و هێشتا تێچاوی شەوەبیت تابلۆی دیواری ڕۆژانـمە و بە گەردنـمەوە هەڵکۆڵراوە..
تۆ چوویت و هێشـتا گـوڵانی ئەم دنیـا، لە بەردەم جوانیتـا ملیـان لارە و سـیس هەڵگڕاون

بنوو ئاسکە تاقانەکەی شاخی بەمۆم!
چەپکە شەوبۆی قۆپییەکانی قەرەداغ، جـارە نێرگـزی بـانی مـۆرد و سـەرڕێگەی چیمەنی کەرکووکەکەم!
بنو ئەی ملوانەکەی زەدەپەڕی زیوینی نسارە پڕ ڕێواسەکان!
من هێشتا لە جوانی تۆ تێرنەبووم...
من هیشتا نازانم، کەی دەبمە سوتوی ئەم ئەشقە و ڕەنگم خۆڵەمێشـی گونـدێکی سەربڕاو دەگرێ!
دڵم چوون دارەڕای ماڵەکـانی ئـاوایی بـاڕۆیی بازیـان، ئـاگری لـول خـۆی پێـدا هەڵدەزنێ.

بنوو گوڵ کەرکووکییەکەم!

٢١ی ئەوگوست ٢٠٢٠

**وشەی خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٥١-

هەموو جارێ، کە وشەی خانمە کەرکووکییەکەم دەڵێمەوە وا دەزانـم، ئێسـتەیەکی کورتە پەیم پێبردوە، تۆم پێی ئاشـناکردوە، وا دەزانـم ئەو ساتەسـە، بەیـانییەکی بەفرانبارە و پڕ بە ئاوارەییم، چی ناسۆری نیشتیمانە دەیرەوێنیتەوە !ئەو ڕۆژەی زەنگی ئەو ناوە شیرینە بەرگوێت کەوت، کە خـانمێکی ویکـاڵی کەرکووکییـت و ئەو گەزۆناوەت پێخۆشە:

وامزانی خاسە وەک سەردەمانی زوو، تا سـیرەی چـاوان برکـا، سـەوزە و چـی دەوەنە ژاڵەی هەس، جێژوانی مەیە، چی گـوڵە هێـرۆی ڕەنگـاوڕنگیەتی  بۆمـان سەمادەکا،

چی باسکە لاولاوی قەد چنارە بەرزەکانی بیارە هەیە، شایی لەمبازە[25] دەکەن،

چی ڕەیحانە ڕەشەی باخان هەس، چەپک چەپک ریزیان گرتـووە بەرامەیـان بە گەردنی تۆدا دەرژێنن...

چـی سـنۆبەری گەرەکـی ئـازادی و ڕەحیمائـاوایە، لێوانلێـون لە لانەی ئاشـقە لانەوازەکان..چی کانیـاوی ئەویـنە، لە خـاکی قەدەغەدا تەقیـوە...ئەم شـەو دوای دەیان شەو، هێشتا بە بۆی بالیف و پێخەفەکەت ڕۆژ و شەوان شەقدەکەم، خۆشم تێناگەم لە کام تەلانی ئەشقی تۆدا گیرساومەتەوە! تەلانی وا پڕ گـوڵزار، ڕەنگـی لە لێوە سوورەکانی تۆ بچێ...

خـانمە کەرکـووکییەکەم  باڵنـدەیەکی پاسـارییە، پاسـارێک لە دڵمـدا نەمـاوە نەیکردبێتە هێلانەی هەردووکمان! دوای چاوی تـۆ، مەسـتییش لە دڵـی ئاشـقاندا کۆچی کرد

١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

[25]لەمبازە: سەمایەکی ئەمریکای لاتینییە

**نێوان چەند ساڵێک**

**ئێمە و ئەوان**

-٥٢-

کانییەک، خوڕەی فرمیسکە سازگارەکانی، ئاویتەی چرپەکانی تۆ بووە، کانییەک بەزمانی کەنیلەکانی ئەو باخانە { هانە}ی ناوە و مرواری زیفەکانی لە ملوانکەی گەردنی بەفرڕەنگی تۆ دەچێ..

تۆ، بەڵێ تۆ، خانمەکەرکووکییە هەورامییەکەم!

بەڕوخسارت وێنای ئەو وارە دەکەیت کە لە لەپی ئاسماندا لەنگەری گرتووە، نیشتیمانێک کە لەشکرەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی تۆشی دامان و داوەرانکردوە...

کانیی ئەو باخەی ناوی (خواجا)[26] یە و دوور نییە شوێنێکی پیرۆزی خوداوەندێکی جوانی نەبووبێ. ئەو زێوایەی بە تۆ و کەنیشکەکانی ئەو خاکە دابێ. ئەو کانییە و دەها کانی و جۆگە و دەرەی*[27] لەو شێوازە، بەهەشتێکیان لەو چەمانە پێکەوە ناوە، ئیدی خۆ بە گاڵتە گۆرانی شاعیر نەی وتووە:

سیا چەمانە سیا چەمانە... بەهەشتی ئەشقە ئەو هەورامانە...!*

مەگەر چەمانی تۆش بەبێ ڕشتن، بەبێ کل و ماسکارە، هێندە سیا نەبوون منیان مەست دەکرد، هەر دەڵێی ئالودەی مەی هیشوەتری ڕەزی ئەو بنارەی دیدەی تۆ بووم، گوڵ نەرمین!

ئەوەش بەشێکی دی من، لە هەوارێکی دی، هەوارێک بۆی ڕیحان و پونگە و ئاونگی بەیانیان و هەناسەی دار گوێز و تابلۆی سووری گوڵهەناری تۆی گرتووە...وێنەیەکی دی تۆ لە هەناومدا هەڵواسراوە...

---

[26] خواجا باخێکە لە بیارە

[27] دەرە:چەم

وێنەیەک، تابلۆی کۆباخی چەمێکی قووڵی داوین دەڤەرێکە، هەورامانی ناوە، بەڵێ هەورامانەکەی من و تۆ!
من نەجوانی تۆم پێ دەشاردرێتەوە نە ئەڤینەکەت، نە وەرزەکانی تەمەنت، ئیدی من واسەم، دنیایەک لە تۆ.
ئەمڕۆ ١٢٠ ڕۆژە ، شەونمی خاکی ئاوارەیی تێکەڵی هەناسەی خانمە
کەرکووکییەم بووە، لە کەمەرێکی ساتەکانم گیرساوەتە و نازانم وەنەوشەی
نزارەکانە، بۆی ئەویان گرتووە یان گوڵە گەلاوێژی باخەکانی سانی هەورامانە لەو شەرمێ دەکەن؟

خانمەکەم! تێکەڵی گوڵزاری دەڤەران بووە.. دەمێک گوڵە هێرۆی کەرکووک بۆ جوانی وی دەچەمێتەوە، کەڕەتێکیش ڕێحانەی چەمان[28] بۆ گەردەنی بێگەردی تا بەر سەنگی شۆڕبووەتەوە...

١٢٠ ڕۆژە، زینێی من، لە منی مەم، بووەتە داستانی عەشقی ئەحمەدی خانی و تەنها باکووری دڵی نیشتیمانی من نا، لە کوتەکانی دی خاکی ئەوینمدا، زاری ئاشقانی تژیکردوە لە دڵوازی و گەمەی ژین...

ئەمجارە وشەکانم دەکەمە گرانترین گوارە و ئاوێزانی نەرمی گوێیەکانتی دەکەم، ئاوێزانێکی لەو جۆرە ، تاکو بەردەوام تەنیایم لە ئاوازە هەنگوینییەکانی چرپەت پڕکات...

٢٨ ئەوگوستی ٢٠٢٠ دەڤەری بیارە

---

[28]چەمان: کۆی چەم، چەمی ئاو...

**هەمووم بۆ تۆ، خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٥٣-

نەک تەنها ئەمڕۆ، هەموو ساتەکانم، هەموو وەرزەکانم گەردی گیانی تۆبێ، هەمووم بۆ تۆبێ!
پارساڵ ئەم کاتە، چرکەکانمان دەژمارد کەنگێ یەکبگرینەوە، تۆ پێشتر دوو مانگ لە دەڤەری گۆیژەکەم*بووی، منیش دواتر لە باخەکانی هەوراماندا، بیرتە دوایـوی چۆن پایزی وڵاتی شەختە، گەڵا زێرینەکانی بۆ ئەشقمان دەوەراندا؟
ئەدی خۆرنیشینی کەنار دەریای وڵاتی بەربەرەکانی ئەو دنیا؟
بیرتە پێتم وت:
گوڵم!
خۆت ئاوێتەی ڕوخساری پرتەقاڵی هەتاو نەکەیت نەکا لە من ونبی؟
سواری ئەو شەپۆلە ترسناکانەی دەریای ناوەڕاست نەبێ؟
تۆ سەهەندەبوویت و لە شەپۆلەکان هارتر، جار جار ئاوڕیک و چەپکـێ گزنگـت دەگرتە من،
ئای من چەند ترسنۆک بووم...
هەمووم بۆ تۆیە... خۆم هەڵگرتووە بۆ ڕیزانی گەڵا ئاڵتونییەکانی ئەمساڵیش، بۆ دیتنی گەردنی ڕوتی ئەم پاییزە بێ تۆیە...

٥ی سێپتەمبەر ٢٠٢٠

**دوای چاوی تۆ، ئەمەش کاری دڵ، دڵەکەم!**

-٥٤-

ئەمە دوا خەرمانەوشەم نییە بۆت، دواساتە ئەستێرەم نییە کە بریسکەی چاوە مەستەکانت بگریتە من. تەنها لەسەر زەوی نا، لە قوبەی ئاسمانیش بەو ئەشقەی تۆ، تاویێ خۆم بە شەماڵی هەناسەت فێنکدەمەوە، جارێکی دیش کە گەرمم دەکەیتەوە،

نێرگزە خانم!

شەختەی ئەمپەڕی دنیا و ئارەقی ڕەزی گۆنا ڕچێوەکانت، دەکەمە شەرابی ئەڤینم، وا مەست دەبم، مەستێک کە تەنگترین کەورگی گەرمیانەکەت و پەناترین کێڵی[29] باخەکانی هەورامان، لانەبێ بۆ هەردووکمان...

هێندە دەچمە دنیای ئەندیشە و ڕازەکانتەوە، دەروێشانە سورمەی چاوەکانت، بکەمە ئەو بەستەری گیانم، کە بووەتە پردێ، لەوەی هەجیج[30]، بە دارمێوی دەڤەری سیاچەمانان، منی کردوەتە بەرامەی هێلی ناو ئەو چایە خەستەی، تۆ جار جار، تا دەمی دەکێشا، چاوەڕێت دەکرد.

ئیدی من وا بەو جۆرە هۆگری ئەوینت بووم...

تۆ بزانە!

هەر ئێژی کات لەبەر ئێمە دڵی وێسیاوە لە ئاست ئەشقت، وەک ئاوێکی مەنگی لێهاتووە. ئاوێکی سازگار، تەنها ئاوینەی تۆ بداتەوە، تەنێ تۆ لە من دیاربێ و بەس، هاناوێک[31]، وەک لێوەکانی تۆ، یەکەم ماچی منی بەرکەوتبێ..ئیدی من وام،

---

[29] کێڵ: کۆگا، خانوی هاوینەی باخان

[30] هەجیج: گوندێکی هەورامانی تەخت

[31] هاناو: کانیاو

کام هۆنراوە بۆ ئەشقت ، ئاوازی ناوی تۆ تیابێ، دەیـکەمە سـفیدەی بەیانیـان و ئاوێتەی هەناسەکانتی دەکەم. کام پەپولە باڵنەخشین بێ، لەسەر کێلی ئارامگەکەت، دەیــکەمە پاســەوانی چرپەکانــت. کــام مۆســیقا بە جۆشــبێ، دەیــکەمە وەشــانی سەرچۆپیەکەت..

١٠ی سێپتەمبەر٢٠٢٠

**ئەمشەو لە خەوما**

-٥٥-

ئەمشەو لە خەوما لە وشکانییەک بووم، دەتوت لە بیابانەکەی عارەو گیرمخواردوە، هێندەی نەمابوو زمانم بە مەڵاشوومەوە بنووسێ...

ئەمرۆش بۆت دەنووسم، دەنووسم تـاکو لە گەڵ زێرینتـرین بەرگەگەڵای خەزانـی ئەم پاییزە ڕووتە، تەڕترین ماچت بدەمێ، تـا لەگەل شـەرمۆکەترین تاڵەگزنـگ، توندتر لە ئامێزت بگـرم، تـا پێکەنینەکانـت تێکەڵـێ ئـاوازی سـاتەکانی ڕۆژانـم بکەم...

من هەر دەنووسم و باڵندە کوێسانییەکانیش لەبیـر نـاکەم، کە ئەشـقی ئـێمە، بـۆ دەیـــان دەڤەری گیتـــی دەگـــوێزنەوە...کێ ئێـــژێ لە نووســـینی تـــۆی خانمەکەرکووکییەکەم دەبمەوە؟

من وای دەبینم
کە ژنێک کۆچی یەکجارەکەی دەکا، نیشتیمانێک دەمرێ، دەریایەک وشک دەبێ، هاژە نامێنێ، باهۆز دەخەوێ، هەتاو بۆ ئەنگوستە بە چۆک دادێ، شادی بەرامبەر پرسە هەڵدێ، تاقە وەرزێکی پڕگریاناوی دەمێنێ، ئاسمان داتەپێ...
بەڵێ! ژن نیشتیمانە، نیشتێمانێکی سەوز، کوانویەکی بە جۆش و تەلانی گوڵزاراوی ژیانە...
ئای خانمە کەرکووکییەکەم!

خەپۆڵەکەی ئاوارەییم، نیشتیمانەکەی ژینم...!
٢٧ سێپتەمبەری ٢٠٢٠

**خانمه کەرکووکییەکەم!**

-٥٦-

ئەو کاتەی بزەی لێوەکانت وەک گەڵای پاییز، بەختەوەرییان لەسەر گەردنی زەویی وڵاتی ئاواری دەپژاند، دەتوت ڕازت ئەوەسە، گەردی خەمی هەزاران ئاشقی دابڕاو بە یەکتر بگەێنێ...

ئای لە بزەی لێوەکانت، ئێژی دەمی ئەو هەنارانەی پاییزن، هێنـدە ڕوتـن بەرگەی ماچی ئاشقە ڕێبوارێکی وەک من ناگرن...

ئای لە گـوڵە ڕازیـانەکەی مـن! چـۆن خـۆی خزانـدوەتە موولولەکـانی خـوێنم و ساتەکانم

ئەمڕۆ، نیو ساڵم بە بێ تۆ تێپەڕی...
مـن لە پـایینی هەمـوو سـاتێکت، تێـر شـەماڵی هەناسـەت هەڵـدمژەم، شـەماڵێک هەڵکردنی، بەردەوام تاوسانی رۆژگارم فێنک بکاتەوە، دڵۆپە ئـاونگی ماچەکانـت بکاتە خۆشترین بەرامەی ئەوینم ..
ئای لەم کەویارەی من !
-یارە کەوێی کویسان و سرکە ئاسکی گەرمەسێری کەرکووکەکەم، هەردی کـاکی بە کاکی و باڵندەی باوەنوورەکەم! شیرنترین هیشـوە ترێـی دار مێـوی کۆسـەی هەجیجم[32]...
-کەویارێک، لێزمە ئەستێرەی ساماڵترین شەو ، لە بەر ئەشقی وێ بەسەر هۆبەی قەندیلیەکەمدا دادەباری.
-شـۆخەیارێک، لێوانلێـو لە تـریفە و تابـان و چـرپەی هەنگوینـاوی و بـزەی کازیوەم...

[32]کۆسەی هەجیجی هەورامانی تەخت

-کنایارێک[33] شازادەی یاری کانی ژنان و ئاوازی ئاشقانەی هەورامییانەمە، دەها چیرۆکی سیا چەمانە و هۆرەی بناری خاڵخاڵانمە، خوڕەی تافانی لاپاڵ و سەمای دەو شنەی مێرگی بەهارانی دەشتی سەبانمە، چاوی دەرە قووڵ* و بەفری دانار داناری شنروێکەمە...
ئای چەند مەلولتم گوڵەگەرمیانییەکەم !
چۆن فریا نەکەوتم لوتەوانەیەکی دەسکاری بانەت، وەک دیاری ساڵ بدەمێ ...
ئەمڕۆ، نیو ساڵم بە بێ تۆ تێپەڕی...

٣٠ی سێپتەمبەر
٢٠٢٠

[33]کنایار: کەنیشکە یار

**ئۆخەیچ کەنیلەکەی من !**

-٥٧-

چرۆی ئەرخەوانەکەی تافان و دڵی بەڕوەکانی قەرەداغەکەم! شانی دیاری شـرام و زاگرۆسەکەم، گوڵاوەچۆڕاوگەی بـن تـاوێری دارقەیتەرانـی تاقەکـانی قەنـدیلکەم، ئەگریچەبەڕەزای زنار و نزارەکەی هەناوم! هەناسەی گیانم هەر بە تۆوە ئـۆخەی دەکا! ئۆخەیچ، ئۆخەی
مێرگی دڵم!
ئای لەم پـاییزە جەسـتە ڕووتە، بـێ بەرگ وەک دڵە تاقـانەکەی مـن! هەر دەڵێـی ئەویش وەک تۆ، بۆ من، تەختی سـنگی بە ئالتونـاویترین گەڵا بـۆ ئەشـقەکەمان دەڕازێنێتەوە، دوا گوڵی ئەم وەرزە ڕاموس دەکا و پێش ئەوەی گەڵامێوە بەفرەکان کراسێکی بوکێنێ بۆ خاک بدورن، دوا ڕۆژگارەکانی ئەم ساڵە نەهاتە بەڕێدەکا...

ئەمڕۆش مۆمێکی دیم بۆ داگیرسـاندی، تـاکو هەناسـەت زوقمـی وڵاتـی شـەختە نەیڕچێنێ...ڕازیانەکەی دڵم!

٦ی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٠

----------

تافان: هاژەی ئاو بە تافەوە، هەورامییە، گەرکێکیشە لەهەورامان

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٥٨-

تەنها ئەنگوستەی شەوانی پاییز نا،
ساتە بێتۆییەکانیشم بە تاڵە گزنگێکی تریسکەی چاوەکانت ڕۆشن دەبنەوە.

ئای لەم خانمە کرمانەی من!
خانمی لێوگوڵی سووورە هەراڵەی[34] کوێسانەکانی هەورامانەکەم، خانمی گەردن شەوبۆی بەر شەونمی سەرشانی کێوی زەردەی دەربەندەکەم!
شکۆفەی گوڵە حاکمی بازیانەکەم!
خانمێک، جوانیی ئاوێتەی هەناسەی باباگوڕگوڕ بووە،
ئەگریچەی چوون پەلکە زیڕنە رۆژەکانی گەڵاریزان بەرووی ئاسماندا هەڵزنییوە،
ئای لەم گوڵچنینەی من، چۆن تەنها دەگەڕێمەوە سەر تۆ، گوڵە گەرمییانییەکەم،
گوڵە چوار وەرزەکەم!

کێ گوڵێ وای هەس، وەک ئەوەی من؟ گوڵێ شارێکی دێرین...
ئەمرۆشم بێ تۆ نیوە کرد، کوتە شیرنەکەی دڵم!
ئیرۆ گەرەکەمە بڵێم :
دوێرۆژێ لەگەڵ چرپە و ئاونگی ماچەکانت، ساڵێکی نوێم پڕکردەوە...

١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---

[34]هەراڵە: گوڵاڵە

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٥٩-

ئەمڕۆ لەبەر چاوەکانت، پاییزم دواند، کەوتـمە شـوێنپێی هەنگاوەکانـت، گەردنـی تولەڕێگەکان وا گەڵای ئاڵتونی داپۆشیبوون، ساتەکانی تۆ نەبایە، ون دەبووم..

ئەمڕۆ پاییزم دواند، ئەویش وەک من، لە تـاوی بـێ تـۆیی، هێنـدەی دی، بەرگـی خۆی دادڕیبوو، دەتوت کەنیلەیەکی جێماوی کەورگێکی گەرمیانەکەی مـن و تـۆیە، نەوەیەکی بیابان کراسکەی دڕاندوەو لاقەی کردوە...
ئای چەند خەماوییە، ئەم پاییزە بێ تۆییە!

دەزانی خانمە کەرکووکییەکەم!
جەستەی ڕووتی ئەمڕۆی پاییز وا کەوتبووە سارا:
دەمێ ڕەنگی ئاڵا بێنازەکەی کەرکووکەکەی هەردووکمانی لێ نیشتبوو،
دەمـێ وەک لێوەکانـت سـوورێکی هەنـارانەی بەرشـەونمی باخەکـانی بیـارەی دەبەخشییەوە،
ڕەنگێکی ئاڵێکی زێڕینیش لەوەی گۆناکانـت، ئەدی گەڵا سـپییەکانی بـۆ نـاڵێی؟ بەفری کۆساڵانی[35] سەرسام کردبوو .سەوزییێکی بەڕەزا گەردنیش لە لێواردا وەک تۆ، ماڵئاوایی لە من و لە دنیا دەکرد...
ئەوە پیاسەی ئەمڕۆی پاییزانەی من بوو،
پاییز وا ناز و خەمی ئاویتەکردبوون، خانمە کەرکووکییەکەم!
پاییزێ تابلۆییەکی تەواو نەکراوبوو...
من دەزانم ئەشقێ لە پاییزدا گزنگی دەرکەوێ، کاڵبوونەوەی ئاسان نییە...

١٣ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---

[35]کۆساڵان: کیوێکە لە هەورامان

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٠-

ئەم بەیانییە گزنگی خۆر، وەک تۆ بەشەرمەوە زوقمی شەوی کردوەتە مەی پـاییز و ئاویتەی گیانتی کردووە ...
وا منیش بە کاوەخۆ تێر بۆی هەناسەی هەردووکتان دەکەم، تۆ و پاییزی شـان و مل ڕووت...هەردووکتان بۆی گوڵەگەلاوێژی باخانی سان دەپژێنن...
پاییزێک کە لە جەستەیدا، تۆی بۆ من پەنا داوە، ئەرێ خۆ نەبوویتە بەشێکی لێی؟

ئای لەم وەرزە ئاڵتونییەی من !
ئێژی هیندەی دی تۆ بۆ من ئارایشت دەکا!
مەعین دەزانێ کەنیلەیەکی کەرکووکیت و چەنـدان سـاڵە، لە دڵـی مـن هەوارێکـت هەڵداوە، بۆران نییە هەڵیکەنێ...
زریان نییە تابلۆی چاوەڕەشەکانت، لە دیواری هەناومدا بلەقێنێ...

مەعین وایە!
هەتاو وەک تۆ، خۆی هاویشتۆتە دەریای دڵی پاییزەوە، پاییزێک کە وەک وەرزانی دی، بە قاقاکانی تۆ نەبێ، ناتوانێ ساتەکانی تێپەڕکا...
خانمێک تروسکەی دیدە مەستەکانی ئاوێتەی خۆربێ، هەرواش لە دڵی مندا، ئاوێنەی لە دەریای هەناومدا ڕۆشنایی خۆی دەپژێنێ...
ئەمرۆژەی پاییزیشت خۆش!

خانمەکەرکووکییەکەم! وا منیش هێدی بەگەڵاڕیزانی ئەو گەڵا ئاڵتونیانەی تۆ دەتویست بیانکەیتە کراسی ئێواران، ڕۆژگارم ڕەنگخۆشدەکەم...
ئای چەند بیردەکەم!
بزانە خانمە کەرکووکییەکەم !

چـۆن پـاییزیش لە تـۆ دەچـێ، چـۆن وەک تـۆ باوەشـی بە شـینایی ئاسـماندا کردوە....

وەی لە دووی دەردانی کچانی دەواران، چۆن بەدیار جریوەی ئەستیرانەوە ئەشـق دەلاوێننەوە، هەردەڵێی بۆ من و تۆ حەیرانی ئەوینێکی سەوز دەهۆننەوە...

هوبەی دەوارانێ ، یایایێ لە حەیرانێ، دەنگی کیژانی دەگاتا لوتکەی کۆسارانێ..,

ئەشکی حەیرانێ هەمووی لە من و تۆ دەچێ...

ئای لەم پاییزە بێ تۆیە!

ڕۆژێکی دی ڕوتی بێ تۆیی...

١٧ی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٠

**خانمەکەرکووکییەکەم!**

-٦١-

ئەوەی من دەینووسم، تەنها پرسە و خەم نییە :
وێنای جوانی ژینی من و تۆیە بە تابلۆی ساتە هاوبەشەکانمانەوە ڕەنگ کراوە ...
پیاسەی دارستان وتەماشای شەپۆلە بە نازەکانی وڵاتی شەختەیە..
هەڵکشانی منارە بەرزەکانی کۆشکە خنجلەکەمانە بەڕوی ئاسماندا...
درێژایی تەمەنی ڕۆخ دەریا و سەمای شەماڵی شەوانی پڕ ئەستێرەیە...
خۆرەئەگریچەی کلاوڕۆژنەی ژیانمانە، ژوانی ئاشقانی دی پێ گەرم دەکەینەوە...
ئاونگی ماچی کازیوەی ڕۆژەکانمانە، ئەنباری ژیانێکە، کەنداوێک جۆش و خرۆشی لە خۆ گرتووە.
زێواترین چەپکە گوڵی مێرگی مەزاری شادڕەوانانە،
بلێسە چراخانی شەوە ئەنگوستەکانە.

ئەوەی دەینووسم:
وێنای گیانی پیرۆزی تۆیە، خانمە کەرکووکییەکەم !
پردێکی پۆلایینی نێوان ئەوین و بەردەوامی ژیانە، ژینێکە، دێرین وەک ئاگرەکەی بابا گوڕگوڕ، بێوچان کڵپەی دێ و...
تریسکەی سورمەیی تێچاوی تۆیە...
سەربردەی هەزاران داستانی ئەشقی ونە...
ژیانەوەی ژیان و هەناسەی تریفەی کەمەری کۆسارانە...
مۆمی دڵکەی منە، لێناگەڕێ گوڵی کێلەکەت تاریکی سیاپۆشیکا...

٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

**تۆ سەیرکە خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٢-

لەم ڕۆژانەدا ئاسمانیش خۆی تێکەڵی ڕەنگەکانی پاییزی پێڵوەکانی تـۆ کردبـوو، جاخە چکۆڵەکەی ماکیاجەکەتی لێم فرانـدبوو و نەمزانـی، بە کـوێڕا و چـۆن ئەو جوانییە سیحراوییەی تۆی تێکەڵی هەورەکانی ئاوارەیی کردبوو!
ئێوارە درەنگـانێ، دواتەمەنـی ئەو ڕۆژە، ڕەنگـی کڵـپەی بابـاگوڕگوڕی گرتبـوو، پەمەییەک لەوەی گۆنا ناسکەکانت، دەمـێ سـوورمەیی دەنوانـد و کەمێـک شـین، شینێکی سازگار وەک یەکێ لە کانییەکانی هەورامـان، دەیویسـت ببێـتە بەرامـبەی ئاونگی ئەشقەکەمان، کەرەسەی ئەوینێکی دێرین...
ئیدی من وام، لەبیرت دیت وتم:
پێش ئەوەی ئەشقم وشک بێتەوە، دەم دەنێمە کانیاوی لێوەکانت و نـاهێڵم بـاخی پڕ نەمامی ساتەکانم سیس هەڵگەڕێن!
ئای لەم پاییزە چۆن لە نازداریی تۆ شەرم دایگرتووە و ڕوت و قوتە...

٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

**هێشتا پاییزە، خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٣-

ئەمەش پێڵوی چاوی تۆیە، خانمە کەرکووکییەکەم!
پـاییز، ئەم تابلۆیەشـی لە ڕەنگـی پێڵـوی چـاوە مەسـتەکانی تـۆوە وەرگرتـووە. خانمەکەرکووکییەکەم!
ڕەنگی، تێچاوێکی خەماوی گڕە دیـرینەکەی بابـا گوڕگـوڕ و هەناسـەی کانیـاوە ئەنفالکراوەکەی زەنبوور..
تۆ بزانە بەم ئێوارە تەمەن کورتەش
چۆن گەردوونیش،
خۆرنشینێکی حەمرینایانە، دەکاتە تەختی کراسـەکەت و بـاڵای ئـاوارەیی مـن و نیشتیمانیش لە بەرامەی گوڵاوی هەناسەت تژی دەکا..
ئیدی من واسەم:
تا بۆم بکرێ، دیدەوانێکی قولەکانت دەبم...!
پاسـەوانی خـانمێکی وەک تـۆم، تـا پـێکەوە چاومـان لە ئەنگوسـتەبێ، چلـۆن ئەستیرەکان، لە باوەش دەگرێتەوە...
دوێ شەوێ، مەزارەکەت چراخانێ بوو بۆ خۆی...
هەردووکمـان لەوێ، تەمێکـی تەنکـی پـاییز و ئـاونگە بـارانێکی بە نـاز تەڕی دەکردین...

١ی نۆڤەمبەر ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٤-

ئەمــڕۆش وتــم، چەنــد وشــەیەکی پــاییزانە لەســەر ئــارامگەگەت، بە شــەماڵی ســاتەکانمان، دەبــارێنم، وشــەگەلێک لە خــامەکەی مــنەوە بــۆ تــۆی خــانمە کەرکووکیەکەم:

تۆ بزانە!
لەوەتی جەستەت بــووەتە بەشــێک لە خــاکی نــامۆیی، دابــڕاو لە تەپەی دڵــی مــن، خەریــکە هەر چــوار وەرزی ســاڵم، جــوانی تــۆ دەپــژێنن، تــا کانیــاوی ژیــان و لووتکەی بەرزترین کۆش، سفیدەی چاوەکانی تۆی گوڵ دەگرن...
ئای لەو ئەنبارە ئەوینەی تۆ!
ئای لە گوڵنەمەکەی من!
گوڵئەستێرەی قەندیلەکەم!
لە دنکە کەرکووکییەی من و هەورامییەکەشم!
چۆن بریسکەی چاوەکانی، ئەنگوستەی ئەمپەڕی دونیا دەتارێنن!
چۆن نمەبارانی ئەم پاییزە بۆنی هەناسەی وێیان گرتووە!
نەمەکەم!
گەڵاکــان هێنــدە تۆیــان خۆشــگەرەکە، تــابلۆیەکی دێرینــی ئەویناوییــان بــۆ نەخشاندوین..
بەنازەوە لە لق و پۆپی دارەکانەوە خۆیان دەهاوێنە سەر ئارامگەکەت...
هێندە بە نەرمی دەنیشنەوە، لە کۆمەڵێ بولبولی باخی گشتی سلێمانیەکەم دەچــن، تا بەیان شادترین ئاواز بۆ هەردووکمان دەهۆننەوە...
ئەها هەمــان هەســت دەمگــرێ، ئەو ســاتە دێــتە پــێش چــاوم، کە پــێکەوە لەســەر سەکۆییەک دانیشتبووین و هەر ڕێبواری ئەو شــارە جــوانەم بــوو کە گەرمتــرین نیگایان تێدەگرتین!
دەیانگۆ: ئەم جووتە چەند بە ئارامی عەشق دەرخواردی یەکتر دەکەن...

لەبیرت دێ بە گوێتا چرپانم!
گوڵم !
هێندەی نەماگە پێکەوە بگەڕێینەوە نەک تەنها بۆ ناو چەمەنــی ئەم بــاخە، بەڵکــو بناری گۆیژەش، بە نێرگزە ساتی ئەوینمان ئاوەدان دەکەینەوە...
پێکەوە لە پەڵە هەورەکانی سەر پیرەمەگرون بڕوانین، تا خۆیان بۆ سەر گڵەزەردە و هەزار مێرد نەکشێنن، چاومان ناترووکێنن و لەوبەر باخەی دڵی شارەکەم جـوڵە نەکەین...
ئەمە ساتێکی پاییز بوو، گوڵنەرمین!
تاکو ساتێکی دی، سەربردەیەکی کەرکووکیانە، بە نزای پرتەقـاڵی، خۆرنشـیناوی ئێوارانی بانی مەقامت دەسپێرم!

٦ی نۆڤەمبەر...٢٠٢٠ سوێد

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٥-

هیشتا هەر خۆمانین، بەڵێ! من و تۆ،
کات هی خۆمانە، ئەدی وەرزەکان و ئاوازەکان؟
ئەی بۆ نەڵێم چرپەکان و بزوتی لێوە پڕ خەندەکانیشت؟
هەموو شتێک، لێوانلێوە لە ساتە زێڕینەکـانی هەردووکمـان، تەنـانەت ئۆکسـجینی کەمەر و گۆنا قوتەکانی زەویشمان ئەشقاوی کردوە....
جێ نییە تابلۆی ڕوخساری گوڵپەڕەی تۆ پیوە نەبیـنم، هێنـدەت دەبیـنم، تـوێژی ئەنگوستەش بە شەرمەوە ئێوارە لە بەردەم چراخانی جوانیتا هەڵدێ...
هێشتا هەر من و تۆین و تۆی و من!
ئاوێتە و ماوێتەی ئەوێنێکن، کام کەورگ پەنایە، لەو گەرمیانەی دڵت، کردگمـانەتە ژوان، کام قۆپی قەرەداغەکەم سەختە وداستانی دڵداری ئاوێزاندوە، ئـێمە لەوێـین، ئـێمە بـووینەتە ماسـییەکانی چەمـی دێـوانە و سـاڵانە چەنـد جـارێ لە قـوڵایی سیرواندا خانەمان چێ دەکەین...
خۆشم نازانم چۆن دڵم لە تای زوڵفت گیربـووە! هەردەڵێـی گـوڵە لاولاوی قەڵای کەرکووکەکەتە و بە ئاسمانی گیانمدا هەڵزنیوە!
ئای لە تۆی گـوڵە ژاڵەی بنگـوێی خاسـە، چـۆن بەم پـاییزە نـاوەختە، هێشـتا لە وەشتەپەڵەی دیدەکانم تێرئاو نەبووە؟
پەڵەیەک گوڵی گلکۆکەی تۆی کەرکووکیم هێندەی دی گەشکا....
هیشتا هەر خۆمانین، بەڵێ من و تۆ!
من هەردووکتانم هەس، خانمێکی کەرکووکی و نیشتیمانەکەشی..
ئای لەم دڵە نەزرەی من.!

١١ی نۆڤەمبەر ٢٠٢٠

**کرمان کرمانی نازی تۆ**
**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٦-

ئیدی من وام، کام ئەستێرە وێنای بریسکەی چاوەکـانی تـۆ بـداتەوە، تـا دیـدەم بڕستی تیا بێ، نیگای لێنابڕم، ئێ دەزانم چـی مەنگیـی کانیاوەکـان هەیە، ناگـاتە مەستانەی ئاوینەی چاوەکانی تۆ!
ناگاتە کرمان کرمانی نازی تۆ!
ئای لە خەپە کەرکووکییەکی من !
چلۆن هەموو هێڵەکانی ژیانی تەنیوم، چۆن بووگەتە بازی بێری داهاتووم ، نەک تەنێ، سەرە ڕێی مەڕان، ژینی داهاتووشم بۆ ڕووندەکاتەوە..

خانمە کەرکووکییەکەم!
دەزانی لەم وڵاتی شەختەیەدا، دەیان ساڵی دیش هەتاو سەهۆڵبەندانی ژوانـی ئەم پارچە خاکە نەکاتەوە، موە تینەکانی جەستەی تۆ بەردەوام گەرمم دەکەنەوە...

ئای لە خالەقی گەردوونی تۆ، هەر دەڵێی پەریسایەکی زەردەشتی بـۆم چێکـردوە، پەریسایەک بۆ پەرستگای دڵی مـن و ئەشـقێکی بـۆ مۆزەخـانەی ئەو ئاشـقانەی هێشتا لەسەرەتای وازی ئەشقن!
ئەمەش ڕێگایەکی تۆ و ئاسمانە شینەکەی هەناسەت... هەناسەیەک بە چڕە ڕەنگی شیناییدا هەڵزنیوە،،،

١٥نۆڤەمبەر ٢٠٢٠

**خانمه کەرکووکییەکەم!**

-٦٧-

پاییز فرمێسکی دەڕێژێ، نازانم بۆ ئەشقەکەی ئێمەیە یان مەرگی تۆ! دەڵێی کۆستێکی گەورەی کەوتووە و زەریایەک خەمی دڵدارانی وەک ئێمەی لە کۆڵناوە! دەڵێی لێزمەی خەم لە گەرویدا، وەک بنەوانێکی[36] بیارە، پەنگی خواردوەتە و شان و ملی ڕووتی هەورامانی پێ دەخوسێنێ، گەردنێکی بەهەشت لە ئاسمان گیرساوەتەوە...

خانمەکەم!
بزانە ئەم پاییزە، چۆن دوو دەڤەری بۆ ئەشقە دێرینەکەمان، باراناوی کردووە..
هەمان پاییز، ئیدی لە هەورامان بێ، یان ئاکاری شەختە، بارانێک، بەدووری مەزانە دەیان تەلانی دڵداری نوێ، لە کەرکووکەکەی تۆ و هەورامانەکەی من پڕ گوڵزار، بەم نزیکانە هەڵبەستێتەوە...
خانمە کەرکووکییەکەم.

١٧نۆڤەمبەر...٢٠٢٠

---

[36] بنەوانی ئاودێرکردنی باخ

**مۆمی ئەم ئێوارەیە**

-٦٨-

ئەم ئێوارە پڕ ئەستێرەیەش هاتمە سەر گڵکۆکەت، بۆ مەستی چاوەکانت مـۆمێکی تەمەنـدرێژم هەڵکـرد، مۆمێـک کە ڕۆشـنایی لە دیـدەت بچـێ و تینیشـی لە هـی جەستەت.

مۆمێکی دی، کە ئەنگوستەی سەر گڵکۆکەت شیتاڵ شیتاڵ بکا، مۆمێک ڕۆشـنایی لە ژوانـــی ئەو ژێـــر تریفـــانە بچـــێ، کە ماچابـــارانتم دەکـــرد و وەک هەلاڵەی دارگێلاسـەکانی شـاربازێر، شـەرمێت دەکـرد، دەتـوت خـونچە بـادەمی بنـارێکی هەورامانی...
ئای لە گەوهەرێی کەرکوکیی من! لە چـاوی خاسـە و گەڕەکـی تەپە، هەر دەڵێـی تەپەکانی دڵی منە!

ئای لە کناچە* کەرکووکییەی من!
چۆن ئەوینەکەی بووەتە وشەی کنالەیلی* دەم ئاشقانی ئەمـپەڕ و ئەوپەڕی دنیـا،
چۆن لە گڕی زێڕینی بابا گوڕگوڕ دەچێ !
چۆن قریوەکـانی منـدالانی دەو زێ، دلـبەر دەکـا! چـۆن ئـاوێتەی جـوانی گـوڵە هێرۆکانی جەباری و هەردەکانی گەرمییانەکەم بووە !...
چۆن بـووەتە گەلا ڕێواسـی خاڵخـالان و شـنەی کـۆیە و هـۆبەی ڕەشـماڵەکانی داڵەهۆ...

ئەم ئێوارەیەش، مۆمێک لەسەر گڵکۆکەت بەنازەوە، وەک نازت، دارەکـانی نزیـک مەزارەکەت دەخاتە سەما! پۆلە دارێک دەڵێی لە دار زەیتونەکانی عەفـرین دەچـن، چـوون داربەڕووی قۆپییەکـانی قەرەداغ و دۆڵەکـانی قەنـدیل دەنـوێنن، هـاتوون بزانن ئەم شۆخە، گوڵە بەرزەڵنگـی* کـام کۆسـاری هەورامـانە، وەنەوشـەی بـن دارگوێزی چ باخێکە و خاکی دووری بووەتە چارەنووسی!...

ئای چەن بیرت دەکەم!!!!!

٢٥ی نۆڤەمبەر ٢٠٢٠

................

کناچە: کچ بە هەورامی
گوڵەبەرزەڵنگ: گوڵێکی کۆسارەکانی هەورامانە

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٦٩-

کە من جوانیت لە هەموو وەرزەکان ببینم، ئیدی چیم دەوێ!
کە من بەردەوام مەیلی تۆم لێ بباریٚ، بەرچیـنەی سـاتەکانم لێوانلێـوٚبن لە مێـوەی بەختەوەریت، ئیدی چیم دەویٚ!
هەر دەڵێـــی ئەو وەرزانە و ڕۆژەکانیـــان، لە عەزرەت جوانیتـــا گرییەیـــان دیٚ، گریانێک، لەو گریانەی کە من و لالۆی کوڕمان دنیامان پیٚ تاسـان، لە گریـانەکەی تـاتەم بـۆ سـووتانی هەورامـان ، لەو فرمێسـکانەی کە هـێمن بـۆ موکریـان و نیشتیمانەکەی قازی دەیباراندن، لەوانەی جەنەڕاڵـی پـاییز بـۆ سلێمانی و ژیـان، لەوانەی وەلی دێوانە و ئەو دایـکە و بابـانەی کچـان و کوڕانیـان سـەنگەرەکانی خاکیان تەنیوە، لەوانەی کۆبانی و گرێ سپی، لەوانەی ئارێزی سنە و لاواندنەوەی زیرەک بۆ بۆکان، لەو فرمێسکە خوێناوییەی مـن تـۆ ئەو رۆژەی کەرکـووکەکەت ئەتـــک کـــرا، دوزەکەت ســـەربڕا، لە فرمێســـکی کەســـێکی کـــۆڵەواری بـــێ نیشتیمان...ڕژان..

من ئەمڕۆ تاقگەیەک هەرسـم* پێـیە، نـازانم کـام گـوڵزاری تەلانـی ئەشـقی تـۆ تینویەتی، تاکو بەسەریدا بیارێنم؟
کام کانی ژنانی کۆساران لێوبەبارە پڕئاوی کەمەوە!
کـام بـاخی گونـدێکی گەرمیـانەکەت چەنـد دڵـۆپێکی لەوانەی مـن گەرەکە بـۆ ژیانەوەی!

تۆ سەیرکە گوڵە کەرکووکییەکەم!
چۆن باوەشە تیشکی خۆری ئەم سەری دنیاش، بەم بەیانیە نسرمە، بەشەرمەوە، لە نێـو پێلـوی هەورە تەنکەکـانی ئەو ئاسـمانەدا، ڕوحـی تۆیـان تێـدا نەخشـاوە، جوانترین تابلۆیان بۆ من و لالۆکەمان کێشاوە!

ئەوە چ نیگارکێشـکە لە تـاو جوانیـت، ڕەنگەکـانی گیـانی منـی بە ئاسـمانی ئەم بەیانییەدا پژاندوە...
ئەم بەیانییە فراوان خەیلێ بیرمکردی، خانمە کەرکووکییەکەم!
ئەم بەیانیەش بە یادی تۆوە فریای هەڵهاتنی خۆرکەوتم...

٢٠نۆڤەمبەری ٢٠٢٠

....................

هەرسی: فرمێسک بە هەورامی

## خانمە کەرکووکییەکم!

-٧٠-

ئەمڕۆ لای من، لە دەڤەری سەهۆڵبەندان، بەفرێکی تەنک دارو بەردی داپۆشـییەوە، هێنـدە سـپییە، ئێـژی سـفیدەی لە چـاوە مەسـتەکانی تـۆ وەرگرتـووە. بەفرێـک گلکۆکەی تۆشی، وەک کراسە سپییەکەی دواجارت کە فریـای پۆشـینی نەکەوتـی، داپۆشییەوە.

دەزانی خانمە کەرکووکییەکەم!
ئەمڕۆ ٤ی دوانزەیە، سی و حەوت ساڵ بەر لە ئێستا سـاڵی ١٩٨٣ ، لەگەڵ دایەم ڕووم کردە شاخ، بۆ کۆسارانێک کەوتمەڕێ، لە کانەی چاوەکانی تۆ دەچوون. لە چواری حەوتی ١٩٩٣ دەچوو، کە دایەم وتی:
ئەمەش، واتە تۆ، کوتێکی دی نیشتیمانەکەت، ئاگاداری بە!
ئیدی لەو ڕۆژەوە شارپیشەکەی دی دڵم، کەوتە لای تۆ، تەلانێک، گـوڵزاری ژیـانی پێ بەخشیم...
ئەمڕۆشت خۆش، خانمە کەرکووکییەکەم!

بەرچینەی ئەشقم!

٤ی دیسەمبەری ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٧١-

ئازیزەکەم !
چ تابلۆیەکی ڕۆمانسی زێڕین بووین!
لەیەکدی تێر نەدەبووین، وشەی ئەشق نەبوو لە دەستمان بفڕێ و دەستەمۆی نەکەین !
چرکە نەبوو لە ماچدا نوقمی نەکەین، گزنگ نەمابوو خۆی پێمانەوە نەئالێنیێ...
دەتوت جووتە ئاشقی دەوارێکی قەندیلین و شنەو شەماڵ و ئاسمان و ڕێسمانیش هی مەیە...

هەندێ جار، ئیرەییمان بە دڵوازی خۆمان دەبرد،
تیلەچاو نەمابوو بە خۆمانەوە، هۆگری نەکەین، نیگا نەمابوو کە کڕنووش بۆ ساتەکانمان نەبا و لە بەردەم جوانیتا دانەوەرێ...
لێزمە نەمابوو، خرەی ئاوازەکەی نەکەینە گۆرانی( ئێمە گیانێکن لەدوو جەستەدا)*، دڵۆپە باران نەمابوو لە پەنجەرەی ماڵەکمانەوە نەیێتە خوارەوە و تێکەڵی ئاونگی هەناسەت نەوێ...

لە بیرتە !
دەتوت لە بن دەوارێکین و نمەگەلی شەوێکی خەرمانانی کێوانە، هەوارەکەمان گوڵاوپڕژینی گوڵزاران دەکرا! دەتوت لە ئاویسەری هەورامانین و کەوتوینەتە لاپاڵێک بە کەما و لۆ[37] داپۆشراوە و دنیای تەنێ هی خۆمانە.

ئازیزەکەم !
چ تابلۆیەکی ئەفسوناوی زێڕین بووین !

---

[37]کەما و لۆ: دوو گیای بۆنخۆشی کۆسارەکانی هەورامانن

تابلۆیەک تژی لە ئەوینی بێگەرد و...
وامدەزانی کەرکووکەکەت لە ئامێزی گەرمی مندایە و هیچ داڵێ، ناتوانێ زەفەری پێ بەرێ...
خانمە کەرکووکییەکەم!
چ شارپیشەیەکی ئەشقت لە گیانمدا ڕۆچووە؟
چوار وەرزەکەی ساڵیش بەشی ئەم ئەڤینەی تۆ ناکا...

٩ی دیسەمبەر ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٧٢-

ئەمڕۆ خۆم هەڵگرتبوو بۆ گریانێک، لە گریانی شنەی شەوانی بەهار بچێ، ببێتە ئاونگێک و دڵۆپە فرمێسکەکانم لەسەر گەڵای گوڵزاری بەردی گڵکۆکەت، هەناسەت تێر ئاوبکەن.

گریانێک ببێتە هەڵم و ئاوێتەی گەواڵە هەورەکانی ئاسمانی ئاوارەیی ببێ و ساتەکانت هێندەی دی سپی بنوێنن..

ئای لە خانمە کەرکووکییەکەی من!
چۆن دەیزانی گوڵچنی ڕەنگەکان کا و کراسێک هەڵبژێرێ، لە قوبەی سامالّی شینی سەر پیرەمەگرون بچێ، لە شینایی چاوی کچانی کۆیە و هەورامانی بچنێتەوە... چاکم لەبیرە، پێڵوی چاوەڕەشەکانت ڕەنگی مەخموری ئێوارانی زەردەشیان دەگرت...
هەردەڵێی ڕیشەی ئەم ئەوینەی تۆ، یەکەم ئەوینە و لە دنیای مندا، خەیلێ دێرینە....

فراوان بیرت دەکەم!

١٣ی دیسەمبەری ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٧٣-

ئەو کاتەی هەموو وەرزەکانت لە پێکەنین ڕەنگ دەکرد، ساڵ نەبوو شەوی یەڵدا لە لەنگەری خولانەوەی زەوی نەوەستێنی و ئەشقەکەمان پڕنەبێ لە خەونی پڕتەقاڵی، خەونگەلێک بوون ڕۆژانی ساڵ، بۆنی تۆیان بۆ من دەپژان...

خانمە کەرکووکییەکەم!
دەڵێی چەندان ساڵە خامەکەم تەنێ ناوی تۆ دەزانێ و پێناسەیەک تۆی تیا نەبێ، لەمێژە، لە فەرهەنگی بیرکردنەوەمدا سڕاوەتەوە..
تۆ لە میوەی ئەو هۆنراوانە دەچی:
-کە بوونەتە گۆرانی ئاشقان و گوڵەئەوین دەگرن...
-کە وشەکانی جوانترین ملوانکەی گەردنی کناچەکانی کۆساران دەهۆننەوە

من ئەنبارێکم:
لە وشەی تۆ، لە زەنگی هەناسەکانت، لە گوڵاوت، لە چرپەکانت، لە ڕۆیشتن و لەنجەت، لە باخچەکانی ژینت، لە ئاونگی ماچەکانت...
لە تۆ و کەرکووکەکەت و حەمرینەکەمان...
من دەبێ بە هەموو دنیا بڵێم :
من خانمێکی کەرکووکیم هەیە، لە چوار وەرزەی ساڵی وێدا دەژیم...

٢٠ی دیسەمبەر ٢

## پێڵۆی چاوی خانمەکەرکووکییەکەم

-٧٤-

ئەم ئێوارەیە ڕەنگی پێلوی ئاسمان، مەخمووریيەکی تۆخ بوو، لە مەخمـووریيەکەی چاوە مەستەکانی خانمە کەرکووکییەی من دەچوو...

ئەم ئێوارەیە، نیگای ئاسـمان و خـانمە کەرکـووکییەکەم، هێنـدە کەرکووکاویـاون کردم، دەتووت گڕە مۆرەکەی بابە گوڕگوڕە و هیلانەی ئەوینمان گەرم دەکاتەوە...

چ تابلۆیەکی جوانی دوا چرپەی گیانی پاییزە!...

هەردەڵێی خاکی گەرمەسـێرەکەیەتی و بەرامەی وەشـتێکی پەڵە دەپژێنـێ، ئەی لەم شەنگەی من؟

٢٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٠

**ساڵی نوێت پیرۆزبێ، خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٧٥-

ساڵ لە ساتێکی پڕئەوینی تۆ دەچوو، ئێ بۆیە پارساڵ نەیتوانی لەبەردەم خورپەیەکی ئەشقتدا دەست بەتەمەنی خۆیەوە بگرێ؟
ئەو ساڵە زوو چوو، دوانزە مانگەگەی بوو بە ژێر چرپەیەکی هەنگوینی لێوە شەونمییەکانتەوە.
تێپەڕی، وەک ئەو تێچاوانەی جار جارێ، بۆ گەرمکردنی دەستەملان، نەرم نەرم دەگرتە من.
ئەم ساڵ، ساڵێکی جوانەمەرگ بوو، نە سەیوانی سلێمانییەکەم گرتییە خۆ، نە خاکی وڵاتی شەختە تەرمەکەی ناشت، نە ڕۆژەکانی، نە دەمژمێر و چرکەکانی بەرگەی هەڵاوی بەرامبەی هەناسەی تۆیان گرت...
تەنها پارساڵ نا، ساڵەکانی دیش، لەبەردەم جوانیتا ڕۆڕۆیان بوو،
ئێ گەر وا نەبایە ٢٦ ساڵ و ٣٦٥ ڕۆژەکانیان، هەروا بە سانایی کۆتاتەمەن دەبوون؟
منیش نازانم ئەو ٢٦ ساڵەی ناو کۆشکەمان بۆ وا کورت دێتە پێش چاوەکانم!
لە دوورەوە، لەوڵاتی ئەشقی تۆی خانمی کەرکووکییدا، مەستم و خۆم و تۆین، خۆم و توێن و بووینەتە یەک وشەی دێرین...بەڵێ وەشەی(خۆم وتۆ)!
بەستەرێک لە دوێنێ و ئەمڕۆ داهاتوودا....
گوڵە ڕێحانەی کەمەری کۆسارەکانی هەورامانەکەم!
دەزانی کەنیشکە سرکەکەی گەرمیان!
ئەمڕۆ هەورەکانی سەر لوتکەکانی قەندیل، لە سەرپۆشە سپییەکەی دایکم دەچن، سەرپۆشێک، کە هەموو جارێ لە کێوان سەردانی دەکردم، یەک یەک پێشمەرگەکانی ماچ دەکرد، لەگەڵ پرچە سپییەکەی یەک ڕەنگیان دەنواند، سەرپۆشێک لەگەڵ ئەگریچەکانیدا، بەسەر شان و ملیدا، دەتوت مێرگی گوڵە حاکمە و پاسەوانیی هەناسەکانی دەکا.

سەرپۆشێکی وا، جارێک لە جاران لە زاڵگەی بانی مەقامی کەرکووکەکەت،
خانمەکەم! چەتەکانی بیابان دایاندڕێ.
ئەو ڕۆژەی تۆی گەیاندە من و ئیدی، هیچ هێزێک نەیتوانی تۆ و شارەکەت لە
ئامێزی من بترازێنێ...
ئەمە وشەدانی شین و گریە نییە، بەرچنەی ساتەکانی ئەمساڵە، کە چەند
دەمژمێرێک هەناسەی ماوە، ساڵێک گەر تۆی تیانەبا، دزێو و تاڵە..
ساڵی نوێت پیرۆز، گوڵە هەڵوەریوەکەی کەرکووکی کۆتکراو!
من دەزانم هەوری ئەم کوردستانە نییە، ئاونگی هەناسەی تۆی ئاوێتە نەبووبێ،
ئەدی بۆ وەشتی بارانەکانی بۆی فرمێسکەکانی تۆ دەدا؟
وا پێکەوە لەگەڵ (لالۆ)ی کوڕمان، لەسەر مەزارەکەتین و مۆمدانەکەت چراخانێکە
بۆ خۆی...
٣١ی دیسەمبەری ٢٠٢٠

**خانمە کەرکووکییەکەم!**

-٧٦-

دوێ ئێوارە، هەتاو پێش ئاوابوونی، ڕەنگی کراسە هەرمێییەکەتی دەنەخشاند، فرە ڕەنگێ، دەتوت وێنای ساتە زێڕینەکانت لە ئاسمانێ، بۆ پۆلە ئاشقانی ساڵی نوێ، بە دیواری دڵییەوە هەڵدەواسێ...

لە تابلۆیەکی وادا، ڕچین و شەختە کوا بەرگەی تینی ئەوین دەگرێ!

١٦ی جە نیوەری ٢٠٢١

**بێ کۆتایی تۆ هی منی!**

-٧٧-

هەموو ساتێ لە بان بەرزترین لووتکە، لەوەی بـانی مەقـامی بەر سـیرەی دیـدەی بابـاگوڕگوڕ، بـاڵی ئـاواتم لەنـگەر دەگـرێ و بەو شـارەی چاوەکـانی تـۆ( کەرکووکەکەت) پانتـایی ئەو دەڤەرە پەی دەکەم کە بـۆی هەناسـەتی تێـدا پـژاوە! فرەئاقارێکی خاک منەدەکەم و تابگمە کۆبانێ خەمەکانت، لەسەر چڵە زەیتـونێکی ئەفرین نەبێ، نانیشمەوە...

من، دەبمە هەمان منداڵە هارەکەی گەڕەکی مامۆستایانی سلێمانی و هێندەی دی، لە بن بەلاڵووکی ئەو ئەزمەڕەی بـووە دوا ئـارامگەی نەجمەدیـن مەلا ، منـیش وەک مەولەوی، وەرزێکی دی لێوانلێو لە باڵەوشەی ئەوین، بۆتۆی حەبیبە کەرکووکییەکم، بەسەر دۆڵەکانی شارباژێردا دەبارێنم .

دەمێکی دیش بە گوێی گەلاوێژی لێوار کەڵەکی باخەکانی هەورامانـدا دەچـرپێنم، گوڵی منیش لێرەیە...

دواجاریش، وەک هەموو کەڕەتێ، گلکۆکەت دەکەمەوە پەرستگای نزاکانم ، خـانمە کەرکووکییەکەم!

بێ کۆتایی هی منی، خانمە گوڵەکەم!

٢٠ی جەنیوەری ٢٠٢١

**ناسنامه**

-٧٨-

چاوێکی مەست: پەروەردەی بەرەزای* پایینی بەفراوانی کۆسارانی لهۆن...
باڵای: گەرمێنیی ، هەڵکەوتەی هەردە کاکی بەکاکییەکانی کەرکووک و تینی گڕی باباگوڕگوڕ...
دڵی: کەژاڵێکی گەریلای کۆبانێ و سرکە یارێکی بن زەیتونەکانی عەفرین...
ڕەوتی: ئاسکێکی ئارێز و فریشتەیەکی زرێباری مەریوان
بەشیکی دیشی لە ئامەد و گەڤەر...
تا دەڤەری ((ئیلام)) و ((کۆچان))یش ناوی دەبیستم
ئیدی زێنەکەی من واسەیە:
ڕیحانەکەی ژینم ، بە تاتای ئەگریچەکانی، دڵی من و خاکی بە خۆیەوە گرێداوە..
ئیدی کێ هەس ئەو کەنیلە هەورامییەی ئەوینم نەناسێ،

خانمێک گوڵە هێرۆی کەرکووک بوو، ژنێک دڵی گەرمیان و چاوی ڕەشەرێحانەی هەورامان بوو

٢٩ جەنیوەری ٢٠٢١ سوێد

**پاشوشە**

مـرۆڤ چیـیە و پێناسـەی چیـیە؟ مرۆڤەکـان ئـاوینەی یەکتـرن و لە یەکدیـدا خۆیـان دەدۆزنەوە. تـۆ بـزانە و لە خـۆت پرسـیوە بـۆ وا باوەشـت بە ژیانـدا کـردوە، هەر چەنـد بەرگەی مردنێکـی ناوەخـت نـاگری. مەرگێـک کە خۆشـت نـــازانی کەی بەرۆکـــت دەگـــرێ و بگـــرە گەر ســـامانداریش بـــی، فریـــات ناکەوێ...

ئەو دوو مـــرۆڤەی کە پـــردی ئەویـــن پـــێکەوە گرێیـــان دەدا، تـــا ئەو ســـاتەی هەردووکیـــان دەژیـــن، ئەو پـــردە، وزەی بەخشـــینی بەســـتەری گیـــانی نێوانیـــانە و ڕۆژانە هەردووکیـــــــــان، دەپـــــــــارێزێ، و داهێنـــــــــان دەکەن، لەبەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کاران.

ئەو مرۆڤـــانەی کە بەردەوام هەوڵـــی دروســـتکردنی ئەو بەســـتەرە گیـــانییە، لە نێـــوان خۆیـــان و تاکەکەیـــان، هاوڕێکانیـــان، هاوژینەکانیـــان دەدەن، ئەوەش لە ڕێـــگەی چێکـــردن و دۆزیـــنەوەی خـــاڵی ژیـــانی هـــاوبەش، لە هاوکێشـــەیەکی یەکسـانداـ کە کەسـیان سەردەسـت نەبـێ و بـن دەسـت، ئەو چەشـنە مرۆڤـانە، مرۆڤـی سـەرکەوتوون و لە کـایە کـۆمەڵایەتیە گشـتییەکانیش دەبـنە جـێگەی سـەرنج و خۆشەویسـتی، بگـرە دەبـنە باشـتر ئەنـدازیاری هەڵخسـتن و دروســتکردنی کۆشــکەکەیان، کۆشــکێکی کە فەرهەنــگ و ئەنبــاری دنیــایەک ئاوات و ئامانجی کورت و درێژ خایەن بێ.

**هەژمونی بەرکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان**

تـــاکو بەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکـــان، بە تـــایبەتی لە پرۆســـەی دروســـتکردنی هاوژینیـــدا، نزیـــک بـــن، بێگومـــان بە لە دەســـتدانی یەکـــێ لە هاوژینەکـــان،

هەڵســانەوە بــۆ ئەوی دییــان ســەخت دەبــێ، بەڵام پێویســتە ژیــان بەردەوام بێ و  قەتیس نەبێ.

مــن پێمــوایە لەبەر ئەوەی لە کــۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیــی و بابســالارەکاندا وشــەی ئەویــــن و هـــاوژین بە شـــەرمەوە بـــاس دەکـــرێ، بگـــرە ێپوەنـــدییەکان داپۆشــراون و بــێ باســـن، دەبێــتە خەوشــێکی گەورە گەر یەکــێ ناســۆری خـــۆی دەربـــڕێ. مـــن دەربڕینـــی ناســـۆر و خەم بە ڕمکێکـــی سروشـــتی مرۆڤەکـان دەبیـنم، بەڵکـو کـاردانەوەیەکی دەروونــی- بـایۆلۆژی سروشـتییە و دەربڕی یەکێک لە هەستە گرنگەکانی ئینسانە، دەبی ڕوبدات...

بەڵێ!

ئــێمە پــایەی کۆشـــکەکەمان بە هەمـــان خشـــتی کـــاڵی قەڵای کەرکـــووکی خـــــانمەکەم هەڵبەســــت، تەلان و شــــوارەکانیمان بە جــــوانترین گـــــوڵی کۆسـارەکانی هەورامـان رازانـدەوە، هەر بـۆیەش تـا ئەمـڕۆ ئەو کۆشـکەمان لە کۆشـــکی خوشەویســـتی هنـــدی دەچـــێ، کۆشـــکێک خشـــتەکانی ڕەنگـــی چۆڕاوگەی ئەو ئەوینە بێگەردی شاهانەیە...

مـــرۆڤ بـــوونەوەرێکی هوشـــمەندەوە بـــۆ بەردەوامبـــوونی ئەو هوشـــیارییە، دەبێ بەردەوام پێداچوونەوە، بە ژیانی پێشتر و ڕۆژانەی بکا.

ئاسۆ بیارەیی

٢٠٢٠-١٢-٣١

## پرۆفایلی من: ئاسۆ بیارەیی



- ❖ شوێنی لە دایک بوون: گەڕەکی مەڵکەندی، سلێمانی١٩٦٣
- ❖ خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی. لە ١٩٨٣ تا پایزی ١٩٩٠ پێشمەرگە و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وڵاتی سوێد تەواو کردووە
- ❖ ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوێد

**بەرهەم:**

- ❖ کۆمەڵێک هۆنراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند ڕاپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسیی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- ❖ کەیسی زمانی یەککگرتوو. دید و بۆچون .کوردی
- ❖ ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تێزی زانستی بەزمانی سوێدی
- ❖ پەروەردەی پێچەوانە، تیزی(ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ❖ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.
- ❖ گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە

- سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٠
- لەنێوان بێ ڕەنگی و نەبووبی هەستی نەتەوایەتی نیشتیمانیدا ٢٠١١
- کاریگەری ئەنفال لەسەر ژنان و کچانی کورد. چاپخانەی مەتین لە سلیمانی ٢٠١٣
- یاداشتەکانی خامەی پێشمەرگەیەک ١٩٨٦ -١٩٩٠ چاپی یەکەم. ٢٠١٤ چاپخانەی رەنج
- ئاوارەکانی بناری چیای ئەودیو. ١٩٨٣-١٩٩٢ چاپی یەکەم چاپخانەی کارۆ، سلێمانی باشووری کوردستان.
- لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا. ٢٠١٦ چاپخانەی کارۆ، سلێمانی باشووری کوردستان
- گۆڕانێک پێش گوڵکردنی ٢٠١٦ چاپی سوێد
- هەگبەیەکی کۆساران، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٨ یادەوەری. باشووری کوردستان
- هەسارەکانی یادەوەریم، ٢٠١٩ چاپخانەی کارۆ